هاوکاری

ئەندامی ئیتیحادی نووسەرانی عیراق

نرخی ٢٠ فلسە — تەلەفۆن – ٢٠٣٦٥ –

ژمارە « ١١٨ » — ٢٧ی مایسی ١٩٧٢

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی یە لە «دار الجماهیر» دەردەچێ

گرنگترین هەواڵ

سەرەك كۆمار پیرۆزبایی لە سەرەك تیتو ئەكات

سەرۆك احمد حسن بكر ئەم بروسكە پیرۆزباییەی بۆ مارشال جۆزێف بروز تیتو سەرۆكماری یوگۆسلافیای فیدرالی ناردوە بە بونەی جەژنی لەدایك بونیەوە.

مارشال جۆزێف بروز تیتو سەرۆكماری یوگۆسلافیای فیدرالی – بلگراد :

پێخۆشحالم كە بە بۆنەی بیرەوەری هەشتا ساڵەی لەدایك بونتانەوە جوانترین پیرۆزبایتان لێ بكەم هیوادارم كە هەرتەندروستی دارین و گەلی یوگوسلافیای دۆست بەردەوام لە پێشكەوتندا بێت .

احمد حسن بكر

سەرۆكماری عێراق

جەنگی فراوانی گەلانی هیندی چین بەهەڕەشە و فڕوفێڵی نیكسۆن ناكوژێتەوە

دەستخستنەوەی مافە زەوتكراوەكانی نەوت سەربەخۆیی سیاسی عێراق ئەبارێنێت

ئازادی خوازانی عەرەب و دنیا پشتیوانی گەلی عێراق ئەكەن

هەڵوێستەكەی ئەم دواییەی عێراق دەربارەی كومپانیاكانی نەوتی بێگانە دەنگێكی گەورەی داوەتەوە . وە ئازادیخوازانی عەرەب و دنیا پشتیوانی گەلی عێراق ئەكەن دژی سیاسەتی كۆمپانیا ئیحتیكاریەكان . كاك عبدالعزیز حسین وەزیری دەولەتی كوێت وتویە : حكومەتەكەی پشتگیری عێراق ئەكات دژی كۆمپانیاكانی بێگانە ، وە پێویستە رێكخراوی ئۆپیك لایەنی عێراق بگرێت لەم مەسەلەیەدا .

وە رۆژنامەی روزالیوسفی قاهیرەیی وتویە : بریارەكەی حكومەتی عێراق كە بەتوندی كومپانیەكانی نەوتی ئاگادار كردوە سەرەتای جەنگێكی لابەلاكردنە لەگەڵ سەرمایەدارەكانی روژئاوادا .

وە پێویستە هەموو هێزە نیشتمانیەكانی عێراق و عەرەب و دنیا پشتی یەكتری بگرن بۆ سەركوت كردنی ئیحتكارە جیهانیەكان .

لەلایەكی تریشەوە روژنامەی (١٤ی اكتوبر) كە لە مەدەن دەرئەچێ ستایشی هەڵوێستەكەی عێراقی كردوە و وتویە :- كۆمپانیاكان كە بەرهەمی نەوتیان كەم كردۆتەوە ویستویانە كۆسپ بخەنە سەر رێگای عێراق بۆ ئەوەی نەتوانێ ئەرك و فرمانەكانی بەتەواوی بەدی بهێنێ وە گومانی تێدانیە كە ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش لەعێراق سورە لەسەر هەڵوێستی خۆی بۆ خزمەتی بەرژەوەندی گەلی عێراق و ئەتەوەی عەرەب .

نوینەرانی سەرۆك بەكر بۆ لای سەرۆك و مەلیكەكانی عەرەب

ئاژانسی دەنگوباسی عێراق زانیویەتی كە سەرۆك احمد حسن بەكر چەند نوێنەرێكی ناردوە بۆلای سەرۆك و مەلیكەكانی عەرەب بۆ رون كردنەوەی هەڵوێستی عێراق دەربارەی كۆمپانیاكانی نەوتی بێگانە وە رۆژی چوارشەممەی رابوردو بۆ ئەم مەبەستە دكتۆر سعدون حمادی وەزیری نەوت بەرەو دمشق و بیروت كەوتبۆ رێ و كاك حمادی بە ئاژانسی دەنگوباسی عێراقی وتبو كە نامەیەكی سەروك بەكری پێیە بۆ حافظ الاسد سەروكی سوریا . وە لە سەردانەكەیدا هەڵوێستی عێراق بۆ كاربەدەستانی سوریا رون ئەكاتەوە .

وە بۆ هەمان مەبەست رۆژی پێنج شەممەی رابوردو كاك انور عبدالقادر وەزیری ئیش و كاروباری كۆمەڵایەتی چوە بۆ كوێت و دكتۆر عزت مصطفی ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش و وەزیری تەندروستی چوە بۆ قاهرە و كاك صالح الیوسفی وەزیری دەولەت بۆ تونس و دكتۆر احمد عبدالستار الجواری وەزیری پەروەردە بۆ رباط و كاك احسان شێرزاد وەزیری شارەوانی بۆ بحرین و دكتۆر هشام الشاوی وەزیری خوێندنی بەرزو لێكۆڵینەوەی زانستی بۆ ابو ظبی .

ئاەدع

بەگژاچونی پیلانی كومپانیەكانی بێگانە خەباتێكی پیرۆزی سەركەوتوانەیە

لە كەم كردنەوەی بەرهەمی نەوت و وتوێژی نیوان نوێنەرانی عێراق و نوێنەرانی كومپانیاكانی نەوت زۆر چاك ئەوە رون ئەبێتەوە كە كومپانیاكانی نەوت بە نیازێكی خراپی ناحەزانەو بەپێی پیلانێكی نەخشەكێشراو ئەم هەڵوێستەیان گرتۆتە بەر .

لەسەرەتاوە كومپانیاكان مەسەلەكە بە شێوەیەك ئەخەنە روو كە گوایە زەرەرمەندو زۆر لێكراوەو تەنیا ئاواتیان ئەوەیە بەشێك لەوزەرەرو زیانەی لێیان كەوتوە پڕی بكەنەوە .

بەڵام لە داواكاریەكانی كومپانیەكانی نەوت و كەم كردنەوەی بەرهەمی نەوت و هەڵوێستەكانیاندا بە باشی دەرئەكەوێت كە جگەلە نیازی ئابوری و تەماعكاری و ئارەزوی بەتاڵان بردنی نەوتی عێراق نیازێكی لەوە گەورەتر و گرنگتریان هەیە دەربارەی عێراق و گەلی عێراق كە ئەمەش دەست خستنە كاروباری ناوخۆی وڵاتو تێكدانی سەربەخۆیی و تواناو دەسەڵاتی سیاسی حكومەتی عیراقە . نیازی هەرە گرنگی ئەم كومپانیانەكە لەلایەن دەوڵەتە ئیمپریالیستە رۆژئاواییەكانەوە هاندراون ئەوەیە كە مافی دانانی یاسای زمارە(٨٠)ی نەوتی ساڵی ١٩٦١ بەهەر رێگایەك بێت لەدەست حكومەتی عیراق وەرگرنەوەو بە فڕوفێڵ و هەرەشەو گۆڕەشە ناوەرۆكی ئەو یاسایە پوچەڵ بكەنەوە و سەرلەنوێ بۆ ماوەی ٢٠ ساڵی تر سامانی نەوتی عیراق بگرنەوە دەست و شادەماری ئابوری وڵات بخەنەوە ژێر دەستی خۆیان .

هەروەكو ئاشكرایە سەربەخۆیی سیاسی و سەربەخۆیی ئابوری بەهیچ شێوەیەك لە یەكتری جیا ناكرێتەوەو سەربەخۆیی هەردوكیان توندو تۆڵ بە یەكتریەوە بەستراون ، كەلبون و كەلێن خستنە یەكیانەوە ، كەل كردن و كەلێن خستنە ئەوی تریانەوەیە ، بۆیەكە ئەم كومپانیانە سورن لەسەر هەڵوەشاندنەوەی یاسای ژمارە (٨٠)ی نەوتی ساڵی ١٩٦١ بەناوی زەرەر بژاردنەوە راستەوخۆ نیازی ئەوەیان هەیە دەسەڵاتی سیاسی و هەقی خاوەن مولكێتی عیراق لە دەست حكومەت و گەلی عیراق دەركەن و جارێكی تر عیراق بە پاشكۆی دەوڵەتە ئیمپریالیستەكانی رۆژئاوا وەبەستنەوە . لەبەر ئەوە ئەم شەڕەی نیوان حكومەتی عیراق و كومپانیاكانی نەوت بریتیە لە شەڕی نیوان هەمو گەلی عیراق بە كوردو عەرەب و هەمو هێزە نیشتمانی و پێشكەوتن خوازەكانیەوە لەگەڵ دەوڵەتە ئیمپریالیستە چاو برسیە خوێنمژەكاندا . كە ئەم شەڕەش چارەنوسی سیاسی و ئابوری عیراق بۆ ماوەیەكی دورو درێژ دەست نیشان ئەكات ، بۆیە پێویستە هەمو لایەكی دلسۆز بەتایبەتی رەنجبەرانی كوردو عەرەب كە خاوەنی بەرژەوەندی راستەقینەی دەسكەوتە نیشتمانی و پێشكەوتوەكانی عیراقن ئەم شەڕە بە شەڕێكی پیرۆز بزانن و چاكی خەباتی شۆڕشگیرانەی لێ بكەن بەلادا تا سەركەوتنی تەواو بەدەست دێنین . چونكە سەركەوتن لەم رێگایەدا ئەمانگەیەنێتە سەركەوتنی زیاتر و هەمو هێزە كونەپەرستەكانی ناوچەكەو نۆكەرە ئەلقە لە گوێ كانی ئیمپریالیزم ئەتۆقێنێتو چاوترسێنیان ئەكات بەشێوەیەك كە جارێكی تر پیلان و نەخشەی دوژمنانە بە ئاسانی نەكێشن دژی گەلی عیراق . بەپێچەوانەی ئەمەوە سەركەوتنی دوژمنان رێگاخۆشكەر ئەبێت بۆ دەستدرێژی لەمە گەورەتر جگە لەوەی هەر سەربەخۆیی سیاسی وڵاتەكەمان ئەكەوێتە مەترسی لەناو چونەوە سەربەخۆیی ئابوریش پێشێل ئەبێت . ئەوی راست بێت ئەو هەستە نیشتمان پەروەریانەی لەهەمو لایەكی وڵاتا دەركەوتوەو ئەو ئامادەبون و لەخۆ بوردنەی لە

بروانە : ل ٧

ئارەزایی پەرە ئەسێنێ دژی سیاسەتی نیكسۆن

بەهەزاران كەس لە شاری سان خوسێ ئارەزاییان دەربڕیوە دژی سیاسەتە دوژمنانەكەی ئیمپریالیزمی ئەمەریكا . وە لە كۆبونەوەیەكی فراوانی كۆمەڵانی خەڵكدا كە لە ٢٢–٥ لەشاری سان خۆسێ لەژێر دروشمی (كۆتای هێنان بەجەنگی رەگەزایەتی و توندی پولیسا) بەسترا . داوایان كردوە كە ئەو حوكمە نارەوایەی بەسەر خاتۆ ئەنجیلا دیڤیسا دراوە هەڵبوەشێنرێتەوەو بە دەستوبردی هێزەكانی ئەمەریكا لە خواروی رۆژهەڵاتی ئاسیا بكشێنرێنەوەو پشتگیری پێشنیازە حەوت خالەكەی حكومەتی وەختی شورشگیری ڤیتنامی خوارو بكرێ لەم كوبونەوەیەشا نوینەرانی (٥٠) نەقابەو رێكخراوو ئاشتی خوازانی تیا بەشداز بون :

سان خۆسێ : ئەدن

كۆماری سری لانكە

كۆلۆمبو : ئەدن

رۆژی دووشەممەی رابورد دەوڵەتی سیلان بەرەسمی ناونرا كوماری سری لانكەی سوشیالستی . وە ولیام گوبالاوا دانرا بە یەكەم سەركوماروو خاتو سیریمافو باندرانایكە بە سەرەك وەزیران .

دوورگەی سیلان نزیكەی ٤٠٠ ساڵ لەژێر حوكمی ئیمپریالیزمی پورتوگال و هۆڵەندەو ئینگلیزدا بوە وە لە چواری شوباتی ١٩٤٨دا كوتایی بە حوكمی ئینگلیز هاتوە وە لە ٢٢ی ئایاری ١٩٧٢دا بو بە كوماری سری لانكەی سوشیالست .

سەردانەكەی نیكسۆن لە یەكێتی سۆڤیەت

ریچارد نیكسونی سەرۆكی ئەمەریكا رۆژی ٢١–٥ گەیشتە شاری سالزبورگ لەنەمسا لەرێگایا بەرەو یەكێتی سۆڤییەت .

سەرۆكی ئەمەریكا لەم سەردانەیا كە حەوت رۆژ ئەخایەنێ لەگەڵ كاربەدەستانی سۆڤییەتدا باسی گیروگرفتی خواروی رۆژهەڵاتی ئاسیا و رۆژهەڵاتی ناوەراست و دانانی رادەیەك بۆ چەكی ستراتیژی و ئاسایی ئەوروپا ئەكات سەرەرای پەیوەندی دووقۆڵی مۆسكۆو واشنتۆن . وە رۆژی دوو شەممەی رابوردو سەرۆكی ئەمەریكا لەفرۆكەخانەی فنوكوفو لە موسكو لەلایەن پودگورنی و ئەلیكسی گوسیگینەوە پێشوازی كراوە .

نیكسون لەم سەردانەیا ولیم روجرزی وەزیری دەرەوەو هنری كسینگری راوێژكاری كاروباری ئاسایشی نەتەوایەتی لەگەڵیە .

رۆژی سێشەممە نیكسون و لیونید بریجنیف سكرتێری گشتی كومیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی سۆڤییەتی و نیكۆلای پودگورنی سەرۆكی لیژنەی سەروكایەتی ئەنجومەنی بەرزی سۆڤییەت و ئەلیكسی كوسیگن سەرەك وەزیران و [illegible]ری گیرومیكو وەزیری دەرەوەو ئەناتولی دوبرینین بالیوزی یەكێتی سۆڤییەت لە واشنتون بەشداربون لایەنی ئەمەریكاش پێنج هاتوە لە سەروك نیكسون و ولیام روجرزی وەزیری دەرەوەو هنری كسینگری راوێژكاری كاروباری ئاشتی نەتەوایەتی نیكسون .

٢٣–٥ ئاژانسەكان

دەزگا جاسوسیەكانی ئیسرائیل چ دەورێكی تێكدەرانیان هەیە !

گۆڤاری (ماتسبین)ی سەهیونی كەمانگی جارێك لەتەل ئەبیب دەرئەچێت لە ژمارەی ئەم جارەیدا نوسیویەتی داوو دەزگا جاسوسیەكانیان جا چ لە ناوئیرانا یان لەوڵاتانی ئەوروپادا . وە ئیسرائیل چەكێكی تایبەتی ئەدات [illegible] پاسەوانانی بارەگای [illegible]

گۆڤارەكە لەكوتاییدا [illegible] لەوەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیلدا لقێكی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە هەیەو بەكۆڤۆنیل دروس سپیردراوە وەئەم لقە دەورێكی كاریگەری گێڕاوە لەبەگژاچونی بزوتنەوە پێشكەوتن خوازەكانی ئەفەریقاو ئاسیاو ئەمەریكای لاتینداو .

گۆڤاری (ماتسبین) لەنوسینەكەیدا وتویە : دەزگا جاسوسیەكانی ئیسرائیل یارمەتی كاربەدەستانی شا ئەدەن بۆ ئازاردانی ئازادیخوازانی ئیران و ئاشكراكردنی رێكخراوە نیشتمانیەكانیان جا چ لە ئەوروپا [illegible] ئەكەن كە دوژمنی هیللەتەكانیانن وە یارمەتیان ئەدەن بو كوژاندنەوەی ئەو بزوتنەوە میللیانەی دژی ئەم رژێمانەن

[illegible] نیكسونی سەروكی ئەمەریكا كوشكی سپی بە روژنامەنوسانی وتبو كە [illegible] ئەكات بەو شیوەیەی كە ئیران دوستێكی دلسوزی ئەمەریكایەو چەندین پەیوەندی بەتین بەیەكیانەوە ئەبەستێتەوە .

بویە نیكسون ئەوانی تو[illegible] سەردانەكەی مۆسكو سێ بیخۆ ، بریكیا ، یۆنان ، ئیتالیا ، لەتارازە ئەدات .

بەیاننامەی حكومەتی كۆماری گەلی چین ١١ی مایسی ١٩٧٢

لە ٨ی مایسی ١٩٧٢ دا نیكسونی سەروكی ئەمەریكا فەرمانێكی هارانەی دەركرد بۆ چاندنی لەغم لەبەندەرەكانی كۆماری دیموكراتی ڤیتنامو بەستنی رێگا ئاوی و زەمینیەكانی سەروی ڤیتنامو بەتین كردنی هێرشە دەریایی و ئاسمانیەكان . ئەمە هەنگاوێكی ترسناكی تری نویە كە وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمەریكا ئەینی لە فراوان كردنی جەنگە دوژمنانەكەیدا دژی ڤیتنام .

ئیمپریالیزمی ئەمەریكا بەم كارە جەنگ خۆشكەرانەی بەشێوەیەكی نارەوا لوت ئەژەنێتە خاك و سیادەتی كۆماری دیموكراتی ڤیتنامەوەو بێ شەرمانە سەربەستی میلاحەت و بازرگانی دەوڵەتان تێك ئەدات و پەیمانی نەتەوە یەكگرتوەكان و یاسای گشتی دەوڵەتان پێشێل ئەكات ، ئەمەش كەنەك هەر دژی گەلی ڤیتنامە بەلكو دژی هەمو گەلانی جیهانە .

چین بە حكومەت و گەلەوە ئەوپەری توڕەیی و نارەزای خۆی بەرامبەر بەمە پیشان ئەدات بیانوەكانی ئەم جارەی ئیمپریالیزمی ئەمەریكا بۆ جەنگ خۆش كردن دیسان وەكو بیانوەكانی لەوەپێشی ناماقوڵو بێفەرە .

وڵاتە یەكگرتوەكان لە جەنگی ڤیتنامدا دەست درێژ كراوە سەرە ئەمەش راستی یەكە هەموان ئەیزانین . وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمەریكایە كە بێ شەرمانە رێكەوتنەكانی جنێڤی ساڵی ١٩٥٤ی پێشێل كردوەو حكومەتی بەكرێگیراوی لەخواروی ڤیتنام داتاشیوەو شێتانە گەلی ڤیتنام ئەكوژێ و ئەبڕێ ، ئەمەیە بوە بە هۆی دروستبونی بەرگری چەكدارانەی گەلی ڤیتنام ، وڵاتە یەكگرتوەكان كە هێزەكانی خۆی ناردۆتە خواروی ڤیتنامەوە بوە بە هۆی هەڵگیرساندنی جەنگی گەلی ڤیتنام دژی دەست درێژی ئەمەریكاو لەپێناوی رزگار كردنی نیشتماندا . هەر

بۆلاپەرە : ٧

كورتە هەواڵ

★ رۆینی دكتۆر محمود فوزی جێگری سەرۆكماری میسر كۆنگرەی پێنجەمی كریكارانی عەرەبی لە قاهرە كردۆتەوە . كونگرە لە كۆبونەوەكانیدا باسی باری كریكارانی عەرەب و هەڵبژاردنی ئەمینداری گشتی نوێی یەكێتی كردوە .

★ بریار وایە كە ئەدورد هیف سەرەك وەزیرانی بەریتانیا لەسەرتای ساڵی ئایندەدا سەر لە كۆماری گەلی چین بدات بۆ گفتوگۆ كردن لەگەڵ كاربەدەستانی چین دەربارەی پتەوكردنی پەیوەندی سیاسی و بازرگانی نێوان هەردوو لا .

★ واشنتۆن ٢٤ – ٥ : ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریكا بریاری داوە كە ٢٧٥ ملیۆن دو[illegible] بەشێوەی یارمەتی بدات [illegible] مەبەلەغیش [illegible] هەردوو رژێمی بەكر [illegible] گیراوی لاوس و ڤیتنام [illegible] خوارو .

پێك هێنانی وەزارەتێكی نوێ لە تورکیا

ئەنقەرە : ٢٢–٥ : فرید میلین وەزیری بەرگری پێشو پاش وتوێژێكی سیاسی دوورو درێژ وەزارەتێكی نوێی لە تورکیا پێك هێناو ناوی وەزیرەكانی پێشكەش بەجودت صونای سەرۆكی تورکیا كرد .

وەزارەتە نویەكە كە لە سێ حیزبی سیاسی پێك هاتوە ١١ [illegible] بری پێشوی تیایە لەگەڵ ٨ [illegible] بری ئەندامی پارتی عەدالەت، پێنجی پارتی گەلی جمهوری و ئەندامێكی پارتی اعتمادی نیشتمانی .

كۆبونەوەی وەزیرانی بەرگری پەیمانی ژووروی ئەتلەنتیك

بروكسل ٢٤–٥ : وەزیرانی بەرگری هەر (١٠) وڵاتەكەی ئەندام لەپەیمانی ژووروی ئەتلەنتیكدا لەشاری بروكسل كۆبونەتەوە بۆ لێكولینەوەی باری عەسكەری وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا . وە رۆژی چوارشەممە ملفن لیرد وەزیری بەرگری ئەمەریكا گەیشتە بروكسل بۆ بەشداربون لە كۆبونەوەی بەهارەی لیژنەی بەرگری كە وەفدی (١٥) وڵاتی تیا بەشدار ئەبێ .

لە كوبونەوەی ئەمجارەدا وەزیری بەرگری ئەم وڵاتانە بەشدار بون : ئەڵەمانیای رۆژئاوا ، بەریتانیا ، بەلچیكا، هۆڵەندە ، دانیمارك ، نەرویج، [illegible] لەتارازە ئەدات .

[illegible] روی خۆت دەورگ .

گەر ماتو خەمو[illegible]

تو نەدەبەنگە[illegible]

institutkurdedeparis

خەباتی شۆڕشگێڕانەی

گەلان

هەفتەی باسێك

ئیمپریالیزمی ئەمەریکا ،لەکاتێکدا کە بەهەر جوار لادا پەلامار ئەدات‌و بۆ دەسگرتن‌بەسەر جیهانا تێ‌ئەکۆشێت‌و هەزارو یەك ڕێگای نارەوا‌ئەگرێتە بەر لەپێناوی بەدی هێنانی ئەم مەبەستەدا • ئەمەریکاو هەمو ولاتە ئیمپریالیستەکانی تر خاوەن‌هێزوبەکی پڕ دەستدرێژی‌و تاوانن کە دەرهەق گەلانی‌جیهان‌و گەلانی وولاتەکانی خۆیان کردویانەو ئێستاش‌بەردەوام ئەیکەن • ئەم دەوڵەتە ئیمپریالیستیانە خاوەن‌سروشتێکی درندانەی چاوبرسیانەن هەمیشە خەریکی‌داونانەوەن بۆ گەلان‌و ولاتان روتاندنەوەو ژەایل کردنیان‌وەهەمیشە هەروایش ئەبن تا ئەو ڕۆژەی هەبن ئەوتا ئیستاش هارانە پەلامارى زۆر شوێنی دنیایان داوە ، لەئاسیا ، ئەفەریقا ، ئەمەریکای لاتینی و گەلەکانی وولاتانی‌خۆشیان ئەچەوسێننەوە • ئیمپریالیزمی ئەمەریکا بێ‌شەرمانە پەلاماری فیتنام‌و لاوس‌و کەمبودیای داوەو تادێت‌زیاتریش شوولی تاوانباری لێ‌هەڵئەکێشت‌و بەو پەری‌توانایەوە پشتگیری سەهیۆنیەکانی ئیسرائیل ئەکات‌و هانیان ئەدات بۆ پەلاماردانی ولاتانی عەرەب‌و پێشێل‌کردنی مافەکانی گەلی فەلەستین ، ئەمەریکا یەکان‌لەسەرانسەری دنیادا •

نیکسۆن ، سەرۆکی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا ، باسی ئاشتی‌و هاوسانی ئەکات ،وەکو ئیستا رژێمەکەی ئەو نەبێت کە بۆتە هۆی تێك‌دانی ئاشتی‌وهاوسانی لە جیهاندا •

نیکسۆن کە ئیستا کەوتۆتەپروپاگەندە بۆ ئاشتی‌و یەئاشتی پێکەوە ژیان ، بێ‌گومان لەبەرئەوە نییە کە بەتەنگ ئاشتیەوە بێت ، بەڵکو بۆهەڵەکردنی خەڵکی‌یە لە سروشتە ئیمپریالیستەکانی خۆی • بەتایبەتی کە هەڵبزاردنی نوێی لەکایەدایە و بەتەمایە‌جاریکی‌تر لەسەر کورسی سەرەك کۆماری ئەمەریکاهەڵتوێ ، سەردانەکانی ئەم دواییەی‌نیکسۆن بۆ چین‌و ئەمەی‌ئیستای بۆ یەکێتی سۆڤیەت بەشێکە لەم پروپاگەندەساختانەو هەروەها بەو نیازەیە بەڵکووا لەو وولاتانەبکات کە یارمەتی فیتنام نەدەن •

زۆر لە شەڕشگەڕانی فیتنام‌بکەن کە خەباتی خۆیان بیکەن •

بێ‌گومان [illegible] دەستی‌لەوە شتوە کە بە زەبری ڕاپەڕینی گەلێکی قارەمانەلە پێناوی رزگاری نیشتمان لە چنگی داگیرکەران‌وپاکردنەوەی بەکرێ گیراوان ؟!

لە بەرئەوە ، با نیکسۆن‌دڵنیا بێت کە مەسەلەی فیتنام مەسەلەی گەلی فیتنامەو تەنیاخۆی مافی دانانی چارەنوسی خۆی هەیە • ئیمپریالیزمی ئەمەریکاو نیکسۆنی سەرۆکی هەر چەند پەلەقاژە بکەن‌بۆ پاراستنی دەسەلاتی ولاتەکەیان‌و نوکەرەکانیان‌لە فیتنام‌و خواروی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بەڵام گەلانی هیندەچین دەست لە خەباتی شۆڕشگێرانە هەڵناگرن تابستێك زەوی یان بە دەست بیگانەوە مابێت •

سوارە

« شارەکە ئەتوانی‌سەر بەشۆڕشگێرانی‌فیتنام دابنەوێنیت • بو یە ئیستا پەنا ئەباتە بەو فرۆفیل‌وپیلانگیری •

ئەبێ نیکسۆن ئەوە نەزانێ‌کە شۆڕشی فیتنام مەسەلەی ڕاپەڕینی گەلێکی قارەمانەلە پێناوی رزگاری نیشتمان لە چنگی داگیرکەران‌وپاکردنەوەی بەکرێ گیراوان ؟!

لە بەرئەوە ، با نیکسۆن‌دڵنیا بێت کە مەسەلەی فیتنام مەسەلەی گەلی فیتنامەو تەنیاخۆی مافی دانانی چارەنوسی خۆی هەیە • ئیمپریالیزمی ئەمەریکاو نیکسۆنی سەرۆکی هەر چەند پەلەقاژە بکەن‌بۆ پاراستنی دەسەلاتی ولاتەکەیان‌و نوکەرەکانیان‌لە فیتنام‌و خواروی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بەڵام گەلانی هیندەچین دەست لە خەباتی شۆڕشگێرانە هەڵناگرن تابستێك زەوی یان بە دەست بیگانەوە مابێت •

سوارە

کورتەنامەیەك بۆ ئەنجیلا دیۆیس

ئەمە کورتەی نامەیەکە کە انجلادیویس کچەرەشی ئەمریکایی لە بەندیخانەوە بۆ دوست و هاوخەباتی خوی (ئیریکا)ی نوسیوە • انجلادیویس لەونامەیەدا بیچمی تاوانباری ئەمریکای ئەمرۆی دەرخستوە •

ئیریکا دوستی بەنرخم ! دوساڵە لەیەکتر دور کەوتوینەتەوە • لەم ماوەیەدا لە بەندیخانە چم بەسەر هاتوە لەوێ بوەستێ • لەدورەوە هێندی دەنگوباس لەبارەی تۆ دەبیسم • خۆراگری و شێلگیری تۆ لەسەر دیفاع لەمافی بەرامبەری قولەرەشەکان شایانی ئافەرینە • بەلام هەمو جاری بە پەروشی تۆوەم • دەترسم (ئەوانەی دیفاع لەئازادی دەکەن !•• تۆ بکوژن • لەماوەیەدا ئیمە (جان) وە (بین‌چی)مان لەکیس چو • ئەوانیان بە وەحشیەتی کوشت • ئەگەر زەختی بیروڕای گشتی دنیا نەبوایە ، ڕەنگبو منیش نیستا زیندو نەبومایە •

لە ڕۆژنامەی (نیوز لێتێر) دا لەبارەی تو خوێندمەوە کە یەکێ لەوکەسانەی هەرەخەتەری کە پولیس بەدوات‌دا دەگەڕێ • خەفەتبار بوم و پێکەنینیشم هات • لە لوس انجلوس ، کە ئەم ڕۆژنامەیە بلاو دەبیتەوە ،هەمو شەووڕۆژیك هەزاران جینایەت و تاوان ڕو دەدات• سەدی‌بیستی خەلك چەکیان پێیە ، سەدی شەست تا سەدی حەفتای ئەندامەکانی ریکخراوە فاشیستیەکان چەکیان هەیە • پیاوکوشتن لەو ناوچەیە ،وەکو ناوچەکانی دیکەی ئەمریکا ـ لە ئاوخواردنەوە ئاسانترە • کانگیستیرەکان تەنانەت لە جادەکانی پڕ لەخەلکیش ئەموئەو ڕوت دەکەن ، بەشەو دەچنە سەر مالی خەلك ، بێ‌ئەوەی لەپولیس بترسن هەر کاریکی بیانەوی دەیکەن • سەرەڕای ئەمانە ، ئەوان چاویان لەم هەمو دزی‌و تاوانە نوقاندوەو ، تو بەخەتەر ناو دەبەن ، وە هەرەشەی ئیعدام لەمن دەکەن • بوچی ؟ چونکە تۆ و من لە ئازادی، بەرامبەری وە لەئینسانەتی دیفاع دەکەین •

انجلادیویس لەنامەکەی خوی‌دا دەنوسی ، ئیریکا ، دوستی بەنرخم ! هێندی جار بیر لەوە دەکەمەوە کە ژیان نەك تەنیا بو ئێمە ، بو زۆربەی خەلکی ئەمریکا ، بو قولەرەشەکان و ، بو سپیەکانیش چەندە دژوارە ؟ گەلێ لە لاوەکانی ئێمە ڕادەکەن و ، پەنا دەبەنە بەر وولاتە دورەکان • بەلام داخۆ ئەمە بەسە ؟ من لەژیانم‌دا هەرگیز لە مەرگ نەترساوم • ئەم قسە مەزنەی شکسپیرت بیستوە کە دەڵی : (ئینسانی ئازا جاریك دەمرێ ، ئینسانی ترسەنوك هەمو ڕوژی هەزار جارە • من لام وایە ئینسان دەبی بە چەشنیکی شایان بژی‌و ، بە چەشنیکی شایان بمرێ • نابێ ڕاکەین • دەبی لەدژی زوڵم و ، لەدژی بێ‌عەدالەتی خەبات بکەین • ئیریکای بەنرخ ! تۆ لە هەموکەس باشتر دەزانی کە ژیان بەبی خەبات مەرگە •

لەبارەی خوم چ دەتوانم بۆتۆ بنوسم ؟ من ئەوەندەی ئازارم دەدەن ، ئەوەندەش لەبەر ئەوە کە ڕەنگم ڕەشە لەسەر ئەوبیروباوەڕەی کە هەمە جەزرەبە دەدرێم • قولەرەشە کمونیستیش بیت !

لە بەندیخانەی نیویورك شەو تا بەیانی نەیان دەهیشت بخەوم ، لە هۆدەکەی من‌دا بەرزەوێژیکی زۆر بەقەوەتیان خستبوە کار ، چرای زۆر بەتیشکیش چاوی منی ئازار دەدا • پولیسی ئەمریکا هەمویان وەکو یەك نین ، بەلام دەتوانم بلیم زوربەیان لەوکەسانەن کە بۆنی ئینسانەتیان نەکردوە • ئەوان لە ئازاردان و تەنانەت لە کوشتنی ئینسان لەزەت دەبەن • خۆزایی نیە کە ئیمە لە ویتنام بەکوشتاری بەکومەلی خەلك ڕوی هیتلەرمان سپی کردوتەوە •

دەڵێن بەندیخانەی ئافرەتان، بە تێکرایی ، لە بەندیخانەی پیاوان باشترە • ڕەنگە وا بی بەلام لە بەندیخانەی ئافرەتان لەوپەڕی وەحشیەتی‌دا لەگەل ئافرەتانی سیاسی و قولەرەش دەبزونەوە • لە بەندیخانەی نیویورك سەدی نەوەوپێنچی ئافرەتەکان قولەرەش بون ، هیندیك لەوانیان لە خۆپیشاندانی سەرجادەدا

بڕوانە : ل ٧

« ٢ » هەواڵ

★ هانوی – ٢٨–٥–٩٧٢

ڕۆژنامەی (لە شکری گەل)ی فیتنام بەیاننامەیەکی بەوزارەتی دەرەوەی کۆماری دیموکراتی فیتنامی بڵاوکردۆتەوە ، تیایا نارەزایی‌و توڕەییەکی توند دەر ئەبڕیت دژی دەست درێژی فرۆکەو کەستیتەکانی بەریتانیا بۆ سەر کۆماری دیموکراتی گەلی یەمەن وە بەیاننامەکە بێ‌سنور پشتگیری کۆماری دیموکراتی فیتنام خەباتی گەلی یەمەنی دیموکرات لە پێناوی پاراستنی سەر بەخۆی وولات‌و سیادەتی دەوڵەتدا ئەکات •

★ پەکین – ٢١–٥–٩٧٢ •

ئاژانسی دەنگوباسی (خاوسان پائیتلاو) ڕایگەیاندوە کە هێزە نیشتمانپەروەرە چەکدارەکان گەلی لاوس لەم دواییەدا کۆمەڵە هێرشێکی فراوان‌و توندو تیژیان کردۆتە سەر دوژمن‌و ژمارەیەکی زۆریان لێ لەناو بردون‌و زیانی گەورەیان لێدداون •

ئازاردان وقەڵاچۆکردنی نیشتمانپەروەرانی

ئەندەنوسیا بەردەوامە

ئەمە هەمو بەندکراوەکانی نارد چەند دورگەیەك کە لە ژێر خێوەتا بژین‌و بەدەست ئازاردانەوە بنالێنن •

بەپێی ڕاپۆرتێك کە گەیشتوە بە لیژنەی پاراستنی مافی مرۆڤ وە دادگای دادپەروەری دەوڵەتان ، ژمارەی گیراوەکان گەیشتۆتە ٥٠ هەزار ئاوانبارەی سیاسی ، وە هەزارانی تر هەن کە هێشتا لەژێر ئازاردا ناخۆشیدان وەبەبێ محاکمە ماونەتەوە ، کە لە ئەنجامی ئەمە زۆریان مردە وردە وردە بەرەو مردن ئەچن وە لەمانە سێ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی‌و سەدانی‌تر مردون ، جگە لەمە بیست هەزاری تر بە بەندکراوی ڕەوانەی دورگەی (بورۆ) کراون کە هەندێکیان کاری گرانیان دراوە بەسەرا وەکو زراعەت کردن‌و زەلکاو پڕکردنەوە تاکو بە بەری ڕەنجی خۆیان خۆیان بەخێۆکەن لەمانەش گەلێ دوکتورو زانای بەرزی ئەندەنوسیای تیایە وەکو پرۆفیسور سوبراتیۆ ،وە نوسەری گەورە ئانانتائور وە گەلێ ڕوژنامەنوس کە دیسان بەدەست لێدان‌و ئازارەوە ئەناڵێنن • ساڵی ڕابوردو سەدکەس زیاتر بە نەخۆشی لەزوتا مردن لەم دورگەیەدا • جگە لەمانەی سەرەوە کۆمەڵێك بەندی سیاسی‌تر هەن کە لە هەندێ دیهاتا خراونەتە خێوەتەوەو پردو جۆگاو شتی وایان پێ دروست ئەکەن بەڕامەبەر بەو پارەو نانەی ئەیانەدێ •

ڕژێمی سوهارتۆ بە زۆر شێوە ئازاری گیراوەکان ئەدات • بۆ نمونە ئەکەونە گفتوگۆ لەگەل گیراوەکەدا وەباری سەرنجی خۆیانی بۆ ڕون ئەکەنەوە ، ئەگەر ئەوگیراوە سیاسیە بۆی نەسەلماندن کارەبا ئەخەنە سەر مێشکی ، لەپاڵ ئەمەشدا بە شێوەی ئاسایی ئازاری ئەدەن • ساڵی ڕابوردو پاش ئەوەی ڕای گشتی دنیا دەنگی ئارەزایی خۆی بەرز کردەوە ، ناچار بون هەندێ لەم گیراوانە بە ڕەڵا بکەن ، بەڵام دوای بەرەڵا کردنیان بەهۆی دەزگاکانی لە شکرو استخباراتەوە یەکە یەکە لەناویان بردن •

ئابەم جۆرە چەتەکانی سوهارتۆ ئەندامانی بزوتنەوەی نیشتمانی‌و شیوعی ئازار ئەدەن بۆیە قسەکردن دەربارەی ئازادی‌و دیموکراسی لەلایەن کاربەدەستانی ئەندەنوسیاوە هەربۆ خەڵەتاندنی ڕای گشتی ئەندەنوسیاو دنیایە • چەند دەسەڵاتی ڕوژاوا ئەمەریکا لەمەیانی ئابوریدا بەهێز ببێت ئەمەندە هێرش گەرمتر ئەبێت دژی پاشماوەی بزوتنەوەی پیشکەوتنخواز لەناو خیوەت و بەندیخانەکان و لە دەرەوەیاندا •

بەپێی ئەو نامەیەی پارتی کۆمونیستی ئەندەنوسیا دەربارەی گیراوەکان بڵاوی کردۆتەوە ، ژمارەیەکی زۆر بەدەستی پیاوەکانی سوهارتۆ لەناو چۆن‌کەهیچ‌پەیوەندیەکیان بەبزوتنەوەی ئەفسەرانەوە نەبوە • ئێمەش هەر ئەوەمان لەسەرە کە بڵێین ڕۆژێك ئەبێت ئاڵای شورشی سەرکەوتوی فیتنام بگاتە وڵاتی شەهیدانی ئەندەنوسیا ، تاکو وڵاتەکەیان ببێت بە فیتنامێکی‌ترو کۆتایی بە نۆکەران بهێنێت •

لە گۆڤاری (الهدف)ەوە
وەرگیراوە

تێکۆشانی گەلانی ئێران

کوشتنی ئازادی‌خوازان چیمان فێرئەکات

بەرەبەیانی ڕۆژانی ١١و ١٣و ٢٢ی ڕەشەمەی ١٣٥٠ نۆزدە کەسی‌تر لە ڕۆڵەکانی شۆڕشگێری گەل بەدەستی جەللادەکانی حکومەتی دەربەگ‌و سەرمایەداران شەهید کران ، دادگاکانی کۆمەڵی دەسەلاتدار (هیئت حاکمە) بە دەیان شۆڕشگێریان بە حەپسی ئەبەد مەحکوم کرد یا بۆ ماوەی درێژ حوکم‌دا ، ئەو کوشت‌و کوشتار وتاوانانەی ڕژێمی‌شا ، نەك هەر لە ریزی ئەوانەی کە چالاکی سیاسی‌یان هەیە ، بگرە لە ناو ئەو خەڵکانەشدا کە هێشتا تێکەڵ بە کۆڕی خەباتی سیاسی نەبون ، تۆفانی ڕق‌و توڕەیی هەڵساند •

لە دەرەوەی وڵات ، پاش خەباتی بەربڵاوو هەمولا گرەوەی کونفیدراسیونی خوێندکارانی ئیرانی ، لە ناو زۆربەی ئیرانیاندا ،خەباتکاران کاتێ لە ئیعدام کردنی شۆڕشگێرانی ئاگادار بون ، ویرای خەم‌و خەفەت ، ڕق‌و توڕەیی خۆیان بەرامبەر بە ڕژێمی دەسەلاتداری دژی گەل دەربڕی •

پیویستە خەم‌و پەژارە بکرێ بە هێزێك بۆ ئەوەی خەبات ، بە شیوەیەکی برنەدەنر لە جاران ، درێژە پێ‌بدرێ • دەبێ هەمو خەیاڵ پلاوێك بەرامبەر چینە زاڵمەکانی دەسەلاتدار لە مێشك دراوێزرین ، تیوریکانی ئاشتی‌و ڕێکی لەنێوان چینەکان ، تەسلیم خوازی‌و ڕیفیزیونیستی ، بلاو دەکرێتەوە قولتر لێك بدرێتەوەو ڕەخنەی لێ بگیرێ، پێویستە لەو خەباتکەرانەو ناگیرێتەوە و ئاشتی خوازانەترین و ڕەواترین داخوازی هێزە ئازادیخوازەکان بە زیندان و ئەشکنجە و ئیعدام وەڵام دەداتەوە ، چریکایەك بێجگە لە دەستبردن بۆچەك و وەڵامی گوللە دەمێنێتەوە ، کام‌ریگا لەوە ڕاستتر و پیروزترە ؟•

لەکاتێك‌دا سەردەمی پاشەکشەی ڕاپەڕینی نیشتمانی خەریکە دوایی دێ ، ویزەی گوللەی ئازادیخوازانی ئیران مزگینی دەستپێکرانی قوناخێکی تازەی خەبات بەخەڵك دەدا •

لەحالیك‌دا ڕیژیمی دژی‌گەلی شا لە درندانەترین دەدوێین :

یەکەم دەرس لە گیانی بجەنگی کە تەسلیم بون نازانێ ، لە گیانی لە مردن نەترسانی ئەم شۆڕشگێرانە فێردەبین ، ئەوان لە بەرامبەر ئازارو ئەشکەنجەی درندانەی کاربەدەستانی (ئەمنیەتی) وەکو کێو چەقین ، جەللادیان

بڕوانە : ل ٧

ئاگاداری دەربارەی ڕشەمەی مۆڕێتاوی

لە سەروبەندی نەورۆزدا تاوان و پیاوکوژی دەست شا ،پاش گەرانەوە لە سەفەری ئەوروپا حوکمی ئیعدامی ٦ نیشتمانپەروەری لاوی ئیمزا کرد و لەبەرەبەیانی ١١ی ڕەشەمەدا جەلادانی ڕیژیم ئەو ٦ قارەمانەیان تیرەباران کرد ، چەندروژ دواتر دیسان بە ئیمزای شا ٤ نیشتمانپەروەری قارەمانی‌تر کوژران و تاریك‌وڕونی بەیانی ٢٢ی ڕەشەمە دوبارە ئیمزای شای جەلاد و تیرەبارانی ٩خەباتکەری بەنرخ و شورشگێری‌تر ، بەکورتی لەماوەی کەمتر لە دوهەفتەدا ١٩ نیشتمانپەروەر ئیعدام کران •ژمارەی دروستی ئەوخەباتکەرانە کە لەژێر ئەشکنجەی جەلادەکانی

بڕوانە : ل ٧

institut kurde de paris

ئەدەب و وێژە

هێڵێکی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاری لە ئەدەب و هونەردا

پێش سی ساڵ ، سەرەك ماو کتێبە بەنرخەکەی (چەند باسێك دەربارەی ئەدەب و هونەر) نوسی کە تیایا دەست نیشانی ئەو پەیڕەوە سەرەکی یەی کرد کە ئەدەب و هونەری پرۆلیتاریای پیا ئەڕوا ٠٠ هەروەها کۆمەڵە مەسەلەیەکی روونکردەوە کە پەیوەندی بەتیورو راهێنانی پێشخستنی ئەدەب و هونەری شۆڕش گێڕانەی پرۆلیتاریاوە هەیە ٠

لە مایۆی ساڵی ١٩٤٢ دا ئەم کتێبەی سەرەك ماو بڵاو بوەوە ٠٠ ئەو کاتە جەنگی دژی فاشیست لە هەموو سوچێکی جیهانا ئەو پەڕی توندوتیژیا بو ٠ ئەچینیشا ٠٠ لە سایەی سەرکردایەتی پارتی کۆمۆنیستی چینەوە دەستکرا بو بە فراوان کردنی بنکەکانی پشت سنوری دوژمن و ناوچە رزگارکراوەکان ٠ بەڵام کۆنەپەرستانی کۆمینتانگ بە هاندانی ئیمپریالیزمی ژاپۆن، زۆر بە شێوەیەکی ساکارو سلبی سیاسەتی بەرگری دژی ژاپۆنیان گرتبوە بەر ٠٠ کەچی زۆر بە توندو تیژیەوە دژایەتی کۆمۆنیستەکانیان ئەکرد ٠

لە ریزەکانی شۆڕشو لە ناوەوەی پارتیشا ٠٠٠ هێشتا بەتەووی پاشماوەی ڕێبازی هەڵەبازی چەپڕەوی و ڕاست ڕەوی خاوێن نەکرابوەوە ٠

لەبەرەی ئەدەب و هونەری شۆڕشگێڕانەشا ، (وانگ مینگ و لیو شاو تشی) جاڕیان بو (ئەدەبی پارێزگای نیشتمانی)ی ئەدا ٠٠ وەهەر لەو کاتەدا توانیان بێنە ناو (یانئان) و سەرکردایەتی ئەدەب و هونەریان زەوت کردو لەگەڵ دوژمنە ژاپۆنی یەکان و کۆنەپەرستانی کۆمینتانگ تێکەڵبون وە دەستیان کرد بە بڵاو کردنەوەی بیروباوەڕی بورژوازی و ریفیژینیزمی لە ئەدەب و هونەردا ، ئەم بیروباوەڕە بورژوازیەی خۆیان لە ڕێگەی (خۆشەویستی مرۆڤایەتی)و (تیوری سروشتی مرۆڤایەتی)یەوە تێئەپەڕانە ٠٠ وە ئەیانوت (لەرکی ئەدەب و هونەر هەمیشە – دوژمنەوەو گەشف) بێت، بۆیە ئەیانویست نوسەرەکان خەوشەکانی میللەت دەربخەن و لەو بڕوایەدا بون کە « خۆریش تانەی لەسەرە» ٠ مەبەستیشیان لەمە ئەوە بو کە خەلك دورخەنەوە لە بینینی شتەکان لە ڕوانگەیەکی چینایەتی یەوە ٠ وە خواستی تێکۆشەرانەیان بشکێنن ٠

هەر لەم کاتەدا بو ، زۆر لە ئەدیبە پێشکەوتنخوازەکان ڕویان لە (یانئان) کرد ٠ بەڵام وەك سەرەك ماو وتی :

(بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئەدەب و هونەر ، پێشکەوتنێکی مەزنی بەخۆیەوە دیوە لە نێوان دەساڵی جەنگی میللیدا، ئەم بزوتنەوەیە لە ڕێڕەوی گشتیدا لەگەڵ جەنگی شۆڕشگێڕانەی ئەوسادا بەیەك ئەگەیشتن ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا لەلایەن جموجۆلی عەمەلیەوە بەیەکەوە پەیوەست نەبون) ٠

ئەم حاڵەتە ٠ ئەنجامی (ئیرهاب)ە سپیەکەی کۆنەپەرستانی کۆمنیتانگ بو کە نەیئەهێشت ئەدیبەکان لەگەڵ کرێکارو جوتیارو سەربازەکانا تێکەڵبن ٠ لەلایەن (خۆیەتی) ئەدیبەکانەوەش ٠٠ هەر چەندە حەزیان بە هەڵسانی شۆڕش ئەکرد، بەڵام ڕەگەزی چینایەتی و بیروباوەڕی ئەدەبی و هونەریان ئەگەڕایەوە سەر بورژوازیەت و بورژوازیەتی بچوك ٠٠ وە هەر چەندە بەزمان باسیان لە ڕاژەی میللەت ئەکرد بەڵام لە واقیعدا کاریان ئەکردە سەر میللەت بە هەستو بیری بورژوازیەت و بورژوازیەتی بچوك ٠٠ چونکە هەر دوکیان

(لەجەماوەر دورنەکەونەوەو بایەخ نادەن بەکرێکارو جوتیارو سەرباز) ٠



لەشێوەو ناوەڕۆکا ، وە هەوڵ ئەدەن نە هەمو جێگاو شوێنێکا بیروباوەڕە بورژوازیەکەی خۆیان دەربڕن و داوا لەخەڵك ئەکەن کە پارتی گیتی بگۆڕن بەپێی ئایدیۆلوژی بیری خۆیان ٠٠ ئەمەش بێگومان ناکۆکیەکی تونده نەگەڵ باری شۆڕش و پێویستیەکانیا ٠

لە گۆڤاری – بناء الصین –ەوە – ڕێزان – وەریگێڕاوە

لەپێناو وەرگرتنی تاقی کردنەوەکانی بزوتنەوەی ئەدەب و هونەری شۆڕشگێڕانە کە لە (٤ مایۆ)ەو بەرپایە ٠٠ وە بۆ پاك کردنەوەی پاشماوە ڕەشەکەی ڕێبازی چەپڕەوو ڕاستڕەوو تێکشکاندنی ڕێڕەوی دژی پارتی ٠٠ وە بۆ چاك کردنەوەو پەروەردەکردنی لەشکرێکی زۆر بۆ ئەدەب و هونەری پرۆلیتاری ٠٠

پێویستە (بە ئایدیۆلۆجی پرولیتاریا خەبات دژی ئایدیۆلۆجی ناپرۆلیتاریا بکەن) ٠

وە ڕێبازی بورژوازی و ریفیژنیزمی نە ئەدەب و هونەرا ریسوا بکەین ، وە ئەدەب و هونەر بخەینە ڕاژەی کرێکارو جوتیارو سەرباز ٠٠، لەپێناو هەم ئەرکەدا ٠٠ کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی چین ، کۆڕێکی دەربارەی ئەدەب و هونەر لە (یانئان) بەست ، وە سەرەك ماو(چەند باسێك لەکۆڕی ئەدەب و هونەر)ی خوێندەوە کە بوە سەرەتای سەردەمێکی گەش لە مێژوی ئەدەب و هونەری پرۆلیتاریادا ٠

تابلۆی پێشانگای شارەکەم

خۆشەویستم
نەم ئەزانی کەتۆم خۆشویست
لەپەنجەرەی ژوورەکەتا
دەنگی تۆم بیست
لەناو گڕی
کوورەی سزادا قاڵ ئەکرێم
لەگەڵ تۆدا
ئەبرێم زیندە بەچاڵ ئەکرێم
خۆشەویستم
ڕێبواری بووم ٠٠
نەم ئەزانی دڵداری لاتان تاوانە
نەم ئەزانی ٠٠ ئەم سێدارەی
لەدەرگای شار ڕێکخراوە
بۆ لاوانە ٠٠

-٢-

لەلای ئێمە ٠٠
وەکوو پێشوو ٠٠ داری ڕەنجی
جوتیاری زەبوون ٠٠ بێ بەرە
لەچوارچێوەی ٠٠ نەخشەی خاکی
بەهەشتەکەی ٠٠ سەرزەمینی
دەربەدەرە
بەبرژانگی
چاوی سەد ساڵ خەونەدیوی
زەوی چەقێن ٠٠
زەوی شۆنەکراو ئەکێڵێ
تاشەبەردی
دەشتو دۆڵو کەنارچیاکان
لەدوای خۆیا
بەووردو خاشی جێدێلێ
بەخوێنی خۆی
بەهەشت بۆ عەردی ڕووت دێنێ
بەسەر کێڵگەکان ٠٠ ئەستێرە
ئەپڕژێنێ ٠٠
کەچی ئاغا
لەسەر قسەیەکی ڕەوان
لەسەر حەقێ
بە(گاز) نینۆکی دەردێنێ

گۆستا بۆدۆلفۆبێکێر ... شاعیری ئازارو ئەشکەنجەو خناوێنی

لە ساڵی ١٨٣٦دا لە ئیسپانیای وولاتی ڤیلازکوزولۆرکاو بیکاسۆدا هاتۆتە دنیاوە ٠٠ ژیانی بەکەساسیو ڕەزەڵ خواییەکی بێوێنەوە دەستی پێ کردوە ٠٠ تەمەنی : هەر وەك چۆن ئەستێرەیەك ڕۆشناییەك بەجیهاندا ئەبەخشێتو لە پڕ ئەکشێتەوە ، هەر بەو جۆرە لە تەمەنێکی کورتا ژیان بەجێ ئەهێڵێو ئەکشێتەوە ، لە هەلبەستێکیدا ئەڵێ :

دەریای گومان بەسەوڵی ڕێم
شەقار ئەکەم
٠٠ نازانم بڕوا بەچی بکەم !
لەگەڵ ئەوەشدا ،
ئارەزوەکانم پێم ئەڵێن
کە لە ناخما شتێك هەڵئەگرم

لاوێتی بە ئەدەب خوێندنەوە بەسەر ئەبات ، و لەگەڵ « بالیریانوی » برایدا فێری نیگارکێشان ئەبێت ٠٠ کتێبخانەکەی «مانویلا موناهای» دەورێکی باڵای بینیوە لەدروست بوونی دا « – موناهای – ئەو ئافرەتە بووە کە هەر لەدوای بە هەتیو کەوتنی گرتویەتیە لای خۆیو بەخێوی کردوە – » ٠٠ لەو کتێبخانەیەدا بەرهەمەکانی شاتو بریان و مەدام دەستاڵ و بایرۆن و موسێ و هۆگۆ و ئیسپرونیدا ئەخوێنێتەوە و بەقوڵی بیریان لێ ئەکاتەوە ٠٠ خوێندنەوەی زۆر و ئەو گەشتە فراوانانەی بەناو چیاو دۆڵە ڕەنگینەکانی ئیسپانیادا ئەی کات وای لێ ئەکەن بەرەو مەدریدی پایتەخت بکەوێتە ڕێ ، و خۆی بۆ گەلێك بەیەکاچوونی کۆڕە ئەدەبیەکان دابنێت ٠

لەساڵی ١٨٦٤دا ئەگاتە مەدرید ٠٠ و لەوێ ڕێکەوتی گەلێك کۆڕی ئەدەبی ئەکاتو لەگەڵیانا بەیەکا ئەچێت ٠٠٠ هەلبەست بڵاو ئەکاتەوە بەڵام لەبەر کورتی و دەرنەکەوتنی ، وەکو هەوری هاوین تێئەپەڕێو بەو جۆرەی ئەمڕو سەرنجی خەلکی ڕاناکێشن ٠

بەنیسبەت بیکەرەوە ژیان لەمەدریدا زۆر ناخۆش بووە ، بۆیەکا ئەبینین لە ساڵەکانی یەکەمی دا دەست کورتی و نەبونیەکی زۆری بەخۆیەوە دیوە ٠٠ تا لە ڕۆژنامەیەك دامەزراوە ٠٠ گەلێك ووتارو هەلبەستی قوڵبێو بەنرخی بڵاو کردۆتەوە ٠٠ لە ساڵی ١٨٥٧دا تووشی نەخۆشی سنگ بوو ٠٠ بەڵام هەرچۆنێك بووە ڕێگەی ئەوەی لێ نەگرتوە کە بنوسێت ٠

لەگەڵ ڕاکەیدا گەشتێکی فراوانی نیشتمانەکەی کردوە ، و زۆر بەو پاشماوە کۆنانە سەرسام بووە کە تیایانا بەدی کردوە ٠٠

لە ساڵی ١٨٦١دا ژنێکی بەناوی (کاستا ئاستیان)وە هێناوە ، و لەبەر ئەوەی ڕۆشنبیریەکی مام ناوەندی هەبووە نەیتوانیوە زۆر لەگەڵیا بەختیار بێت ، و هەر لەبەر ئەوە لەدوایی ژیانیدا لە بێزاریەکی تەواودا بووە ٠

جمال ڕشید

هەسارەت ی شاعیر

نوسینی : عمر علی

(حەسرەت) نازناوی (مەلا شەریف صالح ئەمین مصطفی حاجی میرزیە) کە لە دێی (مەرزیخە) لە کەرکوك لە دایك بوە ، ئاقانەی باوك و نازداری دایکی بوە ، بەشێکی زۆری تەمەنی بەخوێندنی مەلایەتی بردۆتە سەر ، ئەم دێو ئەو دێی کردوە بەدوای نان پەیدا کردندا تا خۆی گەیاندۆتەوە دێی مەرزیخەو بۆتە مەلای مزگەوتەکەی ٠

لەساڵی ١٩٦٩دا گیانی پاکی سپارد بە بارەگای یەزدان ٠

(حەسرەت) دەستێکی زۆر باڵای هەبوە لە شیعر نوسیندا وە پەیڕەوی شاعیرە کۆنەکانی ئەکردەوەو بەزمانە ئەدەبیەکەی ئەدەبی کلاسیکی ئەوسای ئەنوسی ٠٠

دیوانێکی (٢٠٠) لاپەڕەیی بەناوی (مجمع الاشعار)ەوە پێك نابو ، بەڵام دەستی گەردونو بەختی ناهەمواری کورد فەوتاندی ٠٠ (حەسرەت) لەشیعری (هەجوا) توانایەکی باشی هەبوە ٠

(حەسرت) پێنج خشتەکی یەکی لەسەر شیعرێکی – تایەر بەگی جاف – داناوە کە ئەمە هەمویەتی :

ئەی موژگانی تیژی تۆهەموی تیرو خەدەنگە
ئەی قامەتی سەروی تۆمەقامی دڵی تەنگە
ئەی طەلعەتی روخساری تۆ شیرینو چەلەنگە
(ئەی پرتەوی ڕەنگتۆەکو ڕەنگی هەمە ڕەنگە
خاڵت بەمەسەل ئۆلفی سیاهت ، شەوە ئەنگە)
مەجلس لە عەیشو ئۆشەوەکو مەجلیسی مەحمود
شەوقی دڵو وەصلی دڵبەرو موتربی مەوجود
جەمع ڕۆخ لەسۆزی تاروصەدای بربطو عود
(بەزمو تەرب ئامادەیەسافی مەیی فەرمو :
دەنگی دەفو نائەی نەیو ئاوازەیی جەنگە)
شەیدا خۆم دێوانە بەدوچاوی خومارت
غەمزە نوێنو دڵ کەشەداوی سیە مارت
یارەب ، مەصون بێ ،شوعلە شەمعی دو عوزارت
(سەد نامی خریدار لەدو بستانی ئەنارت
گردو شلكو نارك و پرچنگو قەشەنگە)
ددانی وەکو گەوهەری صوبحو صەدەفی غالی
عشوەگرو خەندە فروش دیاریە حالی
غونچە دەمو ئەبرق کەمان، پرتەوە خالی
(لێوت کە وەکو لەعلی درەخشانە بەئالی
گەنجوری نگەهبانی دەهانو دەمی تەنگە)
خاڵی حەبەشی روحەت بولەشی هێنانە دەر
پێچی زولفی نازکست ٠٠ نازی هاویشتە سەر
جەبینی خەتی غەمزەی ئیشارە سەراسەر
(تابوری موژانت لەگەڵ ئەگریجە بەرابەر
وەستاوە ئەڵێی عەسکەری ژاپۆنو قەرەنگە
فکرم لەهەوای داخی تۆبەبوە پەریشان
جانی مەن ، لە وەرقی ئەتۆیە بوە بەبریان
ئەم دەردە بەبێ تۆ دەوای نابێ بەقوربان
(صیدی دڵی من خەستەوخوێنینە بەقوربان
کوژراوی موژەی تۆیە ،ئەکوژراوی تفەنگە !)
لەوساوە کە چاوم کەوتۆتە پەرچەمی چین چین
هەرچەندە کە خۆم لاداڵە سحری چاوی پڕ کین
ئاخری گرتنە من ، فتنەدو چاوی بە تەمکین
(چاوت بەنیگە ئافەتی دلهایە ، وە لێکین
بۆچ وایە کە ئەبڕوی کەچت مەیلی بەجەنگە ؟)
روحم بەفدای قامەتی شۆخت بپرسە لێم
ساقی مەیخانەکەبم ، ترکزە دراپێم
بۆتی زەخمی قرشی سینەکوتی مێخە لەسەر ڕێم
(عاجز بو کە روم خستەبەری پێی وتی پێم !
ئەی ئەبلەهە ! کەی ماڵشی ئاوێنە بە سەنگە ؟)
(حەسرەت) بە جەمالی تۆبە وا ماتو بێهۆشە
باکی چیە خەلق کە بڵێ بیخۆ ، بینۆشە
مەجنون نیە بولبولێکەروی خۆت داهەپۆشە
(مەنعی مەکە (تاهیر) کەئەگەر ماتو خەموشە
دیوانەیی روی تۆیە ، نەشێتو نەدەبەنگە) ٠

هۆنراوەیەك لەمۆزەمبیق ، دوە

شیعری : جوان مۆنگفامبی
وەرگێڕانی : ڕێزان

ئەشێ ٠٠
ئەو ئاوازانە بهۆنیتەوە
کە ئێمە تێیان ناگەین !
ئەشێ ٠٠ بمکوژێت ٠٠
ئەشێ ٠٠ وەك باڵدارەکان
ڕووو بەرزایی ٠٠ هەڵفڕیت ٠
وەك ئاسك ڕاکەیت ٠
ئەشێ ٠٠ هەر چیەکت لەدەستبێ ٠٠٠ بیکەیت ٠
بەڵام ٠٠ تەنیا شتێ ٠٠کە هەرگیز بۆت ناڕوێ ٠٠
– ئەی ڕێوی – ٠٠

× ×

ئەوەیە ٠٠ کە ٠٠ لە ئاوازەکانمان بگەیت !
ئەوەیە ٠٠ کە ٠٠
تینوێتیمان بۆ سەربەستی ٠٠ لەناو بەریت !

باڵنڕی ی وشەکان

خۆشەویستم! لەگەڵ هەموو هیلاکی یەکی ڕێگادا تۆم دێتەوەیاد !
خۆزگە بۆ باوەشت دەخوازم ٠٠ بۆ قۆڵەڕاکشاوەکەت ٠٠ بۆ وتە هەنگوینی یەکانت !
گەرووی تینووی ڕێی بیابانی بێ بڕانەوەم ٠٠ ژیلەمۆی گەرمی یادی تۆشی دەڕژێتە نێو !
بەردەستەکانی ئەهریمەن دەورم دەگرن ٠٠ هەریەکە کەمەندێکم بۆ دەهاوێت ٠٠ هەریەکە جۆرە ئازارو چەوساندنەوەیەکم بۆ دادەهێنێت ٠٠
چەقۆ دەخەنە ناخی ئێسقانەکانمەوە ٠٠ بە سوژن چاوەکانم هەڵدەکۆڵن !
بەڵام ناتوانن تۆم لە بیر بەرنەوە !
ناتوانن بینایی بینینی تۆم لێ بستێنن !
قاچەکانم بەناو لمدا هەنگاو بەرەو تۆ دەنێن ٠٠ دەت بینم !
لەوپشکۆ سوورانەدا کە لە ڕۆژ دەبنەوە ٠٠
لەو گردە خۆڵەمێشیانەدا کە بارەش لەبەردەم شۆقاوەکانمدا ڕاستیان دەکاتەوە ٠٠
تۆ دەبینم ٠٠ لەبوونا و ٠٠ لە نەبوونیشا !
بانگەوازەکەت هەزاران دیوارو شوورەی پۆڵایین ٠
دەبڕێتو بەبێگەردی دەگاتە گوێم :
– بڕۆ ٠٠ بڕۆ ٠٠ بێ سڵەمینەوە ٠٠
ئەڕۆم ٠٠ خۆشەویستم ٠٠ بەرەو تۆ ٠٠
تۆ هومێدیت ٠٠ هومێدیش نامرێ ٠٠
تۆ هیوایت ٠٠ هیواش نابەزێ ٠٠
تۆ ڕێگایت ٠٠ بەڵێن بێ ڕێگا بەرنەدەم ٠٠

کەمال میراودەلی

پاشماوەی : ئاگاداری دەربارەی ڕەشەمەی ٠٠

ساواك شەهید بون ، تا ئیستا بەچاکی ڕون نیە ، جینایەتی ئەوەندە وەحشیانە کەمتر وینەی دیتراوە ٠

ڕێژیمی فاشیستی ئیران لە دەنگی گوللەی شورشگێڕەکانی ئیران بەجۆرێك سەری لێ شێواوە و زەندەقی چوە ، کە سەرەڕای نارەزایی بەربڵاوی کۆڕو کومەڵەکانی ناونەتەوایەتی ، و چاپەمەنی و خەلکی ئازادیخوازی سەرانسەری جیهان دیسان درێژە بە جینایەتی وەحشیانە و کوشتوکوشتار دەدا ٠ هەرچەند ڕیژیم زۆر باش دەزانێ کە ئەو پێ لێ هەڵێنان و بێشەرمیە لە پیاوکوشتن و هەمو تەبلیغاتە پرخەرج و درۆ و دەلەسەی چەندساڵەی دەباتەوە پاش و زیاتر لە دنیادا ڕیسوای دەکا ٠

خوێندکارانی خەباتکەری زانستگەی تاران لەو هەڵومەرجی ڕەشەکوژی و زەبرو زەنگ و ئەشکنجەی نائینسانی و ئیعدامەدا ، خۆپیشاندانیکی گەورەیان بەرپا کرد ، کە نیشاندەری بەردەوام بونی خەباتە ، کونفیدراسیون بە خەباتی دیفاعی بەردەوام و شیلگیری خۆی جارێکی تر هاوپێوەندی و هاوچارەنوسی خویندکارە نیشتمانپەروەرەکانی دەرەوەی وڵاتی لەگەڵ خەباتکەرانی ئازادیخوازی ناوەوەی وڵات نیشاندا ٠

بەپێچەوانەی پیاوکوشتنەکانی شا و سازمانی ئەمنیەت و لە هەڵومەرجی سەختی ئەشکنجە و ئازار و ئیعدامدا ئاڵای خەباتی گەلەکانی ئیران هەر دەشەکێتەوە ٠ قوناخەکانی تازەی ڕەشەکوژی و زەبروزەنگ قوناخی تازەی خەباتیان بەدوادا دێ ، سەنگەری شەهیدانی ئازادی ئیران هێزەکانی تازە و زۆرتر پڕی دەکەنەوە و ئاخرەکەی ئەوریژیمە چەهەننەمی و جینایەتکارە سەرەونخون دەکەن ٠ گەلەکانی ئیران تۆڵەی ڕەشەمەی خۆینساوی ، ڕەشەمەنی ڕەنگین بەخوێنی باشترین و بەنرخترین ڕۆڵەکانی گەل دەستێننەوە ٠

ریکخراوی روناکبیرانی کوردی ئیران خاکەلێوەی ١٣٥١

وەرگیر لە فارسیەوە
بهرام

institutkurde.de paris

بەرەپێدانی بەرهەمی دۆشاوی تەماتە وشەکر

چاوەروان ئەکریت کە بەهۆی پرۆژەی فراوانکردنی کیلگەکانی قامیشی شەکرو کارگەی دۆشاوی تەماتە لە بەعقوبە بەرهەمیان بەشیك لە پێویستە کانی بازاری تەماتەو شەکر مسوگەر بکەن .
کاك صبحی سامرائی سەرۆکی داوو دەزگای گشتی پیشەسازی کیمیاو خواردەمەنی رای گەیاند کە ئیستا لەوە ئەکولنەوە کە کیلگەیەکی نوێی چەوەندەر لە پاریزگای بەینەوا بکەنەوە کە نزیکەی ملیونیك و ٥٠٠ هەزار دیناری تێ ئەچیت .
وە ناوبراو رای گەیاندوە کە سەبارەت بەوە نرخی شەکری خاو هەر لە گوران و زیا بون دایە بۆیە ئەبی لە ولاتدا بایەخێکی باش بدریت بە چاندنی قامیشی شەکرو چەوەندەر تاکو ماوەیەکی زیاتر کارگەی شەکر لە ئیش کردنا بیت .

ئۆتۆمبیلی بار هەلگرتن بۆ کۆمەلانی کشتوکال

بەرێوەبەری گشتی هەرەوەزی کشتوکال گفتوگوی لە گەل کۆمپانی گشتی ئوتومبیل و کارگەی پیشەسازی میکانیك لە أسکندەریە کردوە بۆ ئەوەی ئوتومبیلی گەورەیان لێ بکریت بۆ کۆمەلانی هەرەوەزی کشتوکال بۆ گواستنەوەی بەرهەمی کشتوکالی ئەندامەکانی ، مەبەستیش لەمە ئەوەیە کە کۆمەلانی هەرەوەز ببن بە خاوەنی هۆی بەرهەم هینان و گواستنەوەی خۆیان .
ئەوەی شایانی باسە ئەم کۆمەلانە نرخی ئوتومبیلەکان لە بەرهەمی تایبەتی خویان ئەدەن .

موچەی تەقاویتی بۆ شەهیدەکانی کوردستان

لێ پرسراویك لە لیژنەی ئاشتی بلاوی کردەوە کە لە روژی دەرچونی یاسای تایبەتی ئەقاویتەکان ـ لە ئازاری ساڵی ٩٧٠ ـ تائیستا هەزارو ٢٧ موعامەلەی تەقاویتی بۆ خێزانی ئەوانەی بەهۆی روداوەکەی کوردستانەوە شەهیدکراون تەواو بوەو نزیکەی هەزارو ٤٠٠ موعامەلەی تر هەیە جاری تەواو ئەبوە چونکە خاوەنەکانیان لە جی بەجی کردنی کەمو کوری موعامەلە کانیان دوا کەوتون .
ئەوەی شایانی باسە موچەی شەقاوتی ئەم شەهیدانە ١٠ دیناره وە لەروژی دەرچونی یاساکەوە موچەکەیانی بۆ حساب ئەکریت .

بەرهەمی گەنمو جۆی کۆمەلانی هەرەوەزکار

کۆمەلانی هەرەوەزکار روژی پینج شەممە (٢٥ـ٥) دەست ئەکەن بەگۆاستنەوەی بەرهەمی گەنمو جو لە ناوچەکانی خوارو ناوەراستی ولاتا .
بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا نزیکەی ٤١٥ هەزار دینار تەرخان کراوە ، هەروەها بۆ گۆاستنەوەی بەرهەمی گەنمو جۆی ژوروی وڵات نزیکەی ٤٠٥ هەزار دینار تەرخان کراوە ئەوەی شایانی باسە بۆ جێ بەجێ کردنی پلەی یەکەمی گۆاستنەوەی گەنمو جۆی کومەلانی هەرەوەزـ کار ملیونیك دینار تەرخان کراوە .

کارگەی « تاجی » گازی چەرخ دروست ئەکات

لە سەرەتای مانگی تەموزی داهاتوا کارگەی تاجی غازی شل و خاوین (بیوتان) دروست ئەکات بۆ چەرخ و پێویستی تر، ئەم غازە بە نرخیکی هەرزانتر لەوانەی لەدەرەوە ئەهینریت ئەفروشریت .

تاقی کردنەوەو خەلات کردنی قوتابیان

ئەمرو ٤٨ هەزارو ٥٧٣ قوتابی کچو کوری زانکوکانی وڵات رو ئەکەنە هۆلەکانی تاقی کردنەوە (قاعات الامتحانات) وە لە روژی ٣٠ی مانگی داهاتوا لە هەمو زانکوکانی عیراق ئاهەنگ ئەگیرریت . لەم ئاهەنگانەدا ئەو قوتابیانەخەلات ئەکرین کە لە تاقی کردنەوەکاندا سەرکەوتنی باشیان بەدەست هێناوە .

« ٩ » بیری تازەی گوگرد لە ناوچەی مشراق

ئاژانسی دەنگوباسی عیراق راثەگەیینیت کە لە روژی ٢٣ـ٥ ناوچەی گوگردی مشراق قوناغی یەکەم لە ٩ بیری تازەدا دەستی کردوە بە گوگرد دەر هینان .
ئەم قوناغە نزیکەی ١١ ملیون و ٨٤٠ هەزار دۆلاری تێچوە وەتوانای بەرهەم هینانی لە ساڵیکا ٢٥٠ تا ٣٥٠ هەزار تەن گوگرد ئەبیت .
قۆناغی دوەم کە نزیکەی ١٥ ملیون و ٥٨٠ هەزار دۆلاری تێ ئەچیت توانای بەرهەم هینانی لە ساڵیکا نیوان ملیونیك وە ملیونو نیویك تەن ئەبیت .

ئاهەنگ گێران لە هاوینە هەوارەکان

پێری لە دەزگای گەشتو گوزارو هاوینە هەوارەکان کۆبونەوەیەك رێکخراوە ، خاتو زکیە إسماعیل حقی سەروکی یەکیتی ئافرەتانی کوردستان و نوینەری پاریزگاکانی ژوروی وڵات تیا بەشدار بوون .
وە لەپروگرامی ئەو ئاهەنگ و مهرەجانانەیان کۆلیژەتەوە کە بۆ مانگی تەموزی داهاتو هاوینە هەوارەکان دانراوە .
بەگشتی بریاریان لەسەر ئەوە داوە کە لە سەرەتاوە ماوەی ٣ روژ ئاهەنگ و مهرەجان لە هاوینە هەواری صلاح الدین بگیرن و ٣ روژیش لە هاوینە هەواری سەرسەنگ .
بۆ ئەمەش دولیژنە پیك دینن لە ئوینەرانی دەزگای هاوینە هەوارەکان و پاریزگای هەولیرو هەمو رێکخراوە گەلیەکان لە صلاح الدین و سەرسەنگ تاکو ئەم دو لیژنەیە پروگرامی تەواو ریك بخات و راپورتیك پیشکەش بکات دەربارەی ئەو چالاکیانەی لەم ئاهەنگانەدا ئەنوینرین .

بارەگای نەقابەی پیشەسازیەکان لە سلێمانی

نەقابەی پیشەسازە تەکنیکیەکان بریاری دا کە بارەگایەك بۆ نەقابەکەیان لە سلێمانی بکاتەوە بۆ چاوەدیری پیشەسازە تەکنیکیەکان و پروژەکانیان لە پاریزگای ناوبراوا .
ئەم بریارە کونگرەی نەقابەی ناوبراو داویەتی کە لە حەفتەی رابوردو لە سلێمانی بە ئامادەبونی کاك قیس الشریدە نەقیبی پیشەسازە فەنیەکان و دو ئەندامی ئەنجومەنی نەقابەکە گیرابو .

شینی ئەمجارەی شاری شێخ مەحمودی نەمر

شاری شێخ مەحمودی نەمر ئەمجارەش هەروەکو گەلی جاری تر هەر لە میژوی دروست بونیەوە .. دیسان تارای رەشی پوشیوە .. ماتەمینی دایگرتەوە .
بەبیستنی دەنگوباسی کۆچی دوایی خۆا لێخوشبو شێخ لەتیفی شیخ مەحمود خەلکی کەوتنە سەر شەقامەکان .. بەرەو مزگەوتی گەورە رویشتن .. رەنگی زەرد بالێ کیشابو بەسەریاندا .. زۆربەیان بروایان نەئەکرد .. بەلام کاتیك بەهەزارەها خەلك و بەسەدەها ئوتومبیل بەرەو بەغدا کشان بۆ بەرەو پیری تەرمەکەی شیخ .. ئەوکاتە فرمسیك لەچاو قەتیس ماو ، وەکو بارانی بەهاری ئەمسال بەخور هاتە خوار .. ئالای رەش لەسەر هەمو دوکان و بازارەکان هەلکرا ، ئوتومبیلەکانی شار بەیاخی رەشیان هەلکردبو ..
ئەوانەی نەیان توانی خۆیان بگەینە بەغدا ،هەر لە مزگەوتی گەورەوە تاوەکو دوریانەکەی سەرچنار ریزیان بەستبو بەر پێشوازی تەرمەکە ..
بەراستی دیمەنی شارەکەمانی لەو روژەدا هەر لەدیمەنی هەمان روژی رەش ئەچو لە ساڵی ١٩٥٦ کاتی تەرمەکەی شیخ مەحمودی نەمریان هینایەوە بۆ شارەکەی ..
خەلکی بەهەمان وەفاوە و هەر بەو یادەوە پیشوازی کوڕەکەیان کرد ..وە دیسانەوە بەلینیان تازە کردەوە کە هەمیشە شیخ مەحمود لەبیر نەکراوە خزمەتو قوربانی ئەو هەرگیز لە بیر ناچیتەوە .

فەهمی قەرەداغی پەیامنیری هاوکاری لە سلێمانی

رێگای میرگەسوروریزان

چەند روژی لە مەوبەر دەستکرا بە کردنەوەی رێگای میرگە سور ـ ریزان لەپاریزگای هەولێر کە دریژایی ٣٦ کیلومەترە ئەبیتو نزیکەی ٢٩ هەزارو ٣٨٠ دیناری تێ ئەچیت، وا چاوەروان ئەکریت ئەمسال وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەی ژورو رێگاکە تەواو بکات .

پاشماوەی : قازیێو کورەو ..

قودرەت چێل لوێ شەفێ زا ، سپێدێ پیرەژنو مێهفان رابوون بەررێ خودان چێل وا زای ، گولکا وێ وا لبەر هێسترا مێهفانیو یالسەر دبانت ، چێل ژی وا هشك بووی !!
پیرەژنو مێهفان بەربوونە ئێك و دوو ... پیرەژنێ گوت :
ـ کولکا چێلا منە .
ئەوی گوت :
ـ یا هێسترا منە ، ما تو نابینی هێسترا لێ دبانت !؟
ئێك ژفی و ئێك ژوێ ، نەهەرێ کەسێ سەرەدەر ژکەسێ نەکر ، رابوون چوونە دەف (قازیێ کورە) .
قازی پشتی گوهدایە هەردووا گوت :
ـ نینە هێستر لگولکێ ببانت ئەف هەر چێ نابت ، ما جبرائیل هاتی یە سەر عەردی و ئی کاری بکەت !!
دبێژن جبرائیلی گوتێ :
ـ شرعەتێ تە لتە پیروز بت ... و بیرەژن چو مالا خو ... گەهشتە گولك و چێلا خو ... ئەز ژی هاتمەڤە کەسێ چو نەدا من .

پێویستە بایەخ بدرێت بە لەندروستی کرێکاران

جوامێر

یەکێك لە ئاواتە هەرە بەهادارەکانمان پێشکەوتنی گەلو وڵاتەکەمانە وە گەلەکەمان ساتەهای ساتە لە پێناو ئەم ئامانجە پیرۆزەدا قوربانی ئەدات جا ئێمە کە ئەم ئاواتەمان هەیەو سورین لەسەر بەدی هێنانی ، ئەبێ بشزانین مەرجە سەرەکیەکانی پێشکەوتن چیە ، وە من لێرەدا ئازم دانم ئەم مەرجانە دەستنیشان بکەمو یەکە یەکە شیان بکەمەوە بەلکو ئەمەوێ ئەوەتان بیر بخەمەوە کە کرێکاران دەستی بالایان هەیە لەم پێشکەوتنەدا ، چونکە ئەوانن سەختترینو گرانترین بەش کەئەرکی بەدی هێنانی پێشکەوتن هەلئەگرن ، بۆیەگوێ دان بەکریکارانو باری ژیانو دوخی کارکردنیان یەکێکە لە مەرجە کاریگەرەکانی بەرەو پێشەوە چون .
ئێستا لە کوردستاندا ژمارەیەکی گەورەتر لە جاران کریکارهەیە ئەمەش بەهۆی بونی هەندێك کارگەو فابریقەو کومپانیاوە کە روخساری هاوچاخانەی بەرهەم هێنانیان هەیەو هەر ئەمەشە کە روخسارێکی پێشکەوتوانەی داوە بەوڵات لەبەر ئەوە ئەبێت زۆر بەتەنگ ئەم کارگەو فابریقەو کۆمپانیایانەوە بێینو چی لەتواناشدا یە بکرێت بۆ پەرە سەندنو گەشە کردنیان یەکێك لەو لایەنە هەرە گرنگانەی کە ئەبێت بپاریزرێت کرێکارانی ئەم کارگەو فابریقانەو کریکارانی ترە ، وەئەبێت هەرگیز ئەو راستیەمان لەبیر نەچێت کە (مرۆڤ بەنرختریـن سەرمایەیە لە دنیادا) .
مەسەلەی پاراستنی تەندروستی کریکاران مانای پاراستنی بەنرختریـن سەرمایەکانی وڵاتەو پاڵپێوەنەری رەوڕەوەی پێشکەوتنە . بەڵام راستیەکەی ئەم مەسەلە بەپێی پێویست گوێی پێ نەدراوە ،وەئەگەر ئێستاش بکەوینە لێکۆلینەوە ئەم راستیەمان بۆدەر ئەکەوێت ، وە من لێرەدا تاقە نمونەیەك ئەهێنمەوە کە لە سلێمانی هەستم پێ کردوە ، لە شاری سلێمانی ، کارگەی پوختەکردنی توتن و کومپانیای دروست کردنی جگەرە هەیە . هەندێك قۆناخی کارکردن لەم کارگانەدا پیویست بە جۆرەدۆخێکی تایبەتی هەیە ، وەکو، پلەیەکی تایبەتی گەرمـاو رادەیەکی تایبەتی شـێ (رطوبەت) .. هتد ، ئەمدۆخە نا ئاساییانە کاریان کردۆتە سەر تەندروستی ئەو کرێکارانەی لەم بەشەدا کار ئەکەنو هەندیکیان تووشی نەخۆشی سیل بون بێ گومان حاڵ وا بروات دەستە دەستە کریکاران توشی ئەم نەخۆشیەو نەخۆشی سامناکـی تر ئەبن . جابۆ چارە کردنی ئەم حاڵە ناڵەبارە پێویستە لەپێش هەموشتێکا کارێکی وا بکرێت کە ئەو کریکارانەی ئێستا نەخۆش بە گورجی چار بکرێنو چی پیویستە لەم روەوە درێغیان لێ نەکرێت . وە بۆ چاکردنی دۆخی کارکردنو بەربەست کردنی هۆیەکانی پەیدابونی نەخۆشی ئەمەش بەوە ئەبێت وەزعی تەکنیکی کارگەکە بگۆردرێت بە باریکدا کە مەترسی نەمێنێت بۆ تەندروستی کریکاران هەروەها ئاستی ژیان گوزەرانی کریکاران بەرز بکرێتەوە تاکو بتوانن بەرهەڵستی هەمو ژروفێکی ناخۆشی کارکردن بکەن .
بێ گومان مەسەلەی پاراستنی تەندروستی کرێکاران ئەرکێکی گەورەو واجبێکی نیشتمانیە کە بەهیچ جۆرێك نابێت پشت گوێ بخرێت لەبەر ئەوە با لەمەودوا کاربەدەستانو نەقابەکان زیاتر بەتەنگ تەندروستی کرێکارانەوە بێن .

institut kurde de paris

هاوکاری

ئەمەریکایە کە هێزە ئاسمانی‌و دەریاییەکانی ئەنێرێتە ســـەر کۆماری دیموکراتی ڤێتنـــام‌و بوەتـــە هۆی جەنگ تەنینـــەوە لە هەمو ڤێتنامدا • وە هەروەها ئەمەریکایە کـــە خاکی لاوس‌و کەمبودیای داگیر کـــردوە ، ئەمەش بۆتە ئەوەی کـــــە مەیدانەکانی جەنـــگ لـــە هیندوچین ببێتە یەك مەیـــدان ئیستاش‌حکومەتی ئەمەریکا دێت وا باسی کارە دوژمنانەکـــانی ئەکات کە گوایە بەربەســـتی (هێرشی) ڤێتنامی ســـەرو ئەکات ، بەم قسەیە ڕاســـتی سەرەوخوار هەڵگیراوەتەوە هێزە ئەمەریکاییە داگیرکەرەکـــان هەرچی جۆرە وەسیلەی دڕندانە هەیە بەکاریان هێناوە لەڤێتنام‌و هیندی‌چین وە هـــەزاران هەزار کەسیان لە ڕۆڵەکانی گـــەل کوشتوە ، کەچی حکومەتـــی ئەمەریکا بەرامبەر بەمـــە ورتەی نەکردوەو ســـەرەڕای ئەوەش ئەقێرێنێت کە گوایـــە گیانی سەربازە ئەمەریکاییەکان (ئەپارێزیت) ڕاستیەکـــەی هۆی تیا چونی گیـــانی لاوە ئەمەریکاییەکان لە مەیدانـــی جەنگی ڤێتنامدا سیاســـەتی دەستدرێژکەرانەی حکومەتـــی ئەمەریکایە • مەسەلەکە بەم جورە ئاسان ئەبێت ئەگـــەر حکومەتی ئەمەریکا بێتـــو دەست‌وبرد هەمو هێزەکانی بێ هیچ مەرجێك بکێشێتەوەو واز لە پشتگیری‌کردنی تاقمـــە بەکرێ گیراوەکە بهێنیت ،هەمو ئەو ئەمەریکاییانەی لە جەنگدا دەستگیر کـــراون بەزووی ئەگەڕێنەوەو گیانی ســـەربازە ئەمەریکاییەکانیش بێ‌گومـــان ئەپارێزرێت • بەڵام حکومەتی ئەمەریکا کە هەر بە توندوتیژی بەردەوام ئەبێ لە پەرەپێدانـــی جەنگا زیاتر گیـــانی لاوە ئەمەریکاییەکان بەفیڕۆ ئەدات• ئیتر چۆن باسی (پاراســـتنی) گیانیان ئەکات • حکـــومەتی ئەمەریکـــا ئەڵێت گوایە ئـــەم کارانە ئەکات بۆ ئەوە نی‌یـــە پەرە بە جەنـــگ بـــدات‌و توندتری کا بەڵکو بۆ ئەوەیـــە کە کۆتای بە جەنگ بهێنێت • ئەم قسە درۆزنانە بە تـــەواوی سروشـــتە بێ‌فەرانەکەی دەست درێژکەرە ئەمەریکاییـــەکان دەرئەخات • ئەمانەوێ زۆر بـــە ڕاستی بەحکومەتی ئەمەریـــکا ڕابگەیەنین : کەوا ئەو زەمانـــە هەتا هەتایە بەسەرچو کـــــە دەوڵەتە گەورەکان بە ئارەزوی خۆیان ببن بە شێر بەســـەر دەوڵەتە بچوکەکانەوە ، خەباتی گەلی ڤێتنام ڕەوایە ، هەمـــو گەلانی جیهان بەگـــــەلی ئەمەریکاشەوە لای گەلی ڤێتنام ئەگرن • تەقەللادانی ئەمەریکا بۆ سەر پێشۆڕکردنی گـــەلی ڤێتنام بە هۆی (بالا دەســـتی دەریای‌و ئاسمانیەوە) خەوێـــکە کە هەرگیز نایەتـــەدی • وە حکومەتی کۆماری دیموکـــراتی ڤێتنام زۆر چاکیان کردوە کـــە لە بەیاننامەکەیاندا ئـــەڵێن : (گەلی ڤێتنام هێزو توانایەکی ئەواوی هەیە بۆ بەردەوام بون لە خەباتدا ئەگەرچی ئـــەم خەباتە بۆ ماوەی پێنـــج یـا دە ساڵ هەتا زیاتریش درێـــژە بکێشێت • چین بە حکومـــەت‌و گەلەوە ، بە توندی پشـــتگیری ئەو هەڵوێستەی حکومـــەتی کوماری دیموکراتی ڤێتنـــام ئەکات کە لە بەیاننامەکـــەی ١٠ی مایسی ١٩٧٢دا پێشانی داوە ، وەحکومەتـــی چـــین دیســـانەوە دوپاتی ئەکانەوە کە گەلی چین بەهەر حەوت ســـەد ملیونەکەیەوە پاڵپشـــتێکی بەهێزی گەلی ڤێتنامە ،وە هەمو خاکی بەرینی چین بەڕاســـتی پاشەنگێکی سەختی گـــــەلی ڤێتنامە ، ئـــەم هەڵوێستەمان ، هەڵوێستێکی چەسپیوە کە لـــە هیچ زروفێکدا ناگۆڕێت •

سەبارەت بەوەی کـــــە ئیمپریالیزمی ئەمەریکا ئەپری دوژمنانەی خۆی دژی ڤێتنـــام ڕاناگرێت ئەم شەرە لە هـــەر قالبێکدا بێت‌وڵانە یەکگرتوەکان ڕاستەو خۆ خۆیان بیکەن یـــان بەهۆی نوکەرەکانیانەوە بـــێ ، هێزی زەمینی بەکار بێنێ یاهی ئاسمانی یا ئاوی لەهەمو ئـــەم حاڵەتانەدا ئیمـــە پشـــتیوانی‌و یارمەتی توندی گەلی ڤێتنـــام ئەکەین تا درێژە بدات بـــە شەڕی بەرگری‌و سەرکـــەوتنی تەواو بەدەس بێنێ •

ژێرکەوتن بۆ دەستدرێژکەرە ئەمەریکاییەکان، سەرکەوتن بو گەلی ڤێتنام‌و سێ گەلەکـــەی هیندی چین

پاشماوەی : کورتە نامەیەك بۆ

گرتبو •

لەبیرمە ڕوژێك خوێندکاریکی هەندەران لە زانستگا بە منـی گوت : (ئێوە پێشکەوتوترین وولاتی دنیـــان) • من لەم ماوەیەدا کە لە بەندیخانە دام تێگەیشتم کە ئیمە بەڕاستی لە جینایەت‌کردن و تاوان‌دا لـــە خەلکی دیکە پێشـــکەوتوین • بیچمی فاشیزم ، لیـــــرە ، ئاشکراتر دەتوانرێ ببینرێ • تەنانەت ئەوکەسانەش. کـــە دەبی لە قانون دیفاع بکەن ـ بەردەســـــتی ریکخراوەکانی ڕەگەزپەرست و ریکخراوەکانی فاشیستی و کایگسترین •

ڕوژێك ئافرەتیکی سپی‌پیست کـــە وای نیشـــان دەدا سەربەریکخراوەی پلینگـــــە ڕەشەکانە ، وە مأمـــوری بەندیخانە بو چەند بەیان‌نامەی دا بەمن ، دوای چەندڕوز بیستم کە دەس‌ڕێژیان لێ‌کردوە و بە گوللە کوشتویانە • داخـــــۆ قانونیك نەبـــو ئـــــەوی پی‌موحاکەمە بکەن ؟ داخـــۆ دادگایەك نەبـــو ئـــــەوێ لێ‌موحاکەمە بکرێ ؟

ئەمڕۆ بیستم نیکســـون دیسان لە ئاشتی ، ئازادی ،وە دیموکراسی دواوە • من لـــەم ئەمەو مەرایـــی ، درۆ ، وە دورویی‌ی کە بەســـــەر وولاتەکەمدا فەرمان‌ڕەوایی دەکا ڕەنج‌ئازار دەبینم •

چەدکرێ ، ئیریکا ! ئەمـڕۆ بۆتە باو ، ئەوکەسانەی قسـە لـــە ئازادی و بەرامبـــــەری دکەن کەمتر لە هەموکـــەس بروایان پێ هەیە •

من خەفەتی ئەوە ناخوم کە قولەڕەشم ، من لەوە پەشیمان نیم کە [illegible] وەکـــــو مەکتەبیکی عیلمی و ئینسانی قەبول کردوە • من باوەڕم بە کمونیزم و سەرکەتنی ئـــەو ، وە بەرزگاری‌و بەختـــــەوەری ئینسان هەیـــە • من خەفەتـــی ئەوە ناخوم کە ئەمریکاییم • لە وولاتەکەمدا ئینسانی باش و خاوێن زورە • ئەم ملیونهـــا کەسەی کە لەدژی شـــــەری وەحشیانەی ویتنام ڕاپەڕیون ، ئەرانەی کە لەدژی کوشتاری منداڵان و ئافرەتانی بی‌تاوانی ویتنام ڕەخنە دەگرن ، ئەوانەی کە ڕەگەزپەرستی مەحکـــوم دەکەن وە هەموجاری لـــەگەل ئیمە ، لە خوپیشاندانەکـــانی ئیمەدا و لە خەباتی ئیمـــەدا هاوبەشی دەکەن ـ ئینســـانانی باشی ئەمریکان •

تۆ نازانی ، من ئەمەوروژێ لە بەندیخانەدا چەندسەد نامە وەردەگرم • ڕەش‌وسپی ، مـن بو خۆزاگـــرتنی زیاتـــر لەبەرامبەر دوژمنەکانی ئازادی و دیموکراسی‌دا ـ هان دەدەن•

انجلادیویس لـــە کۆتایی نامەکەی‌دا دەنوسێ ، ئیمـــە دەبی دنیایەك پیك‌بهینین کـــە زوڵم ، نابەرامبەری ، ناهەقی، هـــەژاری ، نەخوشـــی ، وە نەخوینەواری ـ تی‌دا نەبێ •

جۆن ، بینچی ، لوترکینگ وە گەلێ کەسی دیکە گـــیانی خویان لەریگەی دنیایـــەکـی ئاوادا بەخت کرد •

ئیریکا ،دوستی من ! ئەمریکا دوزەخیکی گـــــەورەیە • لەمدوزەخی زوڵم و ناهەقـی‌و بی‌عەدالەتیەدا گولی ژیـــــان هەڵدەپڕوکێ • ئەگەر من‌وتـو لەدەست ئەم زوڵم وناهەقیـــە هاوار نەکەین ، کێ هـــــاوار بکات؟ من باوەڕم بەسەرکەوتنی ئەوریگایە هەیە کە پێمـــان تێ‌ناوە ، با تا ئەووختە مـــن نەشمێنم • •

انجلا دیویس

بۆژانـــــین

کۆماری عێراق

وەزارەتی کاروباری ســـەروئیدارەی ئینجیساری توتـــن مەڵبەندی گشتی

بەیاننامەی ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٧٢ لەئیدارەی ئینجیساری توتنەوە بۆ هەمو وەزێرانی توتن‌و تنباك

بە پێی فەقـــەرەی (٢و)و(٢هـ) لە ماددەی ١٧ی یاسای ئینجیساری توتن ، ژمارە ٥٤ی‌ساڵی ١٩٥٢ی ڕاستەوەکراو ، وە بۆ ڕێکخستنی بەرهـــەمویەکخستن‌و ڕێکوپێك کـــردنی باڵەکانی وەرزێرانی توتـــن‌وتنباك‌و بۆ ئاســـان‌کـــردنی کاروبـــاری وەرگرتـــــن‌وخەزن کـــردن‌و بژارکـــردن بریارمان‌دا بەرهەمی یەك دۆنم‌لە توتن‌و تنباك‌و کێشی باڵەکانی وەرزێرەکان لە ساڵی ١٩٧٢ دابەم حـــۆرەی خوارەوە بێت :ـ

یەکەم : بەرهەمەمی‌یەك دۆنم لەتوتن‌و تنباکی ئەم ساڵ ١٩٧٢ •

ئەبێت «٢٥٠» دوســـەدو یەنجا کیلۆ گرام بێت •

دووەم : نرخی فەردەیەك لەباڵەی توتنی گەڵا ، بەرهـــەمی ١٩٧٢ «٥٠٠» پێنج ســـەدفلس ئەبێت‌و هی باڵەیی کـی تنباکی ئاسایی کە بۆ ناردنـــەدەرەوە ئامادە بێت لە بەرهەمی ساڵی ١٩٧٢ «٣٠٠» سێ سەدفلس ئەبێت •

سێیەم : کێشی باڵەیەکـی‌توتنی گـــەڵا ئەبێت لە (٥٠) یەنجا کیلۆ گرام زیاتر نەبێت‌و لە (٣٥) سێ‌و پێنج کیلۆ گرام کـەمتر نەبێت •

چوارەم : کێشی باڵەیەکـی‌تنباکی ئاسایی‌و خڕ ئەبێت لە (٥٠) یەنجا کیلۆ گرام زیاتـــر نەبێت‌و لە (٣٠) سی کیلۆگرام کەمتر نەبێت ، وە بۆ باڵەیەکی‌تنباکی ئامادە کراو بۆ ناردنـــە دەرەوە (توتك بێت‌یان شاهان) ئەبێت لـــە (٣٠) سی کیلۆگرام زیاتر نەبێت‌و لە (٢٠) بیست کیلۆگرام کەمتر نەبێت •

پێنجەم : ئەو بارانە کە بریاری لەســـەر دراوە بۆ باڵەیەکی توتن ئەگەر لە(٥٥) یەنجاو پێنج کیلۆگرام زیاتر بێت یان لە(٣٥) سی‌و پێنج کیلۆگرام کەمتر بێت پارەکەی نادرێت •

شەشەم : ئـەو بارانـــەی‌سەرەوە کـــە بریاری لەســـەر دراوە بۆ باڵەیەك تنبـــاك« ئاسایی‌و ئامادەکـراو بـــۆ ناردنە دەرەوە » ئـــەگـــەر کێشەکەی لەوەی کـــە لـــە فەقەرە چوازدا بریاری لەســـەردراوە کەمتر بێت یان زیاتـــر پارەکەی نادرێت •

حەوتەم : ئەو باڵـــە توتن‌وتنباکانەی کە کێشەکەیان نـــە «٦٦» شەستو شەش کـــیۆگرام زیاتر بێت وەرناگیردرێت، جگە لە نەدانی پارەی مەوادی‌ئەو بارانەی کە لە ســـەرەوە باسمان کردن •

هەشتەم : پێویستە لەسەرهەموو خاوەن ئیجازەکـــانی وەرزێرانی توتن‌و تنبـــاك بـــەپێی ئەم تەعلیماتە کاربکەن‌و خۆیانی پێوە ببەستنەوە ، هەرکەسێکیش سەرپێچی لێ‌بکـات بەو سزایانە سزا ئەدرێت کەلە یاسای ئینجیساری توتـــن ژمارە ٥٤ی ســـاڵی ١٩٧٢داهەیـــە •

**بەرێوەبەری‌گشتی‌و سەرۆکی ئەنجومەنی ئیدارەی ئ

هاوکاری

وردە بیخوێنەرەوە

هەروەکو لاوەکان هەندێ شتی تازە بابەتیان هانیوەتە کایەوەو پلار لەمو لەو نەگرنو هەندێکیان لە بەرهەمی کەس رازی نینو دەستکاری پیتو وشەو برگەو مانای هەمو شتێك ئەکەن هەروەها پەرچ دانەوەیەکی سەیریش لەلایەن کۆن خوازەکانەوە کەوتۆتە روو کە هەڵئەشاخێن بە هەمو شتێکی تازەو تازە خوازیدا بێ ئەوەی سەرنجێکی لێبدەنو بزانن بەراستی گۆڕانو پێشکەوتنە یا لاسایی و خۆهەڵسونە بە خەڵکی بێگانەدا ؟!

هەروەکو بەشی یەکەم تێهەڵچونێکی بێ سەروپێیە هەروەها بەشی دووەمیش بەربەرەکانیەکی نارەوایە •

چونکە تازە لەسەر کۆن بینا ئەکریت ، کۆنیش لەسەر کۆنترو تازە تر لەسەر تازە بەلام دوای ئەوەی کۆن لە ئوتێ رێگرو بێ چێژ بژان ئەکرێتو هوتوربە ئەکرێت بە پێویستی چەرخو بەرگێکی چەرخی تازەی بە بەردا ئەکرێتو ئەخرێتە پێش چاو ئەبێ بە بەرهەمێکی پڕ سود •

ئابەم جۆرە پێویستە بەرهەمی ئەدەبو شیعرو نوسینی هەردوولا کۆنو تارە هەڵسەنگێنین

چاك ئەوە بزانین کە ئەگەر کۆنو کۆنتر نەبوایە تازەش نە ئەبو • ئەگەر تازەش نەبێت ژیان نامینێتو پێشکەوتن رائەوەستێ کە ئەمە دژی یاسای سروشتە •

بۆیە پیاهەڵشاخانو بە ناهەق بەگژاچون بێ ئەوەی بناغەیەکی ماددیو عیلمی هەبێ زیان ئەگەیەنیت بە کۆمەڵ هەروەها کۆن بە هیچ زانین بێ بەشمان ئەکات لە میراتو گەنجینەی بەنرخی گەلەکەمانو مروڤایەتی •

کەواتە با دەست بگرین بە سەرەتای رەخنەو لەرەخنە لەخۆ گرتنی علیلمیانەو سەرەتاکانی دیالەکتیکەوە بەرامبەر مێژوو کۆمەڵو پێشکەوتنو گۆڕان •

وەلیس

گۆرانیەك لە ریزەوەکەدا

★ وێنەیەکی شۆڕشگێڕانە لەهونەری تازەی میسردا ★

دوا بەرهەمی سینەمای میسر فلیمێکە بە ناونیشانی « گۆرانیەك لەریزەوەکەدا » ، رەخنەگرەکان ئەڵێن « زیاتر لە هویەك هەیە ، وای کردوە ئەم فلیمە ببێتە باشترین فلیمی ئەم وەرزە « موسم » چونکە یەکەم فلیمە راستەوخۆ ئەشەری پێنجی حوزیران ئەدوێت » ؟ لەبەر ئەوەش بو لە میهرەجانی سینەمای لاواندا لەشام پاداشتی یەکەمی وەرگرت •

سیناریوی ئەم فلیمە لە شانۆییەکەوە وەرگیراوە کە چیرۆك نوسی شانۆیی « عەلی سالم » بەهەمان ناونیشان نوسیویەتی •

رۆداوی فلیمەکە لەریزەوەکەدا ڕوودەدات ، کەوتۆتە نێوان دوو چیاوە ، پێنج سەرباز یاساولی ئەو ریزەوەیان پێسپێردراوە کە ئەم هونەرمەندانە دەورەکانی ئەبینن :

★ مەحمود مورسی ـ لەدەوری وێکایە ، کەوتۆتە نێوان دوو چیاوە ، پێنج سەرباز یاساولی ئەو ریزەوەیان پێسپێردراوە کە ئەم هونەرمەندانە دەورەکانی ئەبینن :

★ مەحمود مورسی ـ لەدەوری محەمەدی بارچاوەشدا •

★ مەحمود یاسین ـ لەدەوری موچەخۆرێکی سەرنەکەوتودا کە بونی بەسەرباز غیرەتی ئەنێتە بەرو تانکێکی ئیسرائیل ئەشکێنێ •

★ ئەحمەد مەرعی دەوری هونەرمەندیك ئەبێنێ ناوی حەمەیەو ئاواتی ئەوەیە رۆژی ئاوازەکانی بگاتەگوێی خەڵکی •

★ سەلاح قابیل دەوری لاوێکی هەڵپەرست ئەبینێو ناوی مونیرە •

★ سەلاح سەعدەنی دەوری مەسعودی دارتاش ئەبنیێ کە کراوە بە سەرباز •

فلیمە کە لەوێ وە دەست پێ ئەکات کە جیهازی لاسلکی ئەم پێنج سەربازە ئەشکێو پەیوەندیان لەگەڵ سەرکردەکانیان ئەبڕێت ، جا لەماوەی هەڵسوکەوتی نێوان خۆیان لەو کارەساتە دایەکەیەکە ئەناسرێن « مونیر » یەکەم کەس ئەبێت ئەپرسێت مانای مانەوەیان و پیویستی مانەوەیان لەم شوێنەچیە ؟! « محەمەدی بارچاوەش » وەڵامی ئەداتەوە : تامردن ئەم رێزەوە بەر نادەین ، « مونیر » ترس دای ئەگرێتو لەناو ئەچێت • چوار کەسەکەی تریان چارەنوسیان ئەبەستنەوە بەچەکەکانی دەستیانەوە جاروباریش بەو ئاوازەی حەمدی هاوڕێیان دای ناوە ئەم گۆرانیە ئەڵێن :

« ئەگریم !•• خوێنم ئەڕێژم •• ! ئەمرم •• ! بەلام با زەردەخەنەی لیۆی میسر بژی ! » ••

دەرهێنەری ئەم فلیمە « عەلی عەبدولخالق » هونەرمەندێکی لاوەو تەمەنی (٢٨) ساڵە ، دەربارەی ئەم کارە هونەرییەی ئەڵێت :

من نەوەی ریزەویکم باوەرم بەوەهەیە ، کە بیروباوەری دواکەوتو لە سینەمای میسرا ، گیروگرفتی هەرە گەورەی سینەمای میسرە کەبەرەو بەرهەم هێنانی فیلمی « جنسو تاوانو شتە بێ کەلکەکانی تری » بردوە• ئەمڕۆ ئەرکی سەرشانی ئێمە ئەوەیە ، لەخەڵەتاندنی جەماوەری خەڵك دورکەوینەوە لە زیانە روبەروی گیروگرفتەکانی ژیانیان بکەینەوەو رێگای ژال بونیان بەسەر ئەو گیروگرفتانەدا بۆ دیاری بکەین•

گۆرانی هاوکاری

هۆنراوەی برتۆلت برێخت وەرگێڕ ـ ئەنوەر شاکەلی

ئەی گەلانی ئەم سەرزەمینە هەستن ،
یەك بگرن لەپێناوی ئەم ئاواتەدا :
زەوی ببێتە هەی خۆتان •
بڕۆن بۆ پێشەوەو لە یادتان نەچێ
هێزی ئێمە لە کوێدایە •
برسی بن یاتێر ،
بڕۆن بۆ پێشەوەو لە یادتان نەچێ •
هاوکاری ••• بەڵێ هاوکاری •
رەش ، سپی ، زەرد
کوشتار ببڕنەوە •
ئەگەر گەلان خۆیان قسەیان بکردایە
زوو رێك ئەکەوتن ،
بڕۆن بۆ پێشەوەو لە یادتان نەچێ •
ئەگەر بمانەوێ زوو ئاوات بەدی بێنین
پێویستمان بەتۆ هەیە ، تۆ •••
ئەوەی واز لەهاوڕێ یانی بێنێ ،
واز لە خۆی دێنێ •
بڕۆن بۆ پێشەوەو لە یادتان نەچێ •
ئاغاکانمان هەرکێ بن
پێیان خۆشە بمانبینن تێك ئەچین •
هەتا جیاوازیمان لەنێوان دا بکەن
هەر ئاغامان ئەبن •
بڕۆن بۆ پێشەوەو لە یادتان نەچێ •
ئەی کرێکارانی جیهان
یەك بگرن بۆ ئەوەی رزگاربن •
سوپا گەورەکەتان
هەموو زۆرداری یەك ئەبەزێنێ •
بڕۆن بۆ پێشەوەو لە یادتان نەچێ •
بەئاشکر پرسیار بکەن ،
برسی بن یاتێر •
سبەینێ هەی کێیە ؟؟
جیهان هەی کێیە ؟؟ •

جیمس بالدوین

چیرۆك نوسی زەنگەکانی ئەمەریکا (جیمس بالدوین) نوسەرێکی ناسراوە بە خەباتگێڕی دژی چەوسانەوەو سیاسەتی رەگەز پەرستی کە ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا •

لەم دواییەدا کتێبێکی نوێی بلاو کردۆتەوە بە ناونیشانی (لە شەقامەکان ، ناو نیە) تیایا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر مەسەلەی چەوساندنەوەی زەنگەکانو مەسەلەی مافی مەدەنی گەلی ئەمەریکا دیاری کردوە •

هەمو بەرهەمەکانی ئەم نوسەرە ، هەر لە چیرۆکە بەناوبانگەکەیەوە (بڕۆ لە بەرزای چیا ئاشکرای بکە) هەتا چیرۆکی (ژورەکەی جیوهانی) هەموی بە گژ چونی ئازایانەی رژێمی سەرمایە داری ئەمەریکا بەو بەرگری کردن لە رەشو روتەرەشەکانی ئەمەریکا •

بەرهەمەکەی ئەمجارەی (لەشەقامەکانا ناو نیە) دەنگێکی فراوانی داوەتەوە ئازایانە بەرگری لە مەسەلەی عادیلانەی زەنگەکان کردوە •

ئیسماعیل یاسین کۆچی دوایی کرد ••



رۆژی سێ شەممەی رابوردو هونەرمەندی کۆمیدی بەناوبانگ (ئیسماعیل یاسین) لە تەمەنی (٦٠) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد •

ئەم هونەرمەندە بە دڵ وەستان کۆچی دوایی کردوە• دوایی ئەوەی لەشاری ئەسکندریەوە گەڕایەوە بۆ قاهرە ، کە بۆ بەرێ کردنی تەرمی هونەرمەندێکی تری کوچ کردو چوبو ، ئەویش (فەتین عەبدول وەهاب)ە کە بەشی زۆری فلیمەکانی (یاسین) لە دەرهێنانی ئەو بو •

هەفتە نامە

بزوتنەوەی هوتابیانی کوردستان لە چاپکراوێك دا

لەچاپ کراوەکانی یەکیتی قوتابیانی کوردستانی عیراق، بەم روانە تیبینیت دەر نەچێت کە باسی میژوی بزوتنەوەی قوتابیانی کوردستانو ئەو قوناغانە ئەکات پیا رۆشتوە ، دیسان کتێبەکە باری سەرنجی یەکیتی تیا ئەبێت دەربارەی (بەرەی قوتابیانی عیراق) •

گۆڤاری بیری نوێ

وەزارەتی راگەیاندن رێگای داوە بە پارتی کومونیستی عیراق گۆڤارێکی هەفتانە بەکوردی بەناوی (بیری نوێ)وە دەرکات •

پێ کەنینی گەدا !

کۆمەڵە چێروکێکی نووسەری بەناوبانگی کورد ماموستا حەسەن قزلجی یە • لەلایەن (بنکەی پیشەوا)وە چاپ کراوە و ئەمرۆژانە ئەکەوێتە بازارەوە چاوەروان بن •

گۆرانیەکانی (شیرزاد عبدالرحمن)

هونەر مەندی پێگەیشتو (شیرزاد عبدالرحمن) گۆرانیەکانی خۆی لە نامیلکەیەکی خنجیلانەدا چاپ کردوە ، دانەیەکی زاردوە بۆ رۆژنامەی (هاوکاری) سوپاسی ئەکەینو هیوادارین رەواجی هەبێت •

ئاگاداری :

● ئەو رۆژەی تیا پێناکەنی رۆژێکی لەدەست چووە •

● ئەوی نەگری پێناکەنێ •

پێشانگای هونەری کاك عزیز سلیم

هەفتەی رابوردو لەبارەگای یەکیتی هونەرمەندانی عیراق پێشانگای هونەری ، هونەرمەندی کورد کاك عزیز سلیم کرایەوە • لەپێشانگاکەداچەندین تابلۆی هەمە چەشنە ئەبینرا کە بەتێکرایی وە بەشێوەیەکی رێئال کلاسیك باری ژیانی کوردەواری ئەخستە روو

کاریکاتور



« بەبێ قسە ! » ••

دیتنەیەك لە کوردستانەوە

ژنی پەناوی دیهاکانی کوردستان لە رەنجبەریدا بەشدارن •

پێشانگایەکی هونەری لە سلێمانی

رۆژی دوو شەممەی رابوردو بە سەرپەرشتی محافظی سلەیمانی ، هونەرمەندان : عەلی جۆڵاو عەلی وردی ، پێشانگایەکی بەرهەمی هونەری خۆیان کردەوە •

ئەم پیشانگایە لە هولی خانوی قوتابیان کرایەوەو ژمارەیەکی زۆری خەڵکی شار بینیان •

وێنەیەکی کۆن

« سالم » لە جەوری دولبەر کۆتاکە شەرحی دەفتەر تۆ ، بێخەبەر لەتاو ئەو ، ئەو بێخەبەر لە یاران

« سالم »

ورده خالی ئیستەکەش نازی لەسەر پەروین ئەکا
چاوی بازی دائیما بازی بە ئاهوی چین ئەکا

ـ سافی ـ

هەرجارەی نوسینێك

دەربارەی دوانەکەی (ماموستا عیزەدین فەیزی)

بێ دەنگ بین و بحەسینەوە یان •••• ؟!

★ لە ژمارەی پێشوی ئەم رۆژنامەیە ، لە لاپەڕەی (ئەدەبو ژیان)دا بە ناونیشانی (مامۆستا عیزەدین فەیزی بیرە وەری خۆی بۆ هاوکاری ئەگێڕێتەوە گفتوگویەك بلاو کرایەوە •• مامۆستای ناوبراو بیجگە لە (بیرەوەریەکانی رابوردوی) باسی زۆر شتی ئەمرۆشمی کردوە •• جا لەوشتانە ، زۆرسەرنجی راکێشام •• ئەم قسانەیەتی کە پێشەکی بۆ بەیاد هێنانەوە دەقی ئەو قسانە ئەخەمەوە بەرچاو :

★ مامۆستا عیزەدین فەیزی لە وەڵامی پرسیارێکا دەربارەی (یەکیتی نوسەرانی کورد لقی هەولیرو وەزعو چالاکی ئەو لقە ئەڵێ :

(پار ئەگەرچی ئەندامیش بوم ، بەلام پەیوەندیم کەم بو ، ئەتوانم بڵیم هەر نەبو •••!!)

★ لەوەڵامی پرسیارێکی نردادەربارەی دەوری یەکیتی نوسەرانی کورد لقی بەغدا ئەڵێ :

« هەر لە دەرچونی گۆڤاری نوسەری کوردەوە ئەزانین مەرکەز چالاکی هەیە ، لە راستیدا ئێمە خۆمان بە غەریب دێتە بەرچاو بەرامبەروان چونکە هیچ پەیوەندیمان لەبەیندا نیە •••!! » •

★ لە وەڵامی پرسیارێکیشادەربارەی پەیوەندی یەکیتی نوسەران لقی هەولێر لەگەڵ رێکخراوەکانی تردا مامۆستا فەیزی ئەڵێ :

« ـ نەخێر نیەتی •• (جابۆ نەبێت) وەڵام ئەداتەوە : تا ئێستا بیری لێ نەکراوەتەوە ، دورنەچین ئێمە کە لەبنای یەکیتی مامۆستایانین پەیوەندیمان لەگەڵیانا نیە !!!»

مامۆستا عیزەدین فەیزی ئەوەندە بە دڵپاکیو ساکاریەوە وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوەکە هیچ ماوەی نەداوە بەوەی (لە خۆیەوە قسە دروستبکات) بەلکو (زۆر زۆر راستگۆیانەو ئاشکرا دەستی بۆ هەمو راستیەکی (یەکیتی نوسەران) راکێشاوە •• لەبەر ئەوە •• ئێمە لەنوسینی ئەم چەند دێرە مەبەستمان رەخنەگرتن لە ماموستای ناوبراو یە

بە پێچەوانەوە (راستگۆییەکەی) شایانی رێز لێنانە کە نەیویستوە بە پێچو پەنا) لەخۆیەوە بە شتێکا هەڵدات ، شایەنی پیاهەڵدان نیە ••

ئەوەی ئەمەوێ بیڵێم چەند پرسیارێك ئاراستەی یەکیتی نوسەرانی کورد ـ لقی هەولیرو (مرکز !)و هەموو نوسەرانم ئەندام ئەکەم لە یەکیتی (کەمن یەکێکم لەوان) •

ـ ئایا لە هەولیر یەکیتی نوسەران کە •• رێکخراوی روشنبیرانو تی گەیشتوەکانە بە چ رێگایەك هەڵبژاردنیان کردوە • تا ئەندامی بێتە سەرۆك (کە ئەتوانی بڵێ هیچ پەیوەندی بە یەکتیەوە نەبوە!؟)

ـ ئەمەوی لە لقی (مەرکەز) بپرسم ! کە بۆ لەگەڵ لقەکانی یەکیتیدا لە کوردستان (غەریب بێتە بەر چاو ؟!)•• کونگرەی دووەمی یەکیتی لەهەولیر (وای بریاردا غەریب بێتە بەرچاو ، ئەی (لستە بریارو داوا کاربیەکانی کونگرە لە چ دۆڵاوێکا خنکێنراون •

نەء توبلێی یەکیتی نوسەرانی (مەرکز) ، بنوانێ بە ئەندامەکانی بسلمێنێ •• (بونی مانای چیە ؟!) ••

لە چ رۆژگارێکا •• لەیەك شار ، بەلکو لەیەك خانودا ، دو رێکخراوی کوردستانی پەیوەندیان بەیەکەوە نەبۆبێ ؟!

وادیارە لە حالیکدایە رەخنەگرتنو لێکۆلینەوە رێوشوینیکی نیە ئەناومانا ! رخنەگرتن مایەی دەردی سەریە ! بێدەنگی حەسابەوە !

کەواتا با دەست بەدەمەوە بگرینو شوکرانەبکەین !

ـ عبدالله عباس ـ

نگەم وێنەیە

« دایك و جگەر گۆشەکەی » !

ئەمە چەندە ؟

باج بدەو قژت درێژ کە !!

لە زۆر ولاتانی جیهان ، قژ درێژ کردنی کوڕان قەدەغەیە بەربەستی ئەکرێت • بەلام لەهەر ولاتەو رێگاو شوێنی تایبەتی هەیە بۆ بەر بەستی کردنی (قژ درێژی کوڕان) بۆ نمونە لە دورگەکانی فلیپین، قژ درێژ کردن قەدەغە نیە ، بەلام هەر کوڕێك قژی درێر بێت ئەبێت ساڵی (پێنج بیزۆس) کە ئەکاتە ٣٠٠ فلسی خۆمان باج بدات بە حکومەت لەوەش سەیر تر ، هەرچی قژی درێژ بێتو ئەم باجە ساڵانەیە نەدات بەم جۆرە سزا ئەدرێت :

ـ یان دوو رۆژ حەپس ئەکرێت •

ـ یان باجەکە ئەکرێت بە دوو ئەوەندە

ـ ئەگەر هەر سودی نەبو پاك سەری ئەتاشن !

هاوکاری

روژنامەیەکی هەفتانەی گشتی‌یە لە دار الجماهیر
دەرئەچێ
ژمارە (١١٩) (٣)ی حوزەیرانی ١٩٧٢
نرخی ٢٠ فلسە تەلەفۆن - ٢٠٣٦٥ -

پێشمەرگەی فەلەستینی وژاپۆنی دەستێکی دلێرانە لە سەهیۆنیەکان ئەوەشێنن

گەلەکەمان لە ئیمپریالیزم وکومپانیاکانی بەهێزترە

میللی کردنی نەوت دەست خستنەوەی مافێکی رەوای گەلە لە جنگ ئیمپریالیزم وکومپانیاکانی

سەرۆك احمد حسن بکر ئێوارەی ٢ - ٦ لە تەلەفزیۆن و ئیستگەی بەغداو ئیستگەی- صوت الجماهیر - بریاری میللی کردنی کۆمپانیای نەوتی عێراقی بلاوکردەوە ٠

وە لە بەیاننامەکەدا کە ئاراستەی جەماوەری گەلی کرد وتی : ئەنجومەنی سەر کردایەتی شۆڕش بەناوی گەل یاسای میللی کردنی کاروباری نەوتی عیراقی ژمارە (٦٩)ی سالی ١٩٧٢ی لە بەرواری ١ی حوزەیران دەرکرد ٠ ئەمەش تەواوی بەیاننامەکەیە کە سەرکۆمار خوێندیەوە :

ئەی جەماوەری گەلەمەزنەکەمان

ئەی جەماوەری نەتەوەی عەرەب

نیشتمان پەروەرو پێشکەوتن‌خوازان لە هەمو شوێنێك دا خەباتی ئەو نەتەوەو گەلانەی کەدووچاری‌دەستی چەوساندنەوەو ئازاردان بون‌لەلایەن ئیمپریالیزمەکانەوەئەو خەباتەهەربەردەوامەو بەبێ زال‌بون بەسەر پاشماوەسەرەکیەکانی‌و لەرەگ هەلکێشانی بەرژەوەندیەکانی کۆتایی نایەت ٠ ئیمپریالیزمی جیهانی کە دەستی ئازاردان‌وچەوساندنەوە بۆ نەتەوەو نیشتمانی عەرەب درێژەکات ،هەوڵ‌ئەدات کە جەماوەر هەژار بکات‌و وەری خەبات‌کردنی‌تێك‌بشکێنی‌و ئەو نەتەوە جوامیرەمان ژێردەستە بکات‌وقازانجی خوی بپارێزیت لەسەر حساب‌و دوارۆژی گەلەکەمان ٠

هەر لە جەنگی جیهانی یەکەمەوە ئیمپریالیزمی بەریتانیا دەورێکی سەرەکی گێراوە لە ژاژاوە نانەوە وبەستنی بەیمان رێك‌کەوتن‌و دابەش‌کردنی نیشتمانی‌عەرەب‌و دانی‌فەلەستین بە سەهیونیەکان‌و سەپاندنی ناخۆشترین دۆخ‌و مەرج‌و پێشیل کردنی‌مافەکانی نەتەوەی عەرەب‌و بەرهەلستی توانای نەتەوایەتی‌و بنیات نانی پاشەرۆژی جەماوەری نەتەوەی عەرەب ٠٠٠٠ ئەمجار پەرەی بەرێرەوو کردارەکەی داوەو دوای ئەو ئیمپریالیزمی نوێ بەرابەرایەتی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا هەمو شێوەیەکی دوژمنایەتی مەسەلەی چارەنوسی عەرەبی‌کردوە٠ ئەوەی‌ئاشکرایە سیاسەتی ئیمپریالیزم دژی گەلی عەرەب بەند بوە بە بەرژەوەندی ماددی ٠٠٠٠ بەمەبەستی دەست‌گرتن بەسەر سامانەکانی نیشتمانی عەرەبدا، بە تایبەتی سامانی نەوت‌و مەعدەن‌و کردنی ئەو سامانە بەدەسکەوتێکی سەرەکی بەرژەوەندیەکانی ئیمپریالیزم‌و کومپانیامونوپولیەکان‌و بەردەوام بون لە سیاسەتی بەتالان بردنی سامان‌و دەست درێژی کردن سەرەرای سەپاندنی بونی سەهیونیەکان لە فەلەستینی عەرەبیاو لە خلیجی عەرەب‌و ئەو شوێنانەی داگیرکەرەکان دەستیان پیاگەیشتوە ٠

بەرپابونی شۆڕشی ١٧ی تەمووز بەرابەرایەتی پارتی بەعسی سوشیالستی عەرەب بۆ بەرپەرچ دانەوەی نشوستی پێنجی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧ بو ٠ وە وا پێویست بو کە شۆڕش لەسەرەتاوە رێرەوەکەی دیاری بکات لە رزگاری‌و خەباتی ئیشتمانی‌و نەتەوایەتی‌و بەدی‌هێنانی ویستی جەماوەر بە هوشیاری‌و بروایەکی پتەوەوە ٠ وە لەم ئاستەوە شورش لە ماوەیەکی کەمدا چەند قۆناغێکی بریوەبۆ پتەوکردنی‌سەربەخۆیی نیشتمان‌ورزگارکردنی‌جەماوەرو بەدی‌هێنانی مافە ماددی‌و مەعنەویەکانی ٠ وە بۆ دەستەبەر کردنی دوخێکی گونجاو کە جەماوەر دەوری سەرەکی بگێری لەخەباتی نیشتمانی‌ونەتەوایەتیا ئەو گۆڕانە ماددیە سەرەکیانەی بۆ جەماوەری گەل بەدی‌هێنراون و ئەو گوڕانە دیموکراتیە شۆڕشگێرانە نەتەوایەتیەی بەدی هات‌و دەستخستنی مافە نەتەوایەتیەکانی جەماوەری کوردمانی لە خۆیاندا نواندو مافی روشنبیری کەمایەتیەکانی زامن کرد ٠ بلاوکردنەوەی بەرنامەی کاری نیشتمانی کە بەرنامەیەکی عەمەلی‌یە بۆ یەکێتی نیشتمانی پێشکەوتن‌خوازی قایم ٠

دەرهێنانی‌نەوت دەرهێنانێکی نیشتمانیانە لەگەل سروشتی ئەم قۆناغەدا ئەگونجێ ٠ هەروەها هەنگاوە دلێرەکانی شۆڕش لەپێناوی پەرەپێدانی پەیوەندی لەگەل وڵاتە سوشیالستی‌یەکان‌و بەستنی پەیمانی دۆستایەتی‌و هاوکاری لەگەل یەکێتی سۆڤییەتدا شۆڕشی حەفدەی تەموزی خستە پلەیەکی نوێ‌وە لە پەیوەندی نێو دەوڵەتاندا ٠

جا ئەم‌هانگاوانەی‌کە شۆڕش هەلیهێناوە بەدڵی ئیمپریالیزم‌و سەهیونی‌و بەکرێ‌گیراوان‌نە بوە ٠٠٠

سەیریش نیە کە هێزەکانی ئیمپریالیزم‌و بەکرێ‌گیراوان پیلان بنێنەوەو زور بۆ شۆڕش بهێنین بەڵام ئەنجامی توندکردنی پیلان دژی شورش بو بە هۆی تیژکردنی شورش بو بەکاری تازە هەڵسان کە بەرژەوەندی جەماوەری تیایەو پتەوکردنی هێڵەکانی خەبات دژی ئیمپریالیزم‌و سەهیونیەکان وە لە سەر رێبازی یەکێتی‌نیشتمانی راستەقینە رویشتن ٠ کە رێگای جێ‌بەجێ‌کردنی یەکێتی عەرەبە ٠

ئەمە وای لە شۆڕش کرد کە هەمو توانایی خوی بخاتە کار دژی قازانجی ئیمپریالیزم ئەی جەماوەری گەلە تێکوشەرە کەمان ٠

زۆر چاك ئەزانن کە کۆمپانیاکانی نەوت داردەستێکی گرنگن کە بیروای ئیمپریالیزم لە خۆیانا ئەنوێنن ، بیروری تالان کردن‌و چەوساندنەوەی مونوپولیانەو هەژارکردنی جەماوەر وە هەمیشە نمونەو ناونیشانی‌دەسەلاتی ئیمپریالیزم بون ٠ چاك ئاشکراو روونە کە رزگاربونی راستەقینەی نیشتمانی بەبێ سەپاندنی پایەکانی دەسەلاتدارێتی نیشتمانی بەسەر ئەم کومپانیا- نەدا ناتەواو ئەبێ کە بەپێی ئارەزوی رەوشتی ئیمپریا- لیستانەی ئاتەبا لەگەل فازانجی جەماهیرو رەوشتی چەرخ‌و رێرەوی مێژوو ئەجولانەوە وە خۆیان بە دەوڵەت لەناو دەوڵەتا ئەزانی ٠

بو جەماوەری خەباتکەر ساغ‌بۆتەوە، بەپێی شارەرایی‌و تاقی‌کردنەوەکانی خۆی کە دەست بەسەراگرتنی کۆمپانیا مونوپولیەکانی نەوت رێگای دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی نیشتمانی‌و ئابوریەکە ناوەرۆکی سەربەخۆیی سیاسین بەم پێیە

بڕوانە ل ٢

پێشمەرگەی فەلەستینی‌و ژاپۆنی دەستێکی دلێرانە لە سەهیۆنیەکان ئەوەشێنن

پاریس : تۆکیۆ : بیروت :٣١-٥ :سێ فیداکاری بەرەی‌میللی رزگاری‌هێنەری فەلەستین‌بە کلاشینکۆف نارنجۆك پەلاماری فروکەخانەی (اللد)ی‌نزیك تەل ئەبیب یان داوە ، وەلە ئەنجامدا (٢٦) کەس‌کوژراوەو (٧٢) کەسی تر بریندار بون‌و (٣) فروکەش‌تێك شکاون ٠

بەیاننامەیەکی بەرەی میللی لەم رووەوە ئەڵێ سێ‌فیداکارەکە لەدەستەی (پاتریك اورحیلو)‌ی‌و بە هەزاران کیلومەتر رێگایان بریوە بۆ بەشداربون لە خەباتی گەلی فەلەستینا وە بۆ ئەوەی بی‌سەلمێنن کە مەسەلەی فەلەستین بەتەنیا مەسەلەی گەلی فەلەستین نیە بەڵکو مەسەلەی شۆڕشگێرانی سەرانسەری دنیایە ٠

ئاژانسەکانی دەنگوباس وا ئەگەیەنن کە ئەو سێ فیداکارە ژاپۆنیە لە فرۆکەخانەی رۆما سواری فرۆکە فەرەنسایی‌یەکە بون‌و هیچ خۆیان تێك نەداوەتا گەیشتونەتە فروکەخانەی (اللد)و لەوی لە هۆلی چاوەروانی کردندا چەکەکانیان دەرهێناوەو ناوچەکەیان گەنم گردی گوللە باران کردوە ٠

ئاژانسی دەنگوباسی رۆیتەر ئەڵی : دوو فیداکار شەهید بون‌و ئەوی تریان دەستێکی بالای هەیە لە حەواندنەوەو مەشق پێ‌کردنی فیداکاراندا ٠ وە ئیسرائیل چی بەباش بزانێ ئەیکات دژی فیداکاران ٠

بەدیل‌گیراوە ٠ لەلایەکی تریشەوە گوڵدا مائیر بە توڕەیی‌و حەپەساویەوە لە کەنیسستدا هێرشی بردۆتە سەر کاربەدەستانی فروکەخانەی رومان وتویە : ئەگەر کاربەدەستانی فروکەخانەکە کەم تەرخەمیان نەکردایە ئەمە ڕووی نەئەدا ٠

وە وتویە : بێروت

تاران بە نارنجۆك وتەقەمەنی پێشوازی لە نیکسۆن ئەکات

رۆژی سێ شەممەی رابوردوشاری تاران بە نارنجۆك‌وتەقەمەنی پێشوازی لەنیکسونی سەروکی ئەمەریکای کرد ٠

ئاژانسەکانی دەنگوباس وائەگەیەنن کە دوو کیسەی تەقەمەنی لەو شوینە تەقیونەتەوە کە بریارروابوە نیکسون چەپکی گول لەسەر گۆڕی باوکی شا دابنێ ٠ وە لەغمێك لەژێر ئوتومبێلی بریگادێر هارولد پرایس راوێژکاری عەسکەری ئەمەریکا لە سوپای ئیراندا تەقیوەتەوەو خۆی‌و شوفێرەکەی برینداربون ٠ رویتەر ئەڵی کاربەدەستانی شاو سازمانی ئەمن بەیەگجاری حەپەساون لەبەرابەر ئەم تەقەتەقەدا وە پێش سەردانەکەی نیکسون وایان نیشان ئەدا کە گوایە ئێران دوورگەی ئارامە کەچی ئەنجام بەپێچەوانەوە بو ٠

لەلایەکی تریشە چەند هەوالێك وائەگەیەنن کە بریار وایە لەکۆتایی ئەم مانگەدا شا سەر لە بەریتانیا بدات ٠ وە لە سەردانەکەیدا داوای ٨٠٠ ئانکی چیفتین لە بەریتانیا بکات ٠

ئاژانسەکان

حافظ الاسد سەروکی سوریا بەیاننامەیەکی بلاوکردەوە سەبارەت‌بەدەست‌بەسەراگرتنی بۆری‌و داوو دەزگاکانی کۆمپانیای نەوتی عێراق لە کۆماری عەرەبی سوریادا ٠ بەیاننامەکە وتویەتی : ئەبوایە ئەم هەنگاوە هەلهێنرابایە لە پێناوی پاراستنی سەربەخۆیی سوریاو ئازادی نیشتماندا ٠

ئەوەشی سەلماندوە کە لە رۆژی یەکی حوزەیرانەوە ئەو داودەزگایانەی کومپانیای نەوتی عێراق ئەیێتە مالی میللەت ٠

کورتە هەواڵ

● کوباو رومانیا لە بەیاننامەیەکی دوو قۆلیدا کە لە کۆتای سەردانەکەی دکتور فیدل کاسترو سکرتێری کومیتەی ناوەندی حزبی کومونیست‌و سەرەك وەزیرانی کوبا لە بوخارست بلاوکراوەتەوە وتویانە لە چارەسەرکردنی مەسەلەی رۆژهەلاتی ناوەراستدا پێویستە مافو ئاواتە رەواکان گەلی فەلەستین پشت‌گوێ نەخرێ ٠

● شریف بلقاسم وەزیری دەوڵەت‌و ئەندامی ئەنجومەنی شورشی جەزائر کە ئیستا بەسەردان لە سانتیاگۆیە وتویە : ئەگەر کۆمپانیا مونوپولیەکان تەگەرە بخەنە سەر رێگای شیلی ئەوا جەزائر ئامادەیە بەپێی پێویستی نەوتی بداتێ

● تاس : لیژنەی نیشتمانی ئەمەریکایی کە لەپێناو بەرەڵلاکردنی خاتو ئەنجێلا دیڤیس‌و گیراوە سیاسەکاندا هەوڵ ئەدات داوای لە هاووڵاتیان کردوە کە ئابلوقەی ئەو دادگایە بدەن کە لەم رۆژانەدا خەباتگێر دیڤیسی تیا محاکەمە ئەکرێت ئەوەی شایانی باسە دادگایەکی تایبەتی لە شاری سان خوسێ لەهەرێمی کالیفورنیا محاکەمەی دیڤیس ئەکات ٠

کوژرانی ٨٠٠ سەربازلە شاری کونتوم

وەزیری ئابوری رژێمی بەکرێ‌گیراوی سایگون لە وتوویژێکدا لەگەل‌پەیامنێری رۆژنامەی (شیکاگۆ دیلی نیوز) ئاشکرای کردوە کە باری ئابوری‌و دارایی حکومەتی سایگون بەیەگجاری شپرزە بوەو بێ‌کاری‌و برسێتی بەتەواوی بلاوبۆتەوەو نزیکەی ٣٠ ملیون دۆلار ئاجوغی لە بودجەدا هەیە ٠

چەند هەوالێکیش کە لە جەبهەی شەڕەوە هاتون وائەگەیەنن کە شەڕی دەستەویەخە لە نێوان شورشگێران‌و هێزەکانی سایگوندا بەردەوامە لەشاری کۆنتۆم٠ وە هێزەکانی حکومەت تاکو ئێستا لەو شارە (٨٠٠) سەربازیان لێ کوژراوە ٠ وە شۆڕشگێران لە ناوچەی پین دین (٩٠) سەربازیان لەناو بردوەو دەستیان بەسەر پێنج زرێ‌پۆشدا گرتوە ٠ وە لە ٢٨-٥ دا تۆپەکانی ئێتنامی دیموکرات دوو فرۆکەی بۆمبا هاوێژی قورسی ئەمەریکایان خستۆتە خوارەوە بەم جۆرە ژمارەی ئەو فروکە بۆمبا هاوێژانەی ئەمەریکا کە لە سەر خاکی ئێتنامی دیموکرات خراونەتە خوارەوە گەیشتونەتە ٣٦١٦ فرۆکە ٠

ئاشکرابونی پیلانێکی سەهیۆنیەکان لەئۆگەندە

کەمپالا ٢٩-٥ ژەنەرال عیدی ئەمین سەرکۆماری ئۆگەندە بلاوی‌کردەوە کە پیلانیکی سەهیونیەکانی پوچەڵ کردوەتەوە کە ویستویانە بە هاوکاری چەند وەزیریکی پێشوی ئۆگەندە حکومەتەکەی بروخێنن‌و ئاژاوەو شێواوی لەوڵاتدا بنێنەوە ٠

ژەنەرال ئەمین وتویە : راپۆرتێکی لەبەردەستایە کە بەریوەبەری پێشوی مخابەراتی ئیسرائیل لە ئۆگەندە پێش دوور خستنەوەی بۆ وەزیرێکی پێشوی ناردوەو ناوی چەند وەزیرو ئەفسەرێکی تیایەو داوایان لێ‌کراوە کە ئاژاوە لە وڵاتدا بنێنەوە ٠

وە لەلایەکی ترەوە چەند ئەفسەرێکی بەرزی سوپا بەیارمەتی هەندی وەزیری پێشو پارەیەکی زۆری حکومەتیان لە بانقێکی سویسرە داناوە بۆ جێ‌بەجێ کردنی ئەم پیلانە ٠

سەروکی ئۆگەندە وتویە . بەم زوانە تەواوی پیلانەکەو ئاوی بەشداربوانی بلاوئەکرێتەوە ٠

ئاژەزایی دژی رژێمی خواروی ئەفەریقا

بروکسل : نوفوستی ٣٠-٥ کۆنگرەی جیهانی تایبەتی بەمەسەلەی نامیبیا کۆتایی بە کۆبونەوەکانی هێناوە لە شاری بروکسل ٠ لە کونگرەکەداکە نوێنەرانی رێکخراوی کۆمەلایەتی‌و حکومەتی هەشتاوڵاتی ئاسیاو ئەفەریقاوئەوروپاو ئەمەریکای تیا بەشدار بوە بەتوندی بێزاریان‌دەربریوە دژی ئەو سیاسەتەی‌رەگەزپەرستانی خواروی ئەفەریقا دژی گەلی نامیبیا گرتویانەتە بەر ٠

کونگرە لە بەیاننامەکەیدا وتویە : رژێمی خواروی ئەفەریقا هیچ گوێ ناداتە بریارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان‌و دادگای عەدلی دەوڵەتان وە بە درندەترین شێوە گەلی نامیبیا ئەچەوسێنێتەوە ٠

وە لە کۆتاییا بەیاننامەکە داوای لە هێزەکانی دژ بە ئیمپریالیزم کردوە کە پشتگیری خەباتی گەلی نامیبیا بکەن تا سەرکەوتن بەدەست ئەهێنێ ٠

تەواوبونی کۆنگرەی هەشتەمی یەکێتی کرێکارانی عەرەب

قاهیرە : تاس : هەفتەی رابوردو کونگرەی هەشتەمی یەکێتی کریکارانی عەرەب کوتایی هات ٠ وە کونگرە بریاری‌دا کە سەر لەنوێ صلاح‌الدین غریب وەزیری کاری میسر بە سەروکی ئەنجومەنی مەرکەزی یەکێتی نەقابەی کریکارانی عەرەب دابنرێ ٠ وە سکرتاریەتی ئەنجومەن بریاری داوە کە عبداللطیف بلطیە دابنرێ بە سکرتێری گشتی یەکێتی ٠ وە نوینەرانی عیراق‌و جەزائرو سوریاو مەراکش‌و یەمەنی دیموکرات‌و فەلەستین دانراون بە ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی ٠

institut kurde de paris

دەست خستنەوەی مافێکی رەوای گەل لە جنگ ئیمپریالیزم وکومپانیاکانی

یەکی حوزەیرانی ئەمساڵ بەپێچەوانەی نۆزدەی حوزەیرانی کورد ، رۆژی لەسیدارەدانی چوار ئەفسەری کورد بەدەستی نوکەرەکانی کومپانیای نەوت‌و بەپیچەوانەی (٥)ی حوزەیرانی عەرەب، رۆژی داگیرکردنی خاکی سێ دەوڵەتی عەرەب‌جگە لەفەلەستینی داگیرکراو وە بەپیچەوانەی هەمو حوزەیرانێ کوردو عەرەب ، بو بەرۆژێکی پیرۆزلەمێژوی گەلی کوردوعەرەب‌دا بو بەرۆژی تەمێ‌کردنی ئیمپریالیزم‌و کومپانیاو نوکەرەکانیان ، رۆژێکی پر بایەخ‌وئەنجامێکی سەرکەوتوی خەباتێکی درەوشەداری درێژخایەنی پرفیداکاری‌و لە خۆبوردن ، رۆژی دەستگرتن بەسەر کومپانیای نەوتی عیراق ئەو کومپانیایەی‌ماوەیەکی زۆرە سەرچاوەی داگیرکردن‌و چەوساننەوەوشەپو ئاژاوەو کوێرەوەریە بۆ گەلانی کوردو عەرەب‌وهەمو کەمایەتیەکانی عیراق ٠

بەیاننامە مێژوییەکەی ئیوارەی روژی یەکی حوزەیرانی سەرەك کومارتیکوشەر کاك ئەحمەدحەسەن بەکر مژدەی جێ‌بەجێ‌کردنی‌ئاواتێکی ئیجگار گرنگ‌و بایەخدارو بەنرخی گەیاندبە گەلی عیراق بەتایبەتی‌و بەگەلانی خاوەن نەوت‌و هەمو گەلانی پیشکەوتن‌خواز بەگشتی ٠

بێ‌گومان نرخ‌و بایەخی‌ئەم بریارە میژوییە هەر لەوەدا نیە کە سەدان ملیون‌دینار لە قورگی ئیمپریالیزم دێنێتە دەرەوەو لەپرۆژەئابوری‌و کۆمەلایەتی‌و سەقافیەکاندا خەرج ئەکرێن بەڵکو لەوەشدایە کە رەگی داکوتراوی کومپانیاکانی نەوتی ئیمپریالیزم لەریشە دەرئەهێنێت‌و هەنگاوێکی ئێجگار گەورەوتەوژمێکی بەگوڕ ئەدات بە خەباتی دلێرانەی گەلی عیراق‌لە پێناوی پتەوکردنی سەربەخویی سیاسی‌و رزگارکردنی هەمو لایەکی ئابوری وڵات‌و دەستە بەرکردنی سەربەخۆیی ئابوری تەواو ٠

سەرنجیك بەرەو دواوەبەرەو رۆژانی شەڕی یەکەمی جیهان‌و دوای شەری دووەمی‌جیهان ئەوەمان ئەخاتەوە بەرچاو کەچون ئیمپریالیستەسەرکەوتوەکانی ئەوسا بەپێی چەند پەیمان‌و ریککەوتننامەیەك دەمیان ژەنیە گیانی وڵاتانی داگیرکراوو بەپێی پەیمانی سایکس پیکۆو لوزان و ٠٠٠ وڵاتی کوردوعەرەبیان بەخویانەوە بەست و چارەنوسی‌و ئاواتی سەدان‌ساڵەیان پێشێل کردین ئەوەمان ئەخاتەوە بەرچاوچون ستراتیجێکی گلاوی دوژمنانەیان دانا بۆ بەستنەوەی ولایەتەکانی موصل‌و بەغداو بەسرە لەقەوارەی عیراق‌دا بەپاشکوی ئیمپریالیزمی ئینگلیزیەوە ٠ ئەو نەخشەدوژمنایەمان بیرئەخاتەوە کە دروستکەری ناکوکی‌و ناتەبایی‌و کوێرەوری گەلانی کوردو عەرەب‌و رێ‌گری دامەزراندنی عیلاقاتێکی تەبیعی برایانەی نێوان دانیشتوانی‌عیراق بو ٠ ئەم کومپانیا خوینمژانە بۆ دریژەدان بەسیاسەتی تالان کردن‌و چەوساننەوەی گەلی عیراق‌هەمیشە تەقەللایان داوە مەسەلە سەرەتاییەکانی عیراق چارەسەر نەکریت بەڵکو لەباتی برایەتی‌و هاوکاری‌وپیکەوەژیان تۆوی ناکوکی‌و دووبەرەکی‌و گومان‌و لەیەك‌سلەمینەوەیان ئەچاند کە خۆشیان هەمیشە لەناوبەری‌هەقە رەوا نەتەوایەتی‌و دیموکراتیەکانی هەر دووگەلی کوردو عەرەب بون ٠

ئەم هەلسەنگاندنە راستە ئەوەمان بو دەرئەخات کە دەست بەسەراگرتنی نەوت‌و کردنی بەمولکی گەل ئەوەندەی مایەی سەرفرازی‌و بەختیاری‌و رزگاری ئابوری وڵات‌و پتەوی سەربەخویی سیاسی عیراقە ، سەد ئەوەندە جەرگ‌بڕو کاریگەرو بەسامە بۆکومپانیاکانی نەوتی بیگانەو پایەکانی ئیمپریالیزم‌نەك هەر لەعیراق‌دا بەڵکو لە هەمو وڵاتانی ناوچەکەو دنیاشدا چونکە دەست وەشاندیکی ئیجگار کوشتندەبوو لە قازانج‌و نفوزو

بڕوانە ل : ٧

خەباتی شۆڕشگێڕانەی
گەلان

هەفتەی باسێك

جوانترین نمونەی فیداکاری

لەسەرەتای مانگی رابوردودا، چەند پێشمەرگەیەکی فەلەستین فرۆکەیەکیان فراندو لە ناوچەرگەی ئیسرائیلدا، لە فرۆکەخانەی (لید) دایان بەزاندو داوایان لەکار بەدەستانی ئیسرائیل کرد کەژمارەیەك لەهاوڕێ پێشمەرگەکانیان لە بەندی بەرەڵلا بکەن، ئەگینا فرۆکەکە بەخۆی و ڕێبوارەکانی ناویەوە ئەتەقێنەوە بەڵام ئیسرائیلیەکان توانیان بەفێل زەفەر بە پێشمەرگەکان بهێنن و خۆیان بکەن بەناو فرۆکەکەداو لولەی شەستیریان لێ بخەنە کار، لەئەنجامدا دووپێشمەرگە شەهید بون و ئەوانی تریش بەبریندار ی دەسگیرکران •

ئەم کارە هەرچەندە داواکاری پێشمەرگەکانی نەهانیەدی و بە لەناوچونیان کۆتایی هات، بەڵام نمونەیەکی بەنرخی فیداکاری پێشمەرگەکانی فەلەستین بو، کە لە هەموو دنیادا دەنگی دایەوەو ئیسرائیلیەکانی تۆقاند •

لەکۆتایی مانگیشدا، جارێکی کەیش پێشمەرگەکانی فەلەستین بەیارمەتی چەند پێشمەرگەیەکی ژاپونی نمونەیەکی تری بێهاوتای فیداکاریان پێشکەش بە شۆڕشی هەمو دنیا کرد • ئەوە بو هەفتەی رابوردو چەند پێشمەرگەیەکی فەلەستین لەگەڵ فرۆکەیەکی فەرەنسایدا خۆیان گەیاندە فرۆکەخانەی (لید) وەهەر دوای دابەزین شێلگەی تفەنگیان کردۆتە ئیسرائیلیە دوژمنەکانو ژمارەیەکی زۆریان لێ کوشتونو برینەدار کردونو دوو فرۆکەشیان بە بومبای دەستی خراپ کردوە •

ئەم پێشمەرگە دلێرەجوامێرانە بۆئەوە چون کە بە خوێنی گەشی خۆیان لە ئیسرائیلیە دوژمنەکان بگەیەنن کە گەلی فەلەستین هەرگیز نابەزێتو دەست لە مافەرەوا کانی خۆی هەڵناگرێتو سورەلەسەر خەباتی سەخت لەپێناوی بەدی هێنانی ئەو مافانەداو دوژمن هەرچەند بەهێزو پشت ئەستوربێت بە یارمەتی بێشومار ی ئیمپریالیستە ئەمەریکاییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێت شۆڕشی رەوای گەلی فەلەستین بکوژێنێتەوە • ئەو گەلەی دەستی داوەتە چەکو ڕێبازی خەباتی چەکدارانەی پرۆزی دژی ئیمپریالیزمی گرتۆتەبەر هەروەها ئەوراستیەی چەسپاند کە گەلان هەمو لەبەرەبەکدا خەبات ئەکەن دژی ئیمپریالیزمو داگیرکەر •

ئەم کارە فیداکارانەیە، جوانترین نمونەی گیان بەخت کردنە لەپێناوی ئازادیو سەرفرازیو مافەکانی گەلو نیشتماندا کارێکە کە بەراستی ورەی بەدوژمن بەرداوەو پرژەی بریون، ئەو ئیسرائیلەی کە لەدوای شەڕی حوزەیرانی ١٩٦٧ وە والەخۆی بایی بوە کە هیچ حسابێك بۆ گەلی فەلەستینو گەلانی عەرەبو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی دنیا ناکات، وا تێ ئەگات کە بە داگیرکردنی خاکی وڵاتەعەرەبیەکان لەشەڕی حوزێراندا، (سنوری هێمنی) بۆ خۆی داناوە، کەچی وا پێشمەرگەکانی فەلەستین لەناوچەرگەی ئیسرائیلو لەشکری ئیسرائیلدا جەزرەبە بەئیسرائیلی دوژمن ئەگەیەنن •

کەواتە با ئیسرائیل چاکتر بزانێت کە گەلی فەلەستینو گەلانی تری عەرەب، لەهەرەشەو گورەشەو سەرکەوتنی کاتی دوژمن سڵ ناکەنەوەو، شۆڕشی چەکدارانەی گەلی فەلەستینو گەلانی عەرەب هەر بەدەوام ئەبێت تا ئەگاتە ئامانجەکانی، وەبا ئەو راستیەش چاکتر بزانن کە گەلی فەلەستین لەمەیدانی خەباتدا بە تەنیا نیە، بگرە بە پێچەوانەوە ئەم خەباتە چەکدارە رەوایەی زیاتر خۆشەویست ئەبێت لەنێو گەلانی دنیاو هەمو هەقخوازو هێزە شۆڕشگێرەکانی دنیادا • ئەوەتا هێزە پێشکەوتنخوازەکانی دنیا هەر بە دەم پشتگیری گەلی فەلەستین ناکەن، بەڵکوشان بەشانی ئەوان لەخەباتی چەکدارانەیاندا بەشدارن • وە ڕۆژێك هەردێت کە تەختو تاراجی ئەو بنکە ئیمپریالیستیەلە فەلەستین تێك بدرێت •

سەرکەوتن هەربۆ گەلانو شۆڕشە چەکدارەکەیانەو تێك شکانو لەناوچون بۆ ئیمپریالیزمو نۆکەرانی •

سوارە

لەبیرەوەری شەڕی بۆجونبۆدا

جەنگی بۆجونبۆ سەرچاوەی ئاواتی بوژانەوەی نیشتمان بو

بۆجۆنبۆ شوێنی ئەو شۆڕشە مێژوییەیە کە هیوای ژیانەوەی نیشتمانی خستەدڵی گەلی کۆریاوە کە لەو کاتەدا لە سەختترین ڕوژانی حوکمی کۆلۆنیالی ئیمپریالیزمی ژاپۆندا بو •

شەڕی بۆجۆنبۆ لە ڕوژی چواری حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٧، واتە ٣٥ ساڵ لەمەوبێش، لەژێر سەرکردایەتی سەرۆك کیم ئیل سونگدا بەرپابو، لەکاتێکدا کە زروفێکی پڕ مەترسی لە ئارادابو •

ئیمپریالیستە ژاپۆنیەکان بۆ ئەوەی بەزووترین کات بە شێوەیەکی درندانە ئاسیا داگیربکەن، توندوتیژترین جۆر تاوانو چەوساندنەوەی جانەوەرانەیان لەکۆریا کرد بۆئەوەی بیکاتە بنکەی (ئازوخە) و (زەمینەیەکی خۆش) بۆ خۆیان ئامە لە کاتیکدا کە خۆیان ئامادە ئەکرد بۆ جەنگێکی دوژمنانە دژی گەلانی چینو یەکێتی سۆڤێت • ژمارەیەکی زۆریان لە ڕۆڵەکانی گەلی کۆریا بە بیانوی بردنی چەوە لە بەندیخانە توندکردو زۆری تریان کوشت، ئەیانویست گەلی کۆریا بەتەواوی لەناوبەرن •

لەم کاتە پڕمەترسیەدا سەرۆك کیم ئیل سونگ هاتە پیشەوەو خۆی ڕابەری کەرتەکانی لەشکری ڕزگاری گەلی کوریایی بەرەو بوجونبو کرد کە بەلای دوژمنەوە بایەخیکی ستراتیجی هەبو، لە پێناوی شکاندنی ئیمپریالیزمی ژاپۆنو دڵنیا بون لە سەرکەوتنی شورشی گەلی کۆریا بە پێی ئەو نەخشانەی کە لە کونگریسی (نامهود) و کونگریسی (سوکانگ)دا کێشران •

لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٤ ی حوزەیراندا کەرتەکانی لەشکری شورشگیری گەلی کوریا بەرابەری هەڤاڵ کیم ئیل سونگ کێوی (کونگ جانگ دوك) کە بەسەر بۆجونبودا ئەروانێت داگیر کرا •

کیم ئیل سونگ بە تەواوی دەرکی بەباری عەسکەری و توبوگرافی بوجونبو کردبو وەلە جموجوڵی دوژمن ئاگار بو، بۆیە تاقمێکی لەپیشەوە نارد تاکو بە وردی شارەزای باری دوژمن بن، وەلەسەر ئەو بناغەیە نەخشەیەکی ڕاستی بۆ شەڕ کێشا • دەستەیەکی تری نارده شار بۆ چاودێری کردنی دوژمن، ئینجا سەرکردەکانی لەشکری کۆکردەوە بۆ دابەش کردنی ئەرکی شەڕ بەسەریانا • وەلە سەعات ١٠ی ئەو شەوەدا، دەنگی گوللە ئەو شارەی هێنایە لەرزین دوای ئەوەی کیم ئیل سونگ بە یەکەم گوللە دەستوری دەست پێ کردنی شەڕی دا •

لەیەك کاتا، بە جارێ ئاسمانی شارەکە بە گڕی سوری گوللە گیرا، وەتا گڕ بەربوە دەزگا کانی دوژمن و گەلیك بیناو دامەزراوی دوژمن سوتا، سەربازەکانی لەشکری گەلی کۆریا دوژمنیان دایە بەر شیلگەی تفەنگ و گوللەی تۆڵە، یەکێك لە مەرکەزەکانی پۆلیس و چەند دەزگایەکی تری دوژمنیان گرت •

خەلکێکی زۆر ڕژانە سەر شەقامەکەی بەر مەرکەزی پۆلیس و سلاوی خۆیان بە سەرۆك کیم ئیل سونگ گەیاند، وەبە یەك دەم هاواریان ئەکرد: بژی جەنەرال کیم ئیل سونگ! بژی سەربەخۆیی کۆریا! بژی شورشی کوریا! بەرنامە (١٠) بەندەکەی شورش و گەلیکی تر لە بەیاننامەو بانگەوازەکانی شورش بە جۆرێکی فراوان بە دیوارەکانا داکوترا • هەروەها کیم ئیل سونگ وتاریکی بۆ خەلکەکە خوێندەوە •

شەڕی بوجونبو، لە مێژوی خەباتی چەکدار دژی ژاپون بە زێڕ نوسرا •

کیم ئیل سونگ خۆی دەربارەی شەڕی بوجونبو ئەڵێت: « بایەخی شەرەکە لەوەدانیە کە چەند سەربازیکی ژاپۆنیمان کوشت، بەڵکو لەوەدایە کە هیوایەکی نوێمان خستە دڵی جەماوەرەوە، هیوای سەرکەوتنی خۆی و شکانی یەکجارەکی ئیمپریالیزمی ژاپون) •

« شەری بوجونبو بۆ دنیای ئاشکرا کرد کە گەلی کوریا هاوبەشی لە هێرشی ژاپۆنیەکان ناکات بۆ داگیرکردنی چین، وەگەلی کوریا سەربەخۆیی خۆی ئەپارێزێتو نابێتە پارچەیەك لە ژاپۆن » •

شەری بوجونبو دەرسێکی سەختی ئیمپریالیستە ژاپونیەکانی دادا، وە هیوای سەرکەوتنی خەباتی بەسەر جەم گەلانی دنیا بەخشی دژی ئیمپریالیستە فاشیستەکانی ئەڵەمان و ئیتالیاو ئیمپریالیزمی ژاپونو ئیمپریالیزمی ئەنگلۆ - ئەمەریکانی بەم جۆرە کیم ئیل سونگ سەرکردایەتی خەباتی شورشگیرانەی گەلی کوریای کردو کۆتایی هێنابە داگیرکردنی ٣٦ ساڵەی ئیمپریالیزمی ژاپون •

ئەو مەشخەڵە بڵێسەدارەی لە بوجونبو هەڵگیرسان ئاوتی ڕزگاری نیشتمانی دابە گەلی کوریا کە لەسەر دوریانی ژیانو مردن ڕاوەستابو، لەکاتیکا بە تاڵترین حوکمی کولونیالی ئیمپریالیزمی ژاپون دائەنرێن، هەروەها گەلی کوریای ڕاپەڕاند بو خەبات کردن لەپێناوی مەسەلەی سوشیالیستیو کۆمۆنیستیدا، وەگەلانی چەوساوەی دنیا لە پێناوی ڕزگاری نیشتمانیو دوژمنایەتی ئیمپریالیزمدا •

گاوگەردونی شابۆنیکسۆن

نوسینی : فیروز

هەفتەی ڕابردو ریچارد نیکسۆن سەرکۆماری ئەمریکا و قارەمانی شەری ناپیاوانەی دژی گەلی ڤیتنام و ئاغای حەمەرەزاشای بەکریگیرو بەسەردانێکی ڕەسمی یا بڵێین بۆ بەسەرکردنەوەی داردەستەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە ئیران، گەیشتە تاران • چواررۆژ پێش ئەوەی نیکسون بگاتە تاران حەمەرەزاشا بۆ ئەوەی جارێکی تر درندەیی و پیاوکوژی و گوێ لەمستی خۆی بۆ ئیمپریالیزم بە نیکسون نیشان بدا، چوارکەسی تری لە ڕۆڵە بەشەرەف و نیشتمانپەروەرەکانی گەلانی ئیران دا بەر دەستڕێژی شیست تیری دەستەی ئیعدام • محمد ضیف نژاد، وعبدالرسول مشکین فام و محمد عسکرزادە و سعید محسن کە ڕۆژی ٤ی جۆزەردانی ١٣٥١ ریکەوتی ٢٥ی مای ١٩٧٢ بونە گاوگەردونی نیکسون و قوربانی گوێ لەمستی و خزمەتکاری حەمەرەزاشا بۆ ئیمپریالیزمی ئەمریکا، ئەندامی ئەوسێ ریکخراوە شورشگیریە بون کە ساڵی ١٩٧١ ریزیمی بەکریگراوی شا پەلاماری دان و ١٢٠ کەسی لێ خستنە بەندیخانەوە • خوێنەرە بەریزەکان لەبیریانە کە تائیستا چوار دەستەی تریش لەو ئازادیخوازانە تیرەباران کراون و بەمە ژمارەی کوژراوەکان بێجگە لەوانەی لەژێر ئەشکنجەدا شەهید بوون وەك مهندس علی اصغر بدیعزانگان دەگاتە ٢٧ کەس •

مەبەستی ریژیمی ئیران لەوەهمو کوشتوکوشتار و زەبروزەنگە هەر ئەوەیە کە گۆیا گیانی شورشگیری ڕولە خەباتکەرەکانی گەلانی ئیران بمرێنێ و بێ ترس و لەرز خزمەتی قازانجی مونوپولەکانی ئیمپریالیستی بکا و لەهەموی گرنگتر ئەسەروبەندی هاتنی نیکسۆندا کارێکی وابکا ئیران بە جزیرەی ئارام و گورستانی بێدەنگ نیشان بدا، بەڵام ئەوە خەیالیکی خاوە • ئیرانی ئەمرو ئیرانی ١٩ ساڵی لەمەوبەر نیە کە کاتی سەفەری نیکسون بەکوشتنی چەند نیشتمانپەروەرێك بکرێتە گورستانێکی کشومات • ئیستا دەنگی بۆمبا و نارنجۆکی شورشگێران هەرڕۆژە لە قوژبێنك بەرز دەبێتەوە و دڵی حەمەرەزاشا و دەربارە سەربە ئیمپریالیستەکانی دادەخورێنێ مەحاڵە جاریکی تر ئەو بێدەنگی و کڕوماتیە لە ئیراندا جێگیر بێتەوە تا ئەورۆژەی گەلانی ئیران حیسابی خۆیان لەگەڵ ریژیمە کۆنەپەرستەکەی ئیستا بەکلا دەکەن و حکومەتێکی گەلی لە ئیراندا دێتنە سەر کار •

بزانین مەبەستی شای ئیران لەوەهمو سەماکردن و گاوگەردونو گوێ لەمستی یە بۆ نیکسون چیە؟ وەك دەزانین ئیران بێجگە لەوە کە لە پەیمانی ئیمپریالیستی سەنتۆدا ئەندامە کە دەستەبەندیەکی نیزامی ئیمپریالیزم و داردەستەکانی لە دژی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستە، پەیمانیکی دوقولی نیزامیشی لەگەڵ ئەمریکا بەستوە • بەگوێرەی ئەوپەیمانە ئەمریکا دەتوانێ هەرکات بەپێویست بزانێ هێزەکانی خۆی بۆ پشتیوانی کۆنەپەرستی ئیران و سەرکوتکردنی جوڵانەوەی رزگاریخوازی گەلانی ئیران بێنێتە ئیران و بەناوی پاراستنی هێمنی و ئاسایش لەدژی خەڵکی ئیران شەری پێ بکا • هەروەها ئەو پەیمانە بە ئیمپریالیزمی ئەمریکا ریگا دەدا کە لەشکری دژی گەلی و ئیمپریالیستی خۆی لەدژی وڵاتانی دراوسێی ئیرانیش وەکار بخا • دیارە مەبەست لە وڵاتانی دراوسێی ئیران تورکیا و پاکستان چونکە ئەوانیش ئەندامی پەیمانی سەنتۆن و لەگەڵ ئەمریکا بێوەندی نیزیکیان هەیە، کەواتە مەبەستی پەیمانی دوقولی ئیران و ئەمریکا ئاژاوەنانەوە لە مەڵبەندی عەرەبی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و دەستدریژی کردن بۆ سەر هەقی حاکمیەتی گەلانی ئەوناوچەیە، کە داگیرکردنی

بڕوانە ل : ٧

پێشوازی ی شاوفەڵکی ئێران لە نیکسۆن

نووسینی : عادل

ڕۆژی سێشەممە ٩ی جۆزەردانی ١٣٥١ ریکەوتی ٠٣ی مای ١٩٧٢ ریچاردنیکسون سەرکۆماری ئەمریکا پاش سەردانەکەی لە یەکێتی سوفیەت بەسەردانێکی ڕەسمی کە تەنیا ڕۆژێکی خایاند گەیشتە تاران • ڕادیوی تاران وەك عادەتی خۆی سەعات بەسەعات و دەقیقە بەدەقیقە بەرنامەی سەفەری نیکسونو خیزانەکەی بڵاو کردەوە سەعاتی ئەوەندە لە کۆشکی سپی قسەکردن دەس پێ کرا، فلانە دەقیقە خانمی نیکسۆن بۆچاخواردنەوە چوە کوشکی نیاوەراك، سەعاتی ١٤و٧دقیقەو ٤٥ئانیە فرۆکەی تایبەتی سەرکۆماری ئەمریکا لە فرگەی میهراباد هەڵفری و لەوبابەتە) •

دەوڵەتی ئیران بۆ ئەوەی ئیرانیکی هێدی و ئارام بەنیکسۆن نیشان بدا و نەیەڵێ لە شەووڕۆژی مانەوەی نیکسۆندا هیچ چەشنە تەقوتۆق و سەربزێویەك لەتاران ڕووبدا و گیانی (حەزرەتی سەرکۆماری ئەمریکا و خانمی نیکسون) بپارێزی، کاردروستایەکی زۆرتوندی وەکار خست و ئەوەندەی بەژەنراڵە چڵکاوخۆرەکانی ئەرتەش و جاسوسە دەستپەروەردەکانی سیای ئەمریکای سازمانی ئەمنیەت و موستەشارانی ئەمریکایی ئەقڵیان پێ ڕا گەیشت احتیاتیان کرد و دنیایان بە پۆلیس و مەئموورانی ساواك تەنی • بەرێوەبەری گشتی پۆلیسی ئیران ڕۆژانی سێشەممە و چوارشەممە کە نیکسۆن لەتاران بوو بەقەولی رادیوی تاران (مقرراتیکی تایبەتی) ڕاگەیاند بەگوێرەی ئەومقرراتە هاتوچۆی ترومبیل نەك هەر لەوشەقامانەدا کە نیکسۆن پێیان دا دەڕۆیشت، بەڵکو لە هەمووی ئەوشەقامانەدا کە بەدوسێ کیلومیتریش لە ریباری تیپەرینی (اعلیحضرت علیاحضرت و میوانە بەریزەکانیان) نیزیك بون قەدەخە کرا • بۆ نمونە ڕۆژی سێشەممە شەقامی ئایزەنهاوێر مەیدانی شەهریار، خەیابانی پەهلەوی، شەقامی شاهرەزا، پردی تجریش، ئاریاشەهر، جادەی قەزوین، پردی ئوتوبان شەقامی زانستگا، شەقامی جهرم جادەی سێپەهم، شەقامی ٢٤ اسفند، شەقامی سەعدئاباد، شەقامی نیاوەران و مەیدانی تجریش • وە ڕۆژی چوارشەممە کە نیکسۆن دەچوە سەر گوری رەزاشا هەموی ئەوشەقامانە کە دەچنەوە سەر (ئارامگا)، شەقامی فەوزیە، شەقامی سەعدئاباد تا پارکی ڕەی، شەقامی کندی، جادەی قەزوین جادەی قاسمی تا جادەی قمراباد، پردی کن بۆلای مەیدانی شەهریار، سێ ڕێیانی کاروانراسنگ، شەقامی ئەمیریە شوش، آرامکا، میدانی تجریش و شهرداری، سەعدابادا

بڕوانە ل : ٧

پاشماوەی : میللی کردنی نەوت

رزگاری نیشتمانی خۆی لەم هێڵە بنچینەیەدا ئەبینێ هێڵی بەگژا چوونی کومپانیەکانی نەوتو رزگارکردنی سامانی نەوتو مەعدەن وە دەر هینانیان لەلایەن خۆمانەوە کە قازانجی مادیو نیشتمانی وڵات بەهێز ئەکات لەم سەرچاوەیەوە شورشەکەمان بەپیشتوانی بێسنوری جەماوەری گەل دەفتەری حسابی لەکومپانیاکانی نەوت دەرهێنا کە ئەیانویست یاسای ژمارە (٨٠) پوچەڵ بکەن وە زۆر بۆ بەریوەبەرایەتی شۆرش بێنن وە پیلانی لەدژ بگێڕن، شان بەشانی ئەوەی شورش خەباتی ئەکرد مافە نیشتمانیەکانی عیراق بەدەست بێنێ، کومپانیەکانی نەوت بەئاشکرا کردەوەیەکی ئیمپریالیستانەیان کرد کە کەم کردنەوەی بەرهەمی نەوت بو بەشێوەیەك بێ نمونە بوە لە عیراقو هەمو ئەو وڵاتانەی نەوت بەرهەم ئەهێنن • نیازیان وا بو وڵات دووچاری کوێرەوەریەکی ئابوریو دارایی بکەن وایان ئەزانی کە شۆرش بەرەو پاش ئەبەنەوە بەڵام زۆر بۆهێنانو مناوەرەی کومپانیاکانی نەوت دژی بیروڕای شۆرش کە پتەوکردنی دەسەڵاتدارێتی نیشتمانیو پاراستنی جێگا بەهێزیەکانێتی، شۆڕشی بەقەدەر سەرەمویەك لەرێگای جەنگی رزگاری دژی کومپانیاکانی نەوت لانەدا • بەڵکو ڕێرەوی شێوەیەکی زۆر بەهێزو کاریگەری گرت کە ڕۆژی ١٧ی مایسی ئەمساڵ کە ڕۆژی سەرنج ڕاکێشانی کومپانیاکانی نەوتو ئاگادار کردنی بو بەو ڕاستیەی کە شۆرش سورە لەسەر ئەوەی بێ قەیدو شەرت هەقەکانی نەوتی خوی بەدەست بهێنێت •

کۆمپانیە مونوپولیەکان رازی نەبون شتێکی تازە بخەنە بەرچاو کە قازانجی ئەم وڵاتە بپارێزێ • بەڵکو بەپێچەوانەی ئەمە گاڵتەیان بەهەقی گەل ئەکردو داوا ڕەواکانیان خستە پشت گوێ بەرامبەر بەمە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەناوی گەلەوە یاسای میللی کردنی کاروباری کۆمپانیای نەوتی عێراقی دەرکرد بەژمارەی ٦٩ی ساڵی ١٩٧٢ • کە لەڕۆژی یەکی حوزەیرانەوە ئیشی پێ ئەکرێت •

ئەی چەماوەری گەلە مەزنەکەمان

ئەم شەڕەی دژی کومپانیە نەوتەکان ئەیگیرین لە شەرە گەورەکان ئەژمێردری کە بەراستی پێی ئەوترێ شەری مێژوو چونکە هێڵی قۆناغێکی تازەمان نیشان ئەدا کە چەماوەرو هێزە نیشتمانیەکان ئەخاتە مەیدانی تاقی کردنەوەی هێزو نەبەزینەوە •

ئەم هەنگاوە داوای ئەوپەڕی ئامادەییو فیداکاریمان لێ ئەکات کەبە دنیای بسەلمینین گەلێکین زەلیل ناکرێن •

شارەزاییتان هەیە لەشێوەی خەباتو تاقی کردنەوەدا چونەتە کوڕی تێکوشانەوە ئیمپریالیزمتان لە خۆتان تێ گەیاندوە کە ئێوە گەلی شۆڕشی تەمووزن • گەلێکن شکستی پێنجی حوزەیرانتان پێ قبوڵ ناکرێ ئەو گەلەن بەکۆمپانیاکان ئەڵێن دەست لە نەوتەکەمان هەڵگرە ئەو گەلەن ئەتانەوێت نەوت پشتیوای سەربەرزیو پێش کەوتنی کۆمەلایەتیتان بێت لە تێکوشانی نەتەوایەتیو دیموکراتیا لە روانینا ژیانێکی جوامێرانەی ئازاد ئەی گەلی تێکوشەر •

تا ئیستا بە ئیمپریالیزمو مونوپولیەکانی نەوتی ئەسەلمینین کە ئیرادەی شورشو جەماوەر لە لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی ئەوان بەهێزترە • ئیمەی کە دوای ئیمپریالیزم نەکەوتین و چوین بەگژیا ئەشتوانین دروشمی قۆناغی داهاتوی خۆمان دەست نیشان بکەین بەپێی ویستی جەماهیر جێبەجێی بکەین قوربانی بدەین بەکەم لەپێناوی زۆردا •

قوربانی بەرواڵەتی خوش گوزەرانی بدەین لە پێناوی نەبەزیندا • دروشمی یەکێتیو هوشیاریو دژی پیلانەکانی ئیمپریالیست وەپەیداکردنی پایەکانی سەرکەوتن دروشمی نەگۆڕاومانە کە جەماوەر بەرزی ئەکەنەوەو ئەیکەن بەراستیەکی بڵند • ئەم شەڕە مێژوییە شەری تاکە دەستەیەکی سیاسی نیە بەڵکو شەڕی هەمو پارتیو هێزەنیشتمانیو نەتەوایەتیە پێشکەوتنخوازو ڕێکخراوە پیشەییەکانو جەماوەرو هەمو پیاو چاکێکە • شەڕی تاکە چینێکی کۆمەلایەتی نیە بەڵکو شەڕی کاریگەری نیشتمانی هەمو گەلەکە هەموان تیا بەشدار ئەبن شەڕی گەلو نیشتمانو شەڕی نەتەوەی عەرەبی سەربەرزە لە پێناوی رزگاری لە کۆمپانیا مونوپولیەکانو ئیمپریالیزمو رزگاربونی لەبونی سەهیونیەت ئەی نیشتمان پەروەران • ئەی پێشکەوتن خوازان لەنیشتمانی عەرەب هەمو عالەم لەو کاتەی کە شورشەکەمان دوا شەڕی خۆی لەگەڵ مونوپولیەکانی نەوتدا ئەکات بەمە رووبەڕوو ریزی یەکەمی شەرئەگرێ دژی ئیمپریالیزمو مۆنوپولیەکانی لەپێناوی ئەوەی کە بەفرمانی نیشتمانیو نەتەوایەتی پیروزی خۆی هەستێ لەم شەرەشدا هوشیارانە لە سروشتی ئەم ناکۆکیە شارەزایە وەپشت بە ئیرادەی جەماوەری گەلو نەتەوەکەمانو پشتیوانی هەمو هێزە خێرخوازو دوستەکانی دنیا خۆمان بۆ هەمو رووداویك ئامادە کردوە • ئەم جەنگی نیشتمانیە نەتەوایەتیە رەوایەمان لەریزەکانی هێرشو خۆپارستنی شۆڕشی عەرەبو شۆڕشی دنیادا جێگای خۆی هەڵبژاردوە بۆیە پشتیوانیو لایەنگیریەکی تەواو بەتینی ئەکرێت وە جەماوەری وڵاتە تیکوشەرەکەمان، جەماوەری نەتەوەی سەربەرزی عەرەب کە هێزی سەرەکی ئەم جەنگەن ئیرادەی خۆیان لەسەر ئیمپریالیزمو کومپانیە مونوپولیەکانیاندا ئەسەپێنن وە هەمو لە بستێکی خاکی عەرەبەوە ئەم ئیشە هەڕەشە لەقازانجی ئیمپریالیزم ئەکەن •

ئەی گەلی فیداکار

ئەگەر جەنگێکی نیشتمانی گەورەمان بەسەرکەوتنەوە براندبێتەوە بەهۆی ئەوەوە بوە کەهێزی خۆمان لە نیرادەو گیانی فیداکاریو لەخۆبوردنو بەخشینو خۆراگرتن لەئێوە وەرگرتوە لەپێناوی جێبەجێ کردنی ئامانجە سەرەکیەکانو لەپێناوی مافی ئازادیو سەربەرزیو ژیانتاندا •

جارێکی کە بەڵێنی پیاوانەتان ئەدەینێ پیاوانیوەفادار بەرامبەر ئامانجو ڕێرەوی نەتەوەکەیان لەپێناوی رزگاری پێشکەوتنو یەکێتی یا • بەڵێنتان ئەدەینی کە لەجەنگەکانی دوا ڕۆژیشدا بەگیانێکی ساتوسەوا نەناسینەوە بوە دوور لە دوو دڵی لەریزی پێشەوە بین بۆ پاراستنی دەسەڵاتو سەربەرزیو مافی ژیان • هەمو چەکی بەکار ئەهێنین لەجەنگا دژی هەمو سەنگەرەکانیوولمو چەوساننەوەو زورداری لە هەموبستێکی زەویە خاوێنە کەماندا •

ئیتر خوا حافیز •

ئاەدەع

ئەدەبی وژیانە

باڵە فڕێی وشەکان

دۆنم

بەفرە ئەستوورەکە باری‌و مەڕو مالاتەکەی قڕ کرد ..
تەرزە .. لە ڕۆژەکانی بەهارا !.. دای‌ڕشت‌و درەختی میوەو داری بەرداری نەهێشت ..
گەنمی ساوا .. لەژێر هێرشی بارانی ناوەختا هێزی بوونی تەزی !
لە ژوورە تاریکەکەدا بەرهەمی پاری دەرهێنا ..
چوار فەردە تووتن .. چوار تروسکەی هیوا ..
بەرهەمی ساڵێك .. ئارەق .. هیلاکی .. کوێرەوەری .. قەرزداری .
چاوەڕوانی دوورو درێژی ڕۆژی فەحس !
فەحسیش بە دۆنمە ..
دۆنمیش بە دەست ئەوانەوەیە کە بۆ فرۆشتن‌و قازانج وەریان گرتوە !
نرخی گەیشتۆتە بیست دینار !
بەڵێ .. سەیر نیە .. تاکە دۆنمێك بە بیست دینار ئەفرۆشرێ !
خاڵەی جووتیاریش نیەتی !
بازرگانەکانیش وەکو چۆن مێش لەدەوری هەنگوین دەخولێنەوە .. ئانەوا دەوری جووتیاری قوڕ بەسەر دەدەن تا بەتاڵان پاروویی منداڵەکانی لەدەم دەربێنن !
خێزانی زەحمەت کێشەکانیش با بێشێوی شەوان بن !
با لە برسانا دامرکێنەوە !
ئەی ئەوانەی بەتەنگ هەژارو کەساسانی ئەم گەلەوە دێن !
ئەی ئەوانەی دروشمی ـ چەوساوە ـ کانتان بەرز کردۆتەوە .
لەڕێگای ڕۆژنامەی ـ هاوکاری ـ یەوە بانگەوازتان لێ دەکەین ..
با دۆنم نەمێنێت ..
با لێژنەیەکی سەر بەمیری دابمەزرێ کە یەکسەر تووتن لە جووتیارەکان وەربگرێ‌و بۆیان فەحس‌کا .. نەك لە بازرگانەکان ..
با بەرهەڵستی ئەو برسێتی‌یە گەورەیە بکرێ کە چاوەڕوانی زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەت‌کێشە !
ـ خوایە .. بەشایەت‌بە .. ئێمە ڕامان گەیاند .

کەمال هیراودەلی
قەلادزێ

ماوەیەك لەمەوبەر ، باسێکم پێشکەش خوێنەری خۆشەویست کرد لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە (١١٤)دا ، کە تیایا چەند سەرنجێکم دەست نیشان کردبوو دەربارەی ڕووالەتی شیعری تازە .

ئاشکرایە لەو باسەدا سەرجەم لە ڕووالەت دووابووم بۆ ئەوەی بەپەرێزی ناوەڕۆك‌دا گوزەر بکەم . ئەگەرچی ناوەڕۆك‌و ڕووالەت دوو شتی بەیەکەوە بەستراون‌و لەیەکتر دابڕ ناکرێن . وەك « ماوتسی تونگ» ئەڵێت(١) :

« چۆن پیویستە ڕێبازی ئەدەبی‌مان ببەستین بەڕێبازی سیاسی‌یەوە ، بەو جۆرەش پیویست ئەکات ڕووالەت‌و ناوەڕۆك بەیەکەوە ببەستین .. »

هەر بەو بڕوایەوە کە پاڵی پێوە نام‌بۆ نووسینی ئەو باسەی پێشو ، ئێستاش ئەمەوێت بەقەدەر وزەی خۆم چەند . تێبینی یەك بخەمە پێش چاو سەبارەت بە ناوەڕۆکی چەند شیعرێکی مامۆستا « شێرکو بێکەس » کە تیایا کتومت چۆنیەتی بیرکردنەوەو هەڵوێستی خۆی ئاشکرا ئەکات .

بۆیە لێکۆڵینەوەی ئەم پارچە شیعرەی خوارەوەی ئەکەم بەپێشەکی‌یەك بۆ ئەم باسە .

لەخەوما بوو ، شاعیرێکی
دەوری کۆنم دی(٢)
لەشوێنێکا وەك بیابان کاکی
بەکاکی
کاتێ نزیك کەوتمەوە لێی
بینیم وا ئەگری
بەدەستی خەم بەدەستی دڵ
فرمێسکی ئەسڕی
ووتی ئەگەر شیعرەکانم
لەلاتان ماوە
وەکو جاران هەتا ئێستا هەر
نەفەوتاوە
پێیان بڵێن نەی خوێندنەوە ،
بیان درێنن
کۆی‌کەنەوە هەربەیەك جار
بیان سووتێنن
ئەوەی ئەوسا من وونومە
لێی پەشیمانم
ئاوەژووە بەرگی بەری
هەڵبەستەکانم
گەر لەبری ئەو گوڵانەی بۆ
خۆ تەفرەدان
هەڵم ئەدا بۆ سەرسەری ،
بەناو قارەمان
گەرلەبری ئەو هەڵدانەی
بۆ خنوکەی فیز
هەڵم ئەداو شێرو ڕێویم
ئەخستە یەك ریز
گەر لەبری ئەو گوڵانە ، درك
بوونایە
هەتاکوبن ،لەپێستی هەست،
بچەڤاندنایە
دۆست بوومایە ، قسەی ڕقم
پڕ بەمشت بووایە
پێکەنینی شیعرەکانم سەر
زەنشت بووایە
جقڵی ووشەم بۆ ئاژاری
ڕاچڵەکین بووایە
ئێوەش ئەمڕۆ وەها دیلی تەفرە
نەئەبوون
واڵە هیچە لە سکتانا گەورە
نەئەبوون .

سەرنجێکی سەرپێی لە ناوەڕۆکی‌ئەو پارچەیەی سەرەوە بەشێوەیەکی ئاشکراو دیار ڕای شاعیر دەرئەخات سەبارەت بەهەڵوێستی شاعیرانی کۆن‌و بەرهەمەکانیان « بەپێی بۆ چوونی ئەو » شیعرە کۆنەکان بەگشتی‌و بەبێ جیاوازی بریتین لە کومەڵە وشەو ڕستەیەکی بێ‌ڕێ‌وجێ ، کە گەلی کورد لەم سەردەمەدا « بەبڕوای ئەو » سوودی‌یان لێ‌وەرناگرێ .. بۆیە پیویستە پشت‌گوێ خرێن‌و تاراددەیەکیش لەناو ببرێن . سەبارەت بەم ڕایەی مامۆستا « شێرکۆ » ئەبێ ئەوە بزانین کە مەبەستی کامە شاعیری کوردە ؟!

ئاخۆ مەبەستی «بێکەس »ی نەمر بێت کەپەنجەی چەقاندە چاوی « ئەدمونس » و ، ونی :

بیستو حەوت ساڵە من
ڕەنجبەری تۆم
بەنان‌و ئاوو جل‌وبەرگی خۆم
خزمەتم کردی لەتێران‌و ڕۆم
لەپێناوی تۆ شکاوە نەستۆم
هند ....

یاخود مەبەستی « حەمدی » بێ کە دەستی ڕاکێشان بۆ کەم‌و کووڕی‌یەکانی حکومەتەکەی کوردستانی خوارووە ، بێ‌ترس‌و سڵەمینەوە ووتی :

باسی تەشکیلاتی ئانی هەر
نەکەم بۆ بێکەنین
کەم‌ترین بوو گەورەتر ، هەم
گەورەتر بوو کەمترین

یان‌لەجێ‌یەکی تردا کە ووتویە:

صوبح پێ‌ناکەنێ ، تابێ
نەوایی شەو بەدڵ نەگری
گوڵێ ناپشکوێ تا بوڵبوڵی
صوبحێ بەکۆل نەگری
بەری نابێ دەرختی باخی
عالەم تا هەموو وەك یەك
بەیەك سۆزو ، بەیەك شۆڕو،
بەیەك دەم چڵ‌بەچڵ نەگری

تۆ بڵێی مەبەستی لە «سالم» بێت کە هەر وشەیەك لە شیعرەکانی سۆزی نیشتمان پەروەری‌یەتی‌و نەتەوایەتی تیادەرئەخات ، کوردیکی وا دڵسۆز زیاتر لە سەد ساڵ لەمەوبەر پلەی تیگەیشتنی بگاتە ڕادەیەك زۆربەی بەرهەمەکانی بۆ ئەو مەبەستانە تەرخان‌بکات‌و بڵێ :

صاعقەو بەرقی نەدامەت
زوڵمەتی دا شەرق‌و غەرب
بەردەبارانە بەمخصوصی
لەسەر مولکی بەبان
چاوی عبرەت هەڵبڕە ئەی
دڵ لەومزعی دەهری دوون
سەیری کە ، سا تورك ،
فەلەك ، چی‌کرد بەزومرەی‌کورد
زمان

ئاخۆ « ئەحمەد موختار جاف» خۆی تەفرە دابێ ؟ کە ڕوو ئەکاتە ڕۆلەکانی کوردو ئەڵێت :

بخوێنن چونکە خوێندن بو
دیفاعی تیغی دوژمنتان
هەموو ئان زەمانێ عەینی
قەلغان‌و سوپەرتانە

ڕاستی‌یەکەی پێمان ناڵێت مەبەستی لەکام شاعیری کوردە ، ئەوەندە نەبێت ، ورای خۆی ئاشکرا کردووەبەرامبەر ئەدەبی کۆن بەگشتی ، کە سامانی نەتەوایەتیمانە !

کەواتە ، چۆن ناوەڕۆکی ئەو پارچەیەی سەرەوە ببێتوین ؟

بابڵێین .. شاعیر ڕیبازێکی پیشکەوتووخوازانەی گرتووە ، لە ڕووی فیکری‌یەوە « ئەمە لەچاکترین حاڵدا » .

گەر وابێ ، مەرجە هەندێك شارەزایی هەبێت لەوتیورە زانستی‌یانەی کە پەیوەندی ڕاستەو خۆیان بەم باسەوە هەیە ئنجا ئەو هەنگاوە بنێ‌و لەکۆن یاخی بێت !

« دیالیکتیکی مارکسی » ئەو ڕاستی‌یەمان بۆ دەرئەخات کە کۆن فڕێ نادرێ‌و پشت‌گوێ ناخرێت بەگشتی ، بەڵکو پیویستە پارێزگاری لایەنە زیندوەکەی بکرێت ..

« لینین » لەم ڕووەوە ئەڵێت .. هیچ کاتێك ناتوانین دەست بەرداری ئەدەبی کۆن ببین بەتەواوی‌و ئەبێت لایەنە باشەکانی بکەینە بناغەیەکی پتەو بۆ ئەدەبی نوێ‌مان ...

« ماوتسی تۆنگ » گەشە بەم تیورانە ئەدات‌و ئەڵێت ... پیویستە جگە لە سوود وەر گرتن لەئەدەبی کۆنی نەتەوەییمان سوودی زۆریش لە ئەدەبی کۆنی نەتەوەکانی بێگانە وەربگرین .

کەوابوو ، کۆن بناغەیەکە بۆ تازەو سوود وەرگرتن لەبەشە زیندووەکانی‌لەسەر پروگرامێکی ڕێك‌و ڕەوان پیویستە بۆ گەشە کردنی ئەدەبی نوێ‌مان ..

جا ، بەرهەمی نوێ‌و چونیەتی بیرکردنەوەی خاوەنەکەی باشترین ترازوون بۆ هەڵ سەنگاندنی ناوەڕۆکی ئەو بەرهەمانەو ئەی سەلمینن تاچ ڕادەیەك ڕەسەنن .. بۆیە هەر هەنگاوێك بنرێت لەم ڕووەوە « کە تازەکردنەوەی ئەدەب »ە بێ‌گوێ‌پێ‌دانی ئەدەبی کۆن‌و کردنیان بە بنچینەیەك ، بلقێکی سەرئاوەو لەگەڵ دروست‌بوونیدا تەمرێت و لەناو ئەچێ . ئەمە لە لایەك ، لەلایەکی تریشەوە « مامۆستا شێرکۆ » بەپیوانەیەکی مەوزوعی‌بەرهەمی کۆنی نەپێواوەو مافی خۆی نەداوەتێ ..

چونکە چۆنیەتی بیرکردنەوەی خەڵکی بەگشتی‌و بەتایبەتی شاعیران لەو سەردەمانەداو ڕادەی تێگەیشتن‌و پلەی خوێندەواری‌و باری ووڵات لە ڕووی ئابووری وسیاسی و کۆمەڵایەتی یەوە جیاوازی‌یەکی تەواویان هەبووە لەتەك ئێستادا کە ئەمانە دەورێکی ئێجگار گرنگ ئەبینن و کاز ئەکەنە سەر بەرهەمە ئەدەبی‌یەکان . گومانی تیا نی‌یە ئەدەبی کۆنی کورد ، وەك ئەدەبی هەموو نەتەوەکانی جیهان بەرهەمی لاوازو بێ‌کەلکی تێکەڵ بووەو کەسیش ناتوانێ خۆی لەم ڕاستی‌یە بدزێتەوە ، بەڵام ئایا هەمووی بێ‌کەلکە ؟ ئەمە پرسیارێکە و ، وەڵامەکەی لەو پارچەیەی سەرەوەدا بەباشی دەرئەکەوێت .

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستی یانە ، بۆمان هەیە چۆنیەتی بیرکردنەوەی مامۆستا هەڵ سەنگینین‌و هەرلەم مونتەلەقەوە ئەتوانین بی‌سەلێنین کە ئەو ڕێبازە پێشکەوتوو خوازەی نەگرتووە لەناوەڕۆکدا وەك لە ڕووالەت دابەرچاو ئەکەوێت ..

ڕەنگە خوێنەر بۆیەکەم جار ئەمە بەبڕیارێکی ئێجگار قورس بزانێ .. بۆیە دەرهەق بەو ڕایەی خۆم لەخوارەوە پارچەیەك ئەخەمە پێش چاو کە تیایا چۆنیەتی بیرکردنەوەی شاعیر دەرئەخات : ئەڵێت ..

من ئەمەوێ لێك‌دانەوەم
بەپشتی کیسەڵەوە نەبەستم(٤)
من ئەمەوێ دوێنێ نەجوومەوە
من ئەمەوێ لە ماڵی جاڵ
جاڵوکەدا نەبم
لەو ڕیزانەدا نەوەستم کە
« چل‌تووتی » تیا ڕاوەستاوە
کە قەڵای خەیبەر ئەمانجیانە
من ئەمەوێ لەگەڵ نهێنی
ووشەدا بژیم
نەك لەگەڵ دەم دڕاویدا
من ئەمەوێ وەك مردن‌و
لەدایك بوون وابم
تابیرم لێ‌بکرێتەوە قۆڵتر
بمەوە

خوێنەر کاتێ ئەو پارچەیەی سەرەوە ئەخوێنێتەوە «بەتایبەتی دوو ڕستەکەی لای خوارووی » دەم و دەست بەجۆرێك لە فەلسەفەی تێ‌ئەگا ، کە ئەمە ڕاستەو تارا دەیەکیش هەقی خۆیەتی ... لەهەمان کاتدا پیویستە خوێنەر ئەوەش بزانێ کە چجۆرە فەلسەفەیەکەو لەچ سەرچاوەیەکەوە هەڵقولاوە ؟ ئایا لە خزمەتی مرۆڤایەتی دایە ؟؟ بێ‌گومان نەء .

لەو پارچەیەدا کە بەیەوێت وەك مردن‌و ژیان وابێت کەس تێ‌ی نەگات کتومت ڕایەکەی (کیگارد) ڕابەری فەلسەفەی وجودی ئەجۆیتەوە کە ئەڵێت :

(٥) « هیچ شتیك ناتوانێ لەمن تێ‌بگات‌و من لێك‌بداتەوەو ڕابوردوو ئێستاو ئایندەم بزانێت ، هوی بوون‌و نەبوونم پێ‌بڵێ ، هیچ کەسیش ناتوانێ من دەست نیشان بکات ، ژیانم کردارم ، گوزەرانم ، یەك شت هەیە ئەویش خۆم ، ئەوانی‌تر پوچن .. »

کێ هەیە ئەوە نەزانێ کە وجودی‌یەت ئایدولوژی‌یەتێکی بورژوازیانەیەو لەژێر پەردەی یاخی‌بوونا پەلەوپۆژی هاویشتووە بەتایبەتی لە وڵاتە سەرمایەداری‌یەکان‌دا بەڕادەیەکی ئەوتۆ هیچ ڕخنێکی بۆ مرۆڤ نەهشتوتەوەو مەبەستی هەڵاتنی مرۆڤە لە ژیان ، لە کۆمەڵ ، وەکو ئێستا لەسەر الاپەڕەی گۆڤارو ڕۆژنامەکان ئەیبینین(٦) .

کۆڵەکەکانی ئەم فەلسەفەیە لەسەر بنچینەی گۆشەگیری‌و هەست بەنائومێدی کردن و تاك ڕەوی‌و تەمەڵی ، وڕێنەکردن‌و پەشێوی دامەزراوە ، لەهەمان کاتیشدا « خواستی هەڵبژاردە » واتە ئەوەی مرۆڤ مەبەستی‌یەو ئارەزوویەتی ، بێ‌گوێ‌پێ‌دانی قیەم‌و یاساکانی کۆمەڵ‌و بەبێ‌دەست نیشان‌کردنی ئامانج بیکات بەبێ لێ‌پرسینەوە .. بەکورتی فەلسەفەی وجودی‌یەت ، فەلسەفەی بەرەڵلای‌یەو هەرگیز لە خزمەتی مرۆڤایەتی‌دا نی‌یە .

گەربێ‌و ئەو یاخی‌بوونەی ئێستا کەوتۆتە ناوئاوانەوەو خۆی ئەنوێنێ لە کارەئەدەبی‌یە تازەکان‌دا لەم سەرچاوەیەوە هەڵقولابێ وەك لەو پارچەیەی سەرەوەدا ئاشکرا دەرئەکەوێت گومانی تیانی‌یە ئەم ڕێبازە نەك هەر کارئەکاتە سەر بەرهەمی ئەدەبی ، بەڵکو تەقەللایەکیشە بۆ بڵاو بوونەوەی گیانی تەوەزەلی‌و دەست لەژیان شتن .. وپەل ئەهاوێت بۆ هەموو لایەنەکانی تری کۆمەڵ بەشیوەیەکی ئەوتۆ ، ئەنجامێکی ئێجگار ترسناکی لێ‌ڕەچاو ئەکرێت ..

وەنەبێ ئەم شێواوی‌یە تەنها ناوەڕۆکی چەند بەرهەمیکی گرتبێتەوە ، بەپیچەوانە زۆربەی ئەو هەڵبەستانەی لەم دووای‌یەدا بڵاوی کردۆتەوە ئەم لایەنەی بەباشی تیادەرکەوتووە بویە ئەم شیعرەی خوارەوەی ئەکەم بەنموونەیەکی‌تر کە دووابەدووای لایەحەی قەڵەمە نەترسەکان بڵاوی‌کردەوەو ئەڵێت :

بەقەد ڕقی شمشێری ناو
چاوی ئەوان(٧)
خۆشمان ئەوێ‌ی
ئەمانەوێ‌ی
وەك گوللە بۆ چەکەکانمان
وەك بەفر بۆ
چیاکانمان .. ئەمانەوێ‌ی
هەر بۆ مەرگە نامانەوێ‌ی
هتد ....

هەرخوینەڕێکی کورد ئەو شیعرەی سەرەوە بخوێنێتەوە ، بێ‌ئەوەی خۆی ماندوو بکات لە مەبەستی شیعرەکە بەباشی ئەگات ، بەڵای منەوە شاعیر مەبەستی بووە ناوەڕۆکی شیعرەکە ئاشکرا بێت ، بۆیە ئەو ڕووالەتە ساکارەی پێ‌بەخشیوە ، ئەگینا وەك بەرهەمەکانی تری شاراوەیی

سەرنجێك

لە ژمارەی پێشوی هاوکاری‌دا ، ناوی کاك (نەوزاد ڕەفعەت) لە هۆنراوەی ـ تابڵۆی پێشانگای شارەکەم ـ نەنوسرا بو .. ببورن .

بڵێی بەسەرا ئەکێشا ..
بابێ‌نە سەر دیوی ناوەوەی شیعرەکە بزانین تاچ ڕادەیەك لە دەروونەوە وتوویە .. من ئەمەیان ئەخەمە ئەستۆی خۆینەری بەڕێز لەدووای بەراوورد کردنی لەگەڵ نەو پارچەیەی خوارەوەدا .. مافی خۆی بداتێ ..

لە ئەشکەوتی هەزامێردا
کاسەسەرێکی باپیرمان(٨)
لەدووای گریان بەسەر تەرمی
یادگارا کەوتە دووان
چاوی ئاگر کاتێ کوێربوو
کە ئاگردان
داری تەڕی لە دەروونی
خۆیا سوتان
شارە دووکەڵی ....
لەچرای
گیان ووروژان
لەو شەوەوە ، لە ووڵاتی
خۆئەمێشا .
لە کەشتی ووشەی
خنکاوا
ویڵێن بەسەر پشکۆی
چاوا
بەدووای نەورۆزی دەنگێکی
... هەڵگیرساوا
بەشوێن سرودی مەلێکی
بەرهێلانەی پۆپەی درەختی
هەتاوا
ئەگەڕێ‌ین .. بۆ سیمای
وونی هەزار ساڵە
بۆ پەیامی بێ‌ڕابەرمان
بۆ دروشمی ناونیشانی
دڵی خۆمان
بۆ پەنجەمان ،
بۆ ڕەنگ ، بۆ دەنگ ،
بۆ شێوەمان
لەدووایشا
بو کیشوەری بێ‌نەخشەمان
هیچ خوێنەرێکی کورد

ئەوەندە گەوج نی‌یە کە نەتوانێ بەراوردی ناوەڕۆکی ئەو دوو شیعرە بکات و لەمەبەستی بگات .

ڕاستی‌یەکەی ئەم جۆرە هەڵوێستە ئەوپەڕی شێوانی فیکری نیشان ئەدات بەشێوەیەك کە شاعیر نەتوانێ هیلێکی دیاری‌کراو بۆ خۆی دەست‌نیشان بکات نەزانێ چی‌ئەڵێ‌و چۆن مەبەستی ئەدا بەدەستەوە . بۆیە مەرجێکی بنچینەی‌یە کە نوسەر مەبەست‌و ئەنجامی بڵاوکراوەکەی بە یەکەوە ببەستێتەوە ..

ڕێ ئەکەوێ نووسەرێك لەدەروونێکی پاك‌و تیگەیشتنێکی تەواوەوە بەرهەمێك بڵاوئەکاتەوە بەڵام کە مایەی ناڕەزایی زوربەی زوری کۆمەڵانی خەڵك بوو چ لەڕووی ناوەڕۆك‌و چ لەڕووی ڕووالەتەوە مانای وایە ئەو بەرهەمە بەئامانجی خۆی نەگەیشتووەو دەوری خۆی نەبینیوە وەك پیویست .

« دیالیکتیکی مارکسی » مەبەست‌و ئەنجامی بڵاوکراوەکە لەیەك جیاناکاتەوە ، بگرە بە یەکتری‌یەوە ئەبەستێ .. بۆیە پێویست ئەکات نووسەر بەوردی ئاگاداری ئەم خاڵە بیت .

ئەمە جگە لەوەی بەرزکردنەوەی ڕادەی هونەری لەشیعر! بەس نیە بۆ پێش‌خستنی بەڵکو بەستراوە بەڕادەی تیگەیشتنیەوە لەلایەن زوربەی زۆری جەماوەری خەڵکەوە کە کریکارو جوتیارە و پێویستە شاعیر هەردوو لایەنەکە « ئیبداع‌و تیگەیشتن»ی یەك خات ، گەرو! نەکات بەمانا هونەری لەلایەکدا نووانووە ، کە ئەمەش ئەنجامێکی بێ‌کەڵکەو سوودێکی ئەوتۆی لێ‌وەرناگیرێ

بڕوانە ل : ٧

ناوەڕۆك لە چەند نموونەیەکی شیعری‌دا

فوئاد مەجید میسری

فرمێسکێك بۆ شێخ لطیف

کویستان حوسین
کەرکوك

گریام دیسان ، گریام‌دیسان
بەستەیەکم لە بینایە
ئاوازەکەم بێ‌کەمان‌و مۆسیقایە
فرمێسکەکەم قەتیس‌ماوە
بەهار ئەمڕۆ بەڕەوخوارە
بەڕەو ژورە
ئاواتەکەم .. لە ڕێ‌ی چۆڵی زستانێکی
کپ‌و دورە .. بێ‌سنورە .. بێ‌سنورە
بەستەکانم کۆڵی مەرگیان لێ‌هەڵساوە
یان قولایی دڵی سیروان‌و تانجەڕۆ
سلێمانی‌و بەرانانیان تیاخنکاوە
بەستەکانم وردە وردە
هەنیسك ئەدەن
بەستەکانم ژەنگی خەمیان لێ‌نیشتووە
بەستەکانم تاساوی ناوقولپی ڕشانەوەکانن
کانی دڵم لەم شارەدا هەڵقولیوە
یان کۆڕپەکەی سەربێشکەکەم
لە نیوەی شەو ڕاچەنیوە
ئەگریم .. ئەگریم
زامی دەرون هەڵ‌ئەکۆڵم
ئازارەکەم ئەگوشمە ناوکۆڵی شەوگار
ئازیزەکەم :
هەستیارەکان بە مردنت
تینوی زامیان خستۆتەناو گۆڵی خوێوە
ئازیزەکەم : ئەمجارەش‌با فرمێسکێکی تر بڕێژم
تامی زامی ناو گۆڵەخوێ‌تێر بچێژم
ئازیزەکەم : بە مردنت‌بەتی بازوی ئاواتەکان
هەڵدێراون وەك فریشتەگریانێکی ژەنگاویان بۆ هێناون
گریام دایە گریام‌دایە
چیە ڕۆڵە ؟ چیە ڕۆڵە ؟
مردنی من داستانی ناوخاکوخۆڵە
گریام دیسان .. گریام‌دیسان
بەستەیەکم لە بینایە
ئاوازەکەم بێ‌کەمان‌و مۆسیقایە

بۆزانین

ئەنجومەنی ئاوەدان‌کردنەوەی ژورو

لیژنەی جێ‌بەجێ کردنی‌پڕۆژەی ئوتێلە گەشت گوزاریەکان موناقەسەی نێنی‌ژمارە (١٦)ی تایبەت بە پڕۆژەی دروست کردنی نوتیلی‌گەشت گوزاری لە ئاراادن .

ئەنجومەنی ئاوەدان کردنەوەی ژورو ـ لیژنەی جێ‌بەجێ کردنی پڕۆژەکانی ئوتێلەگەشت گوزاریەکانی ژمارە (١) ڕایئەگەیەنی کە موناقەسەیەکی نهێنی هەیە بۆ دروست کردنی ئوتیلیك گەشت گوزاری لە دێ ئارادن کە سەر بە ناحیەی سرسنگە لەقەزای ئامیدی بە پێ‌ی ئەم مەرجانەی خوارەوە .

١ ـ مناقەسەکە پاك‌کردنەوەی عەرەسەکەو هەمو کاروبارێکی دروست کردن‌وخانوبەرەو کارەباو میکانیك‌و تەندروستی‌و ئیش‌و کاری‌ترکە مادەو کار ئەگرێتەوە .

٢ ـ ئیستیمارەی منافەسەو نەخشەکان لەلای لیژنەی ناوبراو دەست ئەکەوی ، کەبارەگاکەی لە وەزارەتی کاروباری ژوروە ئەویش‌بەرامبەر بە (٢٠) دینار کە نادرێتەوە .

٣ ـ پێویستە عەتاکە تەئمیناتێکی سەرەتای بە مقداری (١٩٠٠) دیناری لەگەڵ‌بێت ئەویش بەشێوەی کەفالەتێکی مەسرەفی یان چەکێکی تەسدیق‌کراو لە مەسرەفێکی باوەر پێکراو لە عیراق بەوپارەیەی‌کە لە عەتاکەدا دیاری کراوە .

٤ ـ پێویستە بەلێنەرشەهادەی سەر بە ژوری بازرگانی‌و وەسیقەی تەسجیل‌کردنی هەبێ لە بەرێوەبەرایەتی زەریبەی دەخلی گشتی وەشەهادەی دەرەجەی تەسنیف‌و لیژنەی تەسنیفی بەلێنەدران لە وەزارەتی نەخشەکێشان‌و هەمویان تازەکرابنەوە بۆ ئەم ساڵی دارایی لە کاتی کڕیندا .

٥ ـ ئەبێ بەلێنەدەرلیستەیەکی ئەوکارانە پێشکەش بکات کە لەمە ئەچێ‌و کردوتی‌لەگەڵ ناوی ئەو لایەنەی بۆی کردون .

٦ ـ ماوەی تەواو کردنی‌کارەکە کە لە عەتاکەدایە لە کاتی ئیحالەدا لەلایەن لیژنەوەگرنگی پێ‌ئەدرێ‌و ڕچاو ئەکرێ .

٧ ـ ئەنجومەنی ئاوەدان‌کردنەوەی ژورو مولزەم نی‌یە بە وەرگرتنی نزمترین عەتایان هەر عەتایەکی‌تر .

٨ ـ دوا کاتی پێشکەش‌کردنی‌عەتاتات سەعات دوانزەی نیوەڕۆی ڕۆژی شەممەی‌ڕێکەوتی ١٠ـ٦ـ١٩٧٢ .

٩ ـ هەر عەتایەك لەکاتی‌دیاری کراودا لە بڕگەی (٨)دا دوابکەوێ پشت گۆی ئەخرێ .

١٠ ـ عەتاتات لە زەرفێکی‌مۆرکراودا پێشکەش ئەکرێ‌و ناوی موناقەسە نهێنی‌یەکەوژمارەکەی لەسەر ئەنوسرێ لەگەڵ ناونیشانی ئەنجومەنی‌ئاوەدان کردنەوەی ژورو لە وەزارەتی کاروباری ژورو .

١١ ـ بۆ زیاتر شارەزابون‌لە ناوەڕۆکی ئەم ئاگاداری‌یە پەیوەندی لەگەڵ مەکتەبی‌ئەندازیاران‌و شارەزایان ،مهدی الحسنی‌و شاکر السعدی . ئەکری لە شارع سعدون بەرانبەر بە بەنزین‌خانەی‌ژمارە ـ آ ـ ١٣ ـ ١ بەغا وە ژمارەی تەلەفون ٨٤٥٨٧ .

محمد محمود عبدالرحمن
ژورو سەرەڕای فەرمانگەی
سەرۆکی ئەنجومەنی ئاوەدان کردنەوەی

insitutkurdedepari

میللی کردنی نەوتی ژمارە ٦٩ی ساڵی ١٩٧٢

دامەزراندنی کومپانیایەك بۆ کاروباری نەوت



ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئێوارە ١ ـ ٦ یاسای میللی نەوتی ژمارە (٦٩)ی ساڵی ١٩٧٢ی بڵاو کردەوەو بەم پێیە کومپانیەکی حکومەتی بەناوی کۆمپانیای عیراقی بۆ کاروباری نەوت‌دائەمەزرێتو سەرپەرشتی کاروباری بەڕیوەبردنی کومپانیای نەوتی عێراق ئەکات بەپێ ئەم یاسای میللی کردەش سامانو دامو دەزگاکانی کومپانیا میللی کراوەکە ئەبێ بە هی حکومەتی عێراقو ٨کەسیش دائەمەزرێن بەسەروك‌و ئەندامانی ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتی کومپانیا دامەزراوەکە • وە هەمو دەسەلات‌و سەلاحیەتی راپەڕاندنی کاروباری نەوتی ئەم کومپانیایەیان پێ ئەسپێردرێ لەلایەکی تریشەوە حکومەت تەعویز ئەدات بەکومپانیا میللی کراوەکە بەمەرجێ زەریبەو باج‌و رەسم‌و ئەو پارەیەی لە سەریەتی لەو تەعویزە دەرکرێت وە بەپێی بڕیارەکە ئەرمانبەرە بێگانەکان ئەتوانن لەجێگای خۆیان بمێننەوە یاخود واز لە ئیشەکانیان بهێنن بەمەرجێ ئەنجومەنی بەڕیوەبردنی کومپانیاکە ئاگادار بکەن • هەروەها بەپێی ئەم بڕیارە دەسەلات دراوە بە وەزیری نەوت‌و مەعادن کەچی پێویستە بیکات بۆ زامن‌کردنی جێبەجێ کردنی یاساکە •



سالی پاربایی ٢٢ ملیۆن و ٧٨٢ هەزار دینار شتومەك بەولاتانی دەرەوە فرۆشراوە

بە پێی لێکولینەوەی دەزگای ناوەندی ژماردن دەرکەوتوە کە ناردنە دەرەوەی شتومەکی عیراق لە ساڵی رابوردوا گەیشتوتە ٢٢ ملیون‌و ٧٨٢ هەزارو ١٨٢ دینار ئەمە بێجگە لەبەر هەمی نەوت •

بەشی کەرتی گشتی لەم شتومەك ناردنانەدا بریتی بوە لە ١١ ملیون‌و ٧٦٩ هەزارو ٤٥٤ کە ئەکاتە لە ٧ر٥١٪ی ئەو شتومەکانەی نیردراونەتەدەرەوە • وە بەشی کەرتی تایبەتی بریتی بوە لە ١٠ ملیون و ٨٨١ هەزارو ٩١٢ دینار کە لە ٨ر٤٧٪ی هەمو •

بەلام ئەو شتومەکەی کەرتی بیگانە کە لە عیراق کار ئەکات کردویەتیە ١٠٣ هەزارو ٨١٦ دینار واتە نزیکەی لە ٥٪ی هەموی •

وە لەلێکولینەوەدا دەرکەوتوە کە ئەو شتومەکەی جاریکی‌تر نیرراوەتە دەرەوە بای ٤٩٧ هەزارو ٧٧ دینار بوە وە بەهای شتومەکی ترانزیت گەیشتوتە ٣٣ ملیون‌و ٨٠١ هەزارو ٣٩ دینار •

ساڵی پار عیراق بای ٢٤٧ ملیون‌و ٨٦٩ هەزارو ٩٧٦ دینار شتومەکی لەدەرەوە هانیوە بەشی کەرتی گشتی لەمەدا ١٩٩ ملیون‌و ٤٩٤ هەزارو ٥٤٧ دینار بوە ، وە بەشی کەرتی تایبەتی ٤٢ ملیون‌و ٣١٥ هەزارو ٢٩ دینار بوە ، لە کاتیکدا بەشی کەرتی بیگانە کە لە ولاتا ئیش ئەکات بای ٦٠ ملیون‌و ٦٠ هەزارو ٣٥٠ دینار بوە •

بە پێی لێکولینەوەکە یەکیتی سوفیەت لە پێشەوەی ئەو ولاتانە ئەژمیریت کە عیراق شتومەکی لی دینیت ، چونکە بای ٢٩ ملیون‌و ٦٠٥ هەزار دینار شتومەکی لێ هاتوتە عیراقەوە •

وە هەروەها میسرو سوریاو لبنان لە پێشەوەی ئەو دەولەتە عەرەبیانە ئەژمیرین کە شتومەکیان لێ دیتە عیراقەوە سەبارەت بەوەی ساڵی ٩٧١ ئالو گوری بازرگانی لە گەلیان لە زیادی بوە •

ئاەدع

بڕیارێکی نوێ لەرمیلەی ئەدەب

سەرچاوەیەکی لێپرسراوی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی روژی ٢٧ـ٥ رای گەیاندوە کەسەبارەت بەوەزعی ئیستای نیوان حکومەتی نیشتمانی عیراق‌و کۆمپانیاکانی نەوتی بێگانەو بۆ بەرهەڵستی هەموپیلانیکی خراپو لە پیناوی زیادکردنی بەرهەمی نەوتی نیشتمانی‌دا ، کۆمپانی نەوتی نیشتمانی بریاری داوە جگەلەو دوو بورجە ئیستا لە رمیلەی ژورو نەوتی لێ دەرئەهینن بورجیکی تریش دابمەزرینن بۆ نەوت •

بڕیارێکی وەزارەتی ئابوری

وەزارەتی ئابوری داوای لەهەمو خاوەن پروژە بەرهەمیەکان کردوەکە بەرهەمی تازەیان بۆ فروشتن ئەنیرن بۆ ناو بازار کە پیش گەیشتن شتومەکەکانیان بۆ ناو بازار پەیوەندی بکەن بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی ناو خۆوە تاکو نرخیان لەسەر دابندریت

بریارەکە هەمو ئەو کەلو پەلانەش ئەگریتەوە کە بە شیوەیەکێ گشتی زور یاکەم‌و بەپێی بەرژەوەندی گشتی لەژیر چاوەدێرکردنی نرخ داناندان • وە ئەو کەسانەی لە ماوەی ٣٠ روژدا نرخ لەسەر شتومەکانیان‌دا نەنین بەپێی یاسای ریکخستنی بازرگانی سزا ئەدرین •

ئاهەنگی ساڵانەی منداڵانی سلێمانی

هەفتەی رابوردو باخچەی منداڵانی شاری سلەیمانی ئاهەنگی ساڵانەی گێڕاو لەم ئاهەنگەدا ، پیشانگایەکی وێنەی دەست کردی منداڵان کرایەوە ، کە بەهرەمەندی منداڵە چالاکەکانی کوردستانی نواندو لە ئەنجامیشا منداڵی زیرەك « کامی کەمال رووف محەمەد » پاداشتی یەکەمی لە وێنە کێشانا وەرگرت • بێجگە لەمەش منداڵەکان ئاهەنگیکی قەشەنگی گۆرانی‌و موسیقاو تەمسیلیان پێشکەش کرد •

شارەزایانی نەوتی سوفیەت سەرلە پاریزگای دیالە ئەدەن

روژی ٢٧ ی مانگی پێشوو وەفدیك کە لە ٦ شارەزای نەوتی سوفیەتی بەسەرکردەی پروفیسور ایدیکو فیشش پیك هاتوە بۆ لێکولینەوە لە نەوت‌بۆ ماوەی دو روژ سەریان لە پاریزگای دیالە داوە •

وەفدەکە دوای ئەوەی لەگەل جێگری پاریزگە کۆبونەتەوە سەریان لە قەزای خانەقین داوە بۆ ئەوەی لە کاروباری کۆمپانی نەوتی نیشتمانی ئەوی شارەزابین •

هەروەزلە سلێمانی

کاك عامر الخشالی بەریوەبەری گشتی هەرەوەزکاری کشتوکاڵ لە حەفتەی رابوردوا بۆ سەردان لە داوو دەزگاکانی هەرەوەزکاری کشتوکاڵ بە ناوچەکانی ژوروی ولاتا گەشتیکی کردوە •

مەبەستیش لەم گەشتە گەشە پی‌کردنی جۆلانەوەی هەرەوەزکاری کشتوکاڵو فراوان کردنی بنکەی ئیشوکاری هەرەوەزی کشتوکال بوە ، لە سەردانی سلێمانیدا لەگەل پاریزگەری سلێمانی لەم بارەیەوە گفتوگوی کردوە ، ئەمە جگە لە وەی کە کاك‌خشالی کۆبونەوەیەکی تری لەگەل لێپرسراوانی بەشی هەرەوەزکاری لەبەڕێوەبەرایەتی چاکردنی زەوی‌و زاری پاریزگای سلێمانی کردوەو دەربارەی ئامادە بون بۆ دروێنەو گواستنەوەو بازار پەیداکردنی بەرهەمی دەغلی ئەمسال کە لە ئیوەی مانگی داهاتودا دەست پێ ئەکات گفتوگوی لە گەلیان کردوە •

ئاەدع

پرۆژەیەکی نمونەیی لە هەولێر

لە مانگی داهاتوا دەست ئەکرێت بە دروستکردنی پرۆژەیەکی نموذجی تەختە دروستکردن لە پاریزگای هەولیر کە نزیکەی ٥٢ هەزار دیناری تێ ئەچیت • لە دروستکردنی پروژەکەدا سندوقی تایبەتی ئەتەوە یەکگرتوەکانی تیایا بەشدار ئەبیت • وە دارستانە سروشتی‌یەکان‌و دەستکردیەکان لە ناوچەکەدا بەکار ئەهێنرێن بۆ دروستکردنی تەختەو داری پەستیوراوی دوو رو •

خەستەخانەیەك لە دەی قۆریتان

وەزارتی تەندروستی بریاری‌دا کە خەستەخانەیەك لە دەی قۆریتان لە پاریزگای هەولیر بکاتەوە بۆ ئەوەی لە روی تەندروستی‌یەوە خزمەتی دانیشتوانی دێیەکەو دەورپشتی بکات •

وتوویژ لەگەل فەرەنسا ئەکرێت پۆ پارا ستنی بەرژەوندیەکانی لەو نەوتەی بە میللی کراوە

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڵاوی کردەوە کە عیراق ئامادەیە گفتوگۆ لەگەل لایەنی فەرەنسا بکات دەربارەی یاسای میللی کردنی کومپانیای نەوتی عیراق ئەگەر بێتو لایەنی فەرەنسا لەم روەوە ئارەزو بکات •

ئەنجومەن لە بەیاننامەکەیداوتویە بۆ ڕێزگرتنی هەڵوێستی فەرەنسا بەرامبەر بە مەسەلە چارەنوسیەکانمان وە لەپێناو پتەوکردنی پەیوەندی ئابوری‌وسیاسی نێوان عیراق‌و فەرەنسا وەبەپێ یاسای میللەکردنی کومپانیای نەوتی عیراقی ژمارە(٦٩)ی ساڵی ١٩٧٢ حکومەتی عێراق ئامادەیە کەلەگەل لایەنی فەرەنسا راوێژ بکات ئەگەر بێتو فەرەنسا ئارەزوی ئەم گفتو گویە بکات ، ئەویش بەمەبەستی پارێزگاری کردنی بەرژەوەندی هەردوولا •

فەرمانبەرانی دارایی

٥٠٪ لە دەیەکی موچەکانیان هەڵگرت

دکتور عبدالله نەقشبەندی بروسکەیەکی ناردوە بۆ سەرەك کۆمار دەربارەی ئەوەی فەرمانبەرانی دێوانی پشکنینی دارایی دەستیان لە دەیەکی موچەکانیان هەڵگرتوە بۆ خەزنەی دەولەت سەبارەت بەوەزعی تازەی ولات ئەمەی خوارەوە بروسکەکەیە :

بەریز سەروکی تیکوشەر مهیب احمد حسن البکر ، سەروکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش‌و سەرکۆمار •

هەڵوێستیان هەڵوێستێکی شەرەف مەندو بەهێزە بۆ پاراستنی نیشتمان لە پیلانی کومپانیەکانی نەوت وە لە پیناوی سەندنەوەی مافی گەلە لەچنگی کومپانیە ئیحتیکارەکان باوەرمان بە هەزە بەم ئوانە موژدەی سەرکەوتنێکی بە ئەی ئەو هەقە بەگەل بدەن کە پشتیوانیتان لێ کردوە •

بەم بۆنەیەوە هەموو فەرەنەرانی دێوانی سەر پەرشتی دارایی بریاریاندا ، لەوەفاداری خۆیان بەرامبەر نیشتمان‌و پشتگیری کردنی حکومەتی شورش دەرخەن بەوەی لە ١٠٪ی موچەکانیان تاکاتی دەرکەوتنی ئەنجام ببەخشن بە خەزنەی دەولەت•• خاوەن مافیش هەرگیز سەرکەوتوە • بۆ ئاگاداریتان تکایە • لەگەل ریزیکی بێ پایان •

سەروکی ئەنجومەنی سەر پەرشتی دارایی
دکتور عبدالله نەقشبەندی

گۆشەی تەندروستی

رشانەوە « کولێرە »

دکتور نەوزاد

رشانەوە یاخود وەکو کوردەواری پێی ئەلین چاوەقولێ نەخوشیەکی سامناکە ئەم نەخوشیە جاران قری ئەخستە ئەو ناوچانەوە کە تیا بلاو ئەبوەوە • لە هەندی هەریمی دنیادا میکروبەکەی نیشتەجێ بوەو هەمیشە هەیە وەکو هیندی چین وە لەوێوە بەهوی هاتوچۆکەرانەوە بەهەمو لایەکی تری دنیادا بلاو ئەبیتەوە • شلەمەنی وەکو ئاوو شیرو خواردەمەنی شل•• هەتاد چاکترین هوی بلاو کردنەوەی ئەم نەخوشیە سامناکەن جاروباریش بەهوی خواردەمەنی نەکوڵاوەوە وەکو میوەهات‌و سەوزە بلاو ئەبیتەوە ، بلاو بونەوەشی لە هاویندا خیراترە تازستان‌و پایزو بەهار •

میکروبەکەی کە پێی ئەوتری ـ ئەلتۆر ـ کە ئەچیتە ناو ریخوڵەی ئادەمیزادەوە شانەکانی (خلایا) دیواری ریخوڵە هەوپێ ئەکات و پەکی ئەوەی ئەخات شلەمەنی بمژن‌و بیگەیەننە ناو خوێنەوە •

بەم جورە شلەمەنی ناچیتە ناو لەشەوەو هەموی دیتەوە دەرەوە بێ ئەوەی لەش کەلکی لێ وەربگریت • رەنگی ئەو ئاوەی دیتە وەدەری وەکو رەنگی ئاوی شوربای برنجی لێدیت • ئیتر نەخوشەکە وشك‌و لاواز ئەبیت پیستی شل ئەبیت‌و چاوی بەقولا ئەچیت‌و پەکی ئەکەویت • ئەگەر زوو بەزوو چارەسەر نەکریت ئەو ، لە ماوەی (٤٨) سەعاتدا ئەو نەخوشە ئەمریت •

بۆ چارەکردنی ئەم نەخوشیە پیویستە بەپەلە نەخوشەکە ببریتە خەستەخانەی تایبەتی‌و بەرورویی لە ریگای دەمارەکانی خوینەوە شلەمەنی بدریتێ ، ئەبێ ئەو شلەمەنیەی ئەیدریتی جیگای ئەوە بگریتەوە کە لە کیسی نەخوشەکە چووە •

هەروەها دەرمانی ـ تتراسیکلین ـ ئەدریت بە نەخوشەکە چونکە ئەم دەرمانە میکروبی ئەلتور ئەکوژیت • وەدەربارەی ئەو ناوچەیەی نەخوشیەکەی تیا بلاو ئەبیتەوە پیویستە لەپێش هەمو شتیکا دەزگای تەندروستی جیهانی ئاگادار بکریت وە دەست بکریت بە کوتانی خەلکی بە دەرمانی دژی میکروبی کولیرا وە ناوچەکە قورمتینە بکریت واتە ریگای هاتۆ چۆی لێ ببریت ئەکەس بچیتە ناوی‌و نەکەس لێی بچیتە دەرەوە تا بە تەواوی نەخۆشیکە لەناو ئەبریت وە ئەگەر هاتو چویەکیش بوو پیویستە هاتوچۆ کەران دەرزی رشانەوەیان لە خویان دابیت • جگە لەمانە ئەبی هەمو شتیك وەکو ئاوو شیرو میوە وسەوزە پەستەرە (تعقیم) بکریت هەرشتە بە دەرمانی خوی هەروەها فەوتاندنی میکروبی ئەم نەخوشیە نە

بروانە ل : ٧

رۆژی منالانی جیهان

لەرۆژی یەکی حوزەیراندا لەهەموو لایەکی جیهاندا ، جەژنی منالان دەگیرێ ، ئەوانەی کە ژیان‌و بەختیاری‌و کامەرانی‌یان بۆ منالان ئەوێ لەم رۆژەدا جەژن دەکەن‌و جۆریك شادی‌و پێخۆشحالی خۆیان دەرئەبڕن •

رۆژی یەکی حوزەیران لەوەوەکراوە بە جەژنی منالان کە لە ساڵی ١٩٥٢ لە یەکی حوزیراندا ، لەژێر سەرپەرشتی‌ی یەکێتی ئافرەتە دیموکراتەکانی جیهاندا کۆنگرەیەك رێکخرا بۆ پاراستنی منالانی جیهان لە مەترسی شەڕو بۆمبای ئەتوم‌و بۆ دابین‌کردنی پاشە رۆژێکی خوش‌و بەختیاری بۆیان کە منالانی جیهان بێیاوازی نەتەوەو رەنگ‌و رەگەزو ئایین بتوانن بەخۆش‌و کامەرانی بژین ، هەر لەم کونگرەیەدا بریاردرا روژی یەکی حوزەیران بەیادی ئەو کونگرەیەوە بکرێ بەروژی منالانی جیهان •

لەو رۆژەوە هەموو ساڵێك گەلانی جیهان وە بە تایبەتی دایکانی دلسوز یادی روژی یەکی حوزەیران زیندوو ئەکەنەوەو ئاهەنگی تیا دەگێرن‌و پەیمان تازە ئەکەنەوە کە هەمیشە بەردەوام بن لەخەباتدا بۆ ژیانێکی خۆش‌و ئاسوودەو کامەران بۆ منالان

ئەمرۆ لەگەلێ ولاتانی جیهاندا نیوەی ئەو منالانەی لەدایك ئەبن سال پر ناکەنەوە ئەمرن یا کە پێ ئەگەن بە نەخۆشی‌و لەپو لاوازی‌و نەخوینیدەواری پێ ئەگەن • ئەمەش بەهۆی بوونی رزیمی ئیمپریالیزم‌و دواکەوتنی کۆمەڵایەتی‌و پاشماوەی سەدەکانی ناوەراستەوەیە • بەرامبەر بەوانەش منالانی ولاتانی ئازادو سوشیالستی لەوپەڕی خۆش‌و کامەرانیدان‌و هەموو هێزیەکی‌خۆش بەختی‌یان بۆ ، ئامادەکراوەو بەچینێکی تایبەتی ئەدرێنە قەڵەم • ئەمرۆ لەگەلێ شوێنی جیهاندا منالان گیرۆدەی باری ئیمپریالیزم‌و شەڕی دەستدرێژین • منالانی ئێتنام‌و ئەنگولاو فەلەستین‌و گەلێ شوێنی تر لەناو کلپەی ئاگرو لێشاوی خوێندا پێ ئەگەن • منالانی کوردستانی ئێمەش ساڵەهای ساڵ گرفتاری دەستی شەڕی براکوژی بوون‌و لەهەموو خێرو خۆشی‌یەکی ژیان بی‌بەش بوون بەلام لە سایەی گەڕانەوەی ئاشتی‌و بەیاننامە مێژوویی‌یەکەی یانزەی مارتەوە کەوتنەوە خۆشی‌و هیوامن وایە ئیتر لەمەولا بتوانن بە لەش‌ساغی‌و لەکۆشی باوك‌و دایکیاندا پێ‌بگەن ، قوتابخانەیان لە هەموو لادێ‌و گوندەکاندا بۆ بکرێتەوە ، تیماری نەخۆشی‌یان بکرێ‌و بەگیانی ئاشتی‌و دیموکراتی‌و ئازادی‌خوازی‌و برایەتی‌ی کوردو عەرەب‌و هەمو گەلانی جیهان‌و دوژمنایەتی ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستی‌و خوێن مژین پەروەردە بکرین‌و بەزمانی نەتەوەی خۆشەویستەکەی خۆیان فێر بکرێن •

لەجەژنی یەکی حوزەیراندا لەگەل منالانی کوردستاندا جەژنە پیرۆزەی گەرمی ئەنێرن بۆ هەموو منالانی جیهان‌و هیوای سەرکەوتنی خەباتی باوك‌و دایکی منالانی ئێتنام‌و فەلەستین‌و ولاتە تێکوشەرەکانی تری جیهان دەرئەبرین •

هەربژی یەکی حوزەیران جەژنی منالانی جیهان •

گەلاوێژ جاف

Institut Kurdde Paris



خوێندەوانێن هێژا

پشتی گەلە برادەرێن دلسوژ نقیسەڤان و تورڤان و خویندڤانا پشتگیریا پێشنیارا مە کری ، مە دگەل بەهرا پتر ژ وان برادەرا وەسا بباش زانی کو ئەم :

(حەفتێ ئێڤاری ،
روژا چارشەمبی ١٤-٦-٩٧٢
لبارەگاهێ (جڤاتا رەوشەنڤانی یا کوردی - جمعیة الثقافة الکردیة) .

کوم ببین

هیڤیدارین هەمی برادەر دبەر هەڤبن و هەر بژین .

سەر بەست

دگەل نقیسەڤانان

● **برادەر صدیق نزارکی ل هەولێرێ :**

برا ئەم نەشیاین نقیسینا تە بخوینین ، مە گەلە پێخوش بوو (من .. خەمرا مانێ) بلاڤ کربا ، ژبەرکو بەرهەمەکی نویەو ... شعر نینە .

یاراست مە نەڤێت ، هوزانا بلاڤ بکەین ژبەر گەلە بناساو ئەم پشتگیریا نقیسینێن دی دکەین ، ڤێجا لسەر هەر بابەتەکی بن ، لنکمە ، بڤی رەنگی پتر دێ شێین خزمەتا پێشکەڤتنا نقیسینا کوردی کەین ، هیڤیدارین جارەکادی دەستخەتێ تەیێ خوش بیت .

● **برادەر طه محمد سلیم:**

چیروکاتە (ژناف ژیانا کوردستانێ) ، جارێ گەلەکا درێژ بو ، بکێر هندێ ناهێت لروژنامەکا وەکی (هاوکاری)یێ کو (بەرپەرەک) مەیێ هەی ، بێتە بلاڤکرن ، یادووێ هەر دەقەکێ ئەدەبی ، چەند ستوینەکێن هەین لسەر رادوەستیت ، مخابن ئەو ستوینێن کو چیروک لسەر رادوەستیت ، مە دچیروکا تەدا نەدیتن، هیڤیدارین بەردەوام بن و هاوکاریژی بێ بەهر نەبیت ژ ڤەرێژا وە .

روژنامەبرایەتی و هیڤی و بارمانجێن رەوشەنڤانێن کورد

بەری چەند روژا ، روژنامەهێژاو بەرکەتی (برایەتی) بدەست من کەت ، ژدلەکێ کویر من گەلە پێ خوش بوو ، ژبەرکو روژنامەکا کوردیە و دەلیڤەیەکێ دیە بو خویندەڤان و نقیسەڤانێن کورد تێدا ژ رەکی و ڤەژمن و ڤەرێژا هزرا خو بلاڤ کەن ، هەروەسا ژی دەنگێ مللەتێ کوردە ، ژبلی هندێ کو بدەرکەڤتنا برایەتیێ ، برایەتیێ ، هەڤرکینیەکا روژنامەڤانێ دێ دروست بیت و دێ بینە بناسەك بو پێشکەڤتنا ڤی هونەرێ گەلە بیهاو سەنگ .

هەرچەندە ئەم و هەمی خویندەڤانێن کورد لهیڤیا هندێ بووین ژمارەکا گەلە سپەهی ببینین، نەخاسمە پشتی ژ سلێمانیێ هاتیە بەغداو گەلە کێماسی تێدا هەبوون ، مە باوەریا هەی نەڤە لچەند ژمارێن داهاتیدا نامینیت .

ئەم هیڤیدارین (برایەتی) گەلە سەرکەڤتی بیت و بکاریت بئاوایەکێ بلندو لپەیسکەکا بلند خزمەتا مللەتێ کورد بکەت چ ژلایی سیاسی ، جڤاکی ، بگەرم و گوری هاریکاریا برایەتیێ بکەن چ بنقیسینێ و چ بدیارکرنا کێماسیاو چ بپێشکێش کرنا پێشنیارێن لجهێ خودا .

ئەڤەو هیڤیدارین نقیسەڤانێن کورد بزاری کرمانجی بەردەوام ژبرایەتیێرا بنقیسن ، نەخاسمە نەبوونا بەرپەرەکێ کرمانجی ، کێماسیەکا دیارەو نەبوونا وی نە لجهێ خودانەو یێن هەین ڤی لڤیری پتر پویتەی پێ ددەن ، بەلێ مخابن نەیا وەسا بوو وەکی مەدڤیا ، ژلایێ هونەرییڤە ئابوری، بیروباوەری و هونەرییڤە هەروەسا ئەم ژهەمی خویندەڤانێن هێژا دخازین بکەینە ئێك بو دانانا بنگەهێت گشکی ئو فرەهە بو زمانێ ماکێ زمانێ کوردیێ شیرین) .

ژبەر ڤێ چەندا سەیدایێ صادق گوتی من فەر زانی ئەز ڤا چەند سەرنجا پێشکێش کەم .

سەیدای ئەڤە وێ گوتی دروژنامە هاوکاریێدا یاهێژا : (هەکە هاتو خویندەڤانێت بەرکەڤتی ئو بهاگران کێماسیەك

نقیسینا کوردی و.. سەیدا صادق بهاء الدین

ژبەر هندێ پێدڤیە لسەر مە هەمیا ئەم سوپاسا وی بکەین بو ڤێ تێکوشینێ .

سەیدایێ هێژا (ئیبراهیم رەمەزان نەجار)ی ئەڤە سێ سەرنجە لسەر نقیسینێن سەیدا (صادق بهاء الدین)ی هەبوون، ئەم پێشکێشی خویندەڤانێن هێژا دکەین، هیڤیدارین سوودو قازانجی ژێ وەرگرن .

« هاوکاری »

لسەر زنجیرا گوتارین بنگەهینا کوردی، ئەڤا سەیدایێ صادق لسەر بەرپەرێن روژنامە مە بلاڤ دکەت . سەیدایی ئیبراهیم دبێژیت :

- ئاشکرایە سەیدایێ هێژا صادق بهاءالدین زۆر خۆ ماندی دکەت دریکا زمانێ کوردیدا ، خاری ئو خیچەك ، لەنگی ئو نەراستیەك تێدا دیت من هایبکەن داوێ لەنگیێ راست بکەم ، ژبەرکو ئەم هەمی پێکڤە هێزو ڤەژمن و هزرو بیرێت خو دبێژن مروڤەکێ دەولەمەندێ حەژخو کری ، گەلەك دل لسەر گولیکا هەبو . روژەکێ بنە گولەك بدەست کەفت ، داف رەزڤانێ خو و گوتێ :

- گەلە چاك چاڤێ خو لڤێ گولێ بکەو لبەر راوەستێ کا دێ بینە چ ؟ زێرەڤانیەکا باش لێ بکەو هشیاربی نەهێتە چەراندن .

رەزڤانی جهێت خو دانانە بەر گولێ و بشەڤو روژ مالبەرو چاڤێت وی لێ مانە زل . هەکە روژەکێ و هەکە دەها ... گول شین بوو باقوڤەك دا ، رەزڤان بەزی نك خودانێ خوو مزگینی دایێ کو گولێ باقوڤەکا دای . خودانی کوتێ :

- چاك یێ هشیاربە پێچ نەبیتو چو لێ نەهێت .

بلبلەك ڤێری گولێ بو ، هندی رەزڤانێ دکەتو ناکەت نەشێت بلبلی ژ گولێ ڤەکەت ، گاڤا چاڤێ وی خالفت بلبلی ڤەستا گولێ کرو لبەلگێت وێ پالە بوو . خودانێ وێ گوتە رەزڤانی :

- ما تو نەشێی بەلا وی بلبل ژ گولێ ڤەکەی ؟

رەزڤانی گوتێ بەلێ و رابو (بەرتڤکەك - بەندەکەك) بو کوڕێ خو پەیداکرو کوڕی ژی نوبە لگولێ گرت ،روژەکێ کورکی بەرەك لبلبلی داو بلبل گوشت ، رەزڤان چو نەك خودانێ رەزی و مزگینی دایێ کو کوڕێ وی بلبلێ کوشتی، وی ژی گوتێ :

- بلبل گەهشتە حەڤێ خو، بەلێ کوڕێ تەژی دێ گەهیتە حەڤێ خو !؟

چەند روژەك پێ نەچوون لبەر دەحلەکێ مارەکی بکوڕکی ڤەداو کوڕك پێ مر ، دەمێ رەزڤانی گوتی یە خودانێ رەزی وی گوتێ :

- کوڕێ تە گەهشتە حەڤێ خو ، بەلێ مارژی دێ گەهیتە حەڤێ خو !!

پشتی سێ جار روژا رەزڤان دوێری دا دهاتو مار دیتو مەرەك لێ دا گوشت ، وەکی گوتی یە خودانێ رەزی گوتێ :

- مار گەهشتە حەڤێ خو .. ئەوێ کوشتی ژی دێ گەهیتە حەڤێ خو !!

روژەکێ ژنکێت مالا حاکمی هاتنە ناف وی رەزی بو سێران و گەریانێ ، رەزڤانی خو لسەر برکا ئاڤێ لناڤ نایێت دارەکێ ڤەشارت .

وەکی ژنکا خو ئێخستی یە ئاڤێ ، چاڤێت ئێکێ ڤێ کەڤتن ئینا کرە هەوارو هاتنە دەرێ ژئاڤێ و جلکێت خو کرنە بەرخوو ڤەستا حاکمی کر ، حاکمی رەزڤان ئیناو گوتە سەیدایێ هێژا ، پیت وێت نڤیسین و وێ گوتی :

(دەنگی ڤان پیتان دڤان بێژەیان (ووشەیان)دا وێ هاتی وەکی :

(سەربڕی - جلاد) :

- سەرێ ڤی رەزڤانی ببرە دا کەسەکێ دی وەنەکەتو بەرێ خو نەدەتە ژنکێت خەلکێ .

رەزڤانی گوتێ :

- راوەستە سەرێ من نەبرە !!

حاکمی گوتێ :

- سەرێ تە ئەز ناڤێ .

رەزڤانی گوتێ :

- حاکمی خوش بیت دێ سەرێ من بڕی ، ئەز دێ گەهمە حەڤێ خو ، بەلێ تو ژی دێ گەهی یە حەڤێ خو ... ڤێجار (تو من نەگەهینە حەڤێ من ، دا توژی نەگەهی یە حەڤێ خو) .

ئینا حاکمی بەرداو ئەززی هاتمەڤە چو نەدامن !



من نەگەهینە هەڤێ من ٧

هەجەر عەلی باهەرلی

(سەربڕی - جلاد) :

- سەرێ ڤی رەزڤانی ببرە دا کەسەکێ دی وەنەکەتو بەرێ خو نەدەتە ژنکێت خەلکێ .

رەزڤانی گوتێ :

- راوەستە سەرێ من نەبرە !!

حاکمی گوتێ :

- بوچی ؟

رەزڤانی گوتێ :

- حاکمی خوش بیت دێ سەرێ من بڕی ، ئەز دێ گەهمە حەڤێ خو ، بەلێ تو ژی دێ گەهی یە حەڤێ خو ... ڤێجار (تو من نەگەهینە حەڤێ من ، دا توژی نەگەهی یە حەڤێ خو) .

ئینا حاکمی بەرداو ئەززی هاتمەڤە چو نەدامن !

زمانێ کوردی

صادق بهاء الدین

(چام) : برامان و پەژنا کردنی ، کرێتکرن .

دبێژن : چام بسەری ئینان ئانکو کارکنی بسەری ئینان ، یان کرێتکرن ، رەزیلکرن .

چیروك و چیڤانوك ، برامان و پەژنا گوتگوتکو ئاخڤنێت هاتی نە کرن لسەر رویدانەکێ یا کرنەکێ .

دەنگێ (چ) دڤان بێژەیێت ژوری دا نەوەکی ئێکە برستی ئەگەرچی ژفامیلیەکێ یا خیزانەکا فونیمێ ژی بن . ئەڤ تێڤەلی و جودایێت ددەنگەکی یافونیمەکێ دیارو پەیدادبن ئانکو ژ دەنگەکی یا فونیمەکێ چەند تیرك یان شاك ژێ دچن نەکو ببنگەهەکی گشکی دهێتە دانان کو ازرێت کوردی هەمیا پێکڤە دگریت ، بەلێ دهندە زارێت (شێوێت) خوجهدا یێت کو دبن بارو زروفێت خومالی دا دیاردبیت و دزارێت چارنکاردا دیارنابێت بو نمونە ، دەنگێ (ز) کو بدو رەنگو جورا تێتە گولیبون یا بهیستن ددەڤەرا بەهدینادا زێدەبار لئامێدیێ ئوچار نکارێت وێ ئەڤ دەنگە یافونیمە دزارێ بوتاندا ئو لایێ رۆژئاڤا دەڤەرا بەهدینا ژشنکارێ بگرە هەتا خو دگەهتە دیاربەکرێ هەر بدەنگەکی تێتە بهیستن ، هەر وەسا ژی دجهێ سوراد: ژبلی چەند بێژەیا وەکی (زوپا) برامان و پەژنا ئالاڤێ ئاگرتید: کرنێ لجهێ یاشوینا کوچکی . ژبەر ڤێ یەکێ ئەم دشێین ئانکو دکارین بپشتراستی ببێژین ، ئەڤ تێڤەلی جودایا دهندە دەنگێت یا فونمیت کوردیدا زێدەبار دیبیت دەنگدار دا وەکی (ل) ، (ر) ،

یامای

گوتنەکا پێدڤی لسەر کوم بوونەکا پێدڤی

پاش سلاڤەکا گەرم

من پێشنیارا برایێ دلشادخویند دگەل وێ سەرنجا وە لسەر نقیسی .

راستی پێشنیارا وە یا دجهێ خودانەو یا جانە ، وە نەڤێت بساناهی دەستکاریێ دنقیسینێن نقیسەڤانان دا بکەن چونکە دەستکاری وەسا یا بساناهی نینە ..

گوڤارا (زانیاری)یێ لژمارا ئێکێ بریار دابوو کو دەستکاریێ بکەت ، بەلێ دویماهیێ زانی کو پێنگاڤەکا راست ئینەو ژبەر هندێ بریارا خو تێکدا .

هەروەکی دپێشنیارا وەدادەردکەڤیت کو پاشی چەند چڤاتو چەند کورا دێ هوین کارن بریارەکێ دەن کا ب چ جور یان ب چ چەشن نقیسینا کوردی - کوردی - کورمانجیا ژوری - بێتە نقیسین و ببیتە یاساو لسەر بچن .

ژبەر ڤێ چەندێ من چەند پێشنیارەکێن دی یێن هەین ، هیڤی دارم برایێن نقیسەڤان و دلسوژ بیرو هزرێن خو لسەر بدەن ، بێ گومان ئارمانجامەهمیا ، پێشخستن و پێشڤەبرنا زمان و نقیسین و تورێ کوردی یە .

فاروق ئامێدی

١ - ئەشکەرایە رامانا وە ئێکگرتنا ئیملا کوردی یە ، نەمازە کورمانجیا ژوری .

٢ - ئەڤ جڤاتا دهێتە گرێدان دڤێت یا بسەرکەڤتی بیت دا نەبیتە نیشانا نەیارا .

٣ - ئەڤ کەسێن کو دێ ئامادەبن لجڤاتێ ، مسوگەر هەمی خەلکێ کوردستانا عیراقێ نە - دەڤەرا بەهدینا -

٤ - نابیت زارافێ هەرێما بەهدینا بکەینە بناغەو بنگەهین بو هەرێمێن دی تر .

٥ - زارافێ کرمانجی کو ئەڤ باسە لسەر بەرپەرێن روژنامەو گوڤاران بێتە بلاڤکرن و نقیسەڤان و تورفان بپرو هزرێن ئێکو دوو بزانن و رەخنێ لئێکو دوو بگرن تاوەك دەمەکێ خوش و بەرفرەه پەیدابیت کو زورترین دەڤەرێن کوردا هاوکاریێ تێدا بکەن .

١٠ - بوهندێ پێدڤی یە نیشانێن باسا بێنە دانان و دیار کرن ژلایێ بەرپرسیارێن (مسوءولی) روژنامەو گوڤاران ڤە (یان بریکەکا سروشتی) دا نقیسەڤان لسەر بنقیسن و بیرو هزرێن خو بێخنە سەر بەرپەران .

١١ - لسەر ڤێ چەندێ پشتی هەیامەکێ دی تر هوین دێ شێن بریارەکێ دەن کو نقیسین لروژنامە (هاوکاری)یێ

ب.پ. - ٧

سبەینێ

سبەینێ گەل روژ هەلاتو .. برایێد من ژبەندیخانەو زینداندا دهێنە دەرێ ...

چاخێ چاڤێد داکا من گریانێ دهێلن ...

روندك لسەر رومەتا هشك دبن ...

چاخێ جارەکادی گولێد بەر بەروژا بەرێ خو دەدەنە ڤە روژێ ... ئەو روژا لسەر گەردەنا چیای خویا بووی !!

گاڤا ژوێ شکەفتێ دەردکەڤین و ...

خانیەکی بخو لبن دارا بەروژێ ئاڤا دکەین ، دێ رابم هێلینەکا باش بو هەردوو کوترێد خو دروست کەم ...

دێ دارەکا زەیتونێ لبەر دەرێ خانیێ م هەچینم ...

دێ دەست بترا شین و دروست کرنا کێلا کەم بو گورپێد شەهیدا ..

خدر اسماعیل

ئیڤارا دویماهیێ

ئیڤاریەکا دل تەنگ بوو ...

من و هەڤالەکی رێیا نشیڤییا گوندێ مە دابوو پێشیا خو ... جڤات - جڤات پالە ژدروونێ دهاتن ، لنگێد خو هێدی - هێدی لپەی خو دکێشان ، وەستیان و ماندوبوونێ زەبر ژوان ستاندبوو .

مە ژی دوانداد دروونی وەکی ژنشکێدا دەنگێ قێرین و هەوارەکێ بلند بووی .....!!

ئەز لخو زڤریم ، هەر چی یێ دبینم وێ دکەتە غار بو ئاشێ مەتبەخێ(١) ، ئەزو هەڤالێ خوژی کەفتین دوو خەلکێ بەرەو وێ قێرینێ ... گەهشتینە وێ دەرێ دبێهن هەلمان ، قەرەبالغەکا زۆرە .... دناڤ وانداد ژنەکا پرچێ خو ڤەدکێشیت و دکەتە هەوارو خولیێ لسەرێ خودکەت و دبێژیت :

- بخودێ ئەز ، بەر ، بەرێ بەیانێ وا چویمە کاری ژبو مالا (...) ، نوکە لمن خولی بسەرێ وا دێمەڤە !!

ئەڤ رژیانا مروڤا لبەر دەرێ مالا کابرایەکی بوو ، ژیانەکا دەستو دەڤی دژیا ، چوجاراهزرا خو دپاشە روژێدا دکر، هەر ئەوو لنگێد خو بوون ... ئەڤ دوو هەیڤەنە تێنەبن ، بێوەژنەك بخو پەیدا کربوو ،سەرێ چەند مێرا خواربوو ، چەندێد دی ژی بەردابوون ...

رەبەنی قەت هەوڵ نەدداژنەکێ بینت ، ژێ وی گەهشتبوو (٣٥) ساڵا بەلێ دگەل هندێ ژی زەلامەکێ بخووڤە بوو ، یێ گرێ بلند ،سورە کورە ، دوو چاڤێد ریقو ئەبلەق ، ناڤ مل پانو ..دگورو دووتا ... هوسا دهاتە بەرچاڤ ، خو ژچو کاراژی نەددا پاش ، چاخی دروونێ یان کارەکێ دی ، ئەو کەس میربوویێ (لیاس) بێتە پالێ وی ، خودان خیرەتەکێ بلیمەت بوو ،دەمێ دەست دهاڤێتە داسکێ و دکەفتە دروونێ ئاگر ژبەرداسکا وی دچو ، زەڤی ژبەر دریەڤی .... چاخێ بێهن دانێ، پچەکێ دویر ژپالا دڕوونشت ، نیڤەك خارنا خو لسەر زەڤیێ دبژکاندو دگوت :

- گەلی گێرگێراتکا کەرەم کەن بەهرا خو وەرگرن .

هەکە پەیڤی با مروڤ ژئاخڤتنێد وی تێر نەدبوو ، هەمی دحەشاندی بوون ژپەندێد مەزنا ... خو دیاردکر نیڤ دەرویشەك هەر ژبەر ڤێ چەندێ بوو ژن نەدئینا ، دبیت ژی دخیرەت چو بوو ژبەر وێ ژیاناراهاتی ...

جار جار دگوتنێ :

- مالا ئاڤایێ ... هەکە تەخواستی یا خو نەهێلابا ، نە دوور بوو ئەڤ دووسێ بجووکێدوێ هەین نهو یێد تە بانا ، تە بووچی خواستبوو ئو تە بوهێلا ؟... دێ ئەو چوو بەر رزقێ خو ... توژی بخو لئێکدی بکەرە .... بلا بەس حەلك دەهولا تە بقوتن و دولکابتەڤەکەن ...

وی ژی بەرسڤا وان نەددادڤەو ئاخڤتن دبرە شاخەکێ دی ، شاخێ گەلتاو کەنیێ ....

دابێژنێ :

- کوڕو .... بێ بەختی والمێرێد زمانی تێتە کرن ، نەمازە ئێکێ وەکی تە ، تە دیت توچەوا کەتییە ناڤ دەڤێ خەلکێ وەکی (...) هاتی یە کوشتن ... تەدیت مچەند شاخا شروڤەدکرن ... ئەڤی دگوت :یارێ ژنا وی بوو ، ئێدی دگوت : تەمایی بوو ... بەس خەلکێ دمالا خوکە ، شوینا ڤێ ئێکێ ژنەکێ بینە ...

ئەو بوو (لیاس)ی ئەڤ بێوەژنە دڤان هەردووا هەدڤادا ئینا .... ها ئیرووا خولیێ بسەرێ خودا دکەت ، هێژ چەرەزێ بووکینیێ وێ دبەرپشتێرا ....

هندی وێڤە تر بوو خەلك پترکوم دبوون و تێك دزڤرین ... ئەڤە چی یەو چونینەو .... هتد .

ئێکی خو دناڤ قەزەسوکێراکرو ... بێهنەك پێڤەچوو ژناڤ ڤەرەست یێ بێهن هەلمای ... گوت :

- وێ ... وێ .... خوبقەنارێ ڤەکری !!

١ - گەرەك - تاخ .

خدر سلیمان

هەروەسا سەیدایێ ئیبراهیم رەمزان نەجار

پیتا دروست نینە ، یاراست ئەوە چو دەنگێن دی لگەل نەبن و دڤێت دەنگێ پیتێ بکەتە دویماهیکا (ووشەی) ئانکو بپت پیتا پاشی یا ووشەی ك :

ت : ماست ، راست
ك : ماك ، خاك
س : داس ، نیاس
ز : رەز ، پەز ، قاز
چ : قاچ ، پرچ
پ : تەپ ، دەپ .

پشتی ڤێ چەندی سەیدایێ ئیبراهیم لسەر (تامرازێن پەیوەستیێ « بەستنێ ») دئاخڤیت و دبێژیت :

- تامرازێن بەستنێ ئەون کو دوو تشتا درامانەکێ دا پێکڤە ببەستن وەکو :

(و ، بەلێ ، بەلکو ، یان ، نەوەك ، چونکو)

و : سالارو سەردار هاتنە مالێ .

بەلێ : مەردان بلندە بەلێ بابێ وی کورتە .

بەلکو : ئەز دێ دەرمانی خوم بەلکو ئەز ساخ ببم .

یان : تە سافار دڤێت یان برنج .

نەوەك : سیرا نەخۆ نەوەك بێهن ژدەڤێ تە بێت .

چونکو : نەچە ناڤ چەمی چونکو مار وێت هەین .

هندەك برادەر (ئو) دکن تامراز بو بەستنێ ، بنایەتی سەیدایێ صادق ، ئەز دبێژم ئەو نەراستن ، ژبەرکو (ئو) هەمزا ئەوەلی یە یا دڤمچای (مضموم) وەکی :

(ئوزێر ، ئوسمان ، ئورگەن)

ژبەر ڤێ چەندی بکارینانا (ئو)یێ بو بەستنێ نەراستەو خاری دێ کەفتە زمانێ مە . بنقیسین :

سالارو سەردار هاتنە مالێ .

نابیت بێژین :

سالار ئو سەردار هاتنە مالێ .

هەروەسا سەیدایێ ئیبراهیم لبن ناڤو نیشانا (سالا بەری ئەڤ سالە یا چوی) دنقیسیت:

- ئەڤ گوتنە وێ هاتی نقیسین دئێك ژنقیسینێن سەیدا (صادق بهاء الدین)ی دا . ئەز دبێژم ئەڤ گوتنە راست نینەو ئەز نزانم چەوا سەیدایێ مە هویر هزرا خو تێدا نەکریە .

سالا بەری : سالەکە وێ چوی .

ئەڤ سالە : سالا لسەر مەیە ١٩٧٢ .

ئەڤ سالە یا چوی : گەنگی ئەڤ سالە چوویە ، دشیا بێژیت (پار) ئەگەر گونبا : سالا پەری ئەڤ سالە ، دروست بی ، ئانکو (یاچوی) پێڤە نەتایبەتی یە بدەڤەرا بەهدینانڤە، کورمانج : شکاکن ، روژەکینە، بوتانینە ، جزیری نە ، زازانە ، ئاگرینە و ئەلەکەزینە ..

٦ - نە بساناهی یە زانا و شەهرەزایێن تورێ کوردی لدەڤەرێن دەرڤەی عیراقێ بینە جڤاتێ لکوردستانا عیراقێ ژبەر گەلە تەنگاڤیان .

٧ - ئەم نەشێین جڤاتێ لدرەکا وەتوف دانین کو هەمی شارەزاو بسپورێن هەمی دەڤەرا لێ ئامادەببن .

٨ - ئەگەر نقیسەڤان کوم بوونو ئەندامێن جڤاتێ کارین بریارەکێ بدەن لسەر ئێکگرتنا نقیسینا کوردی ، ئەو بریار نابیتە بریارەکا یاسایی چونکە ئەو ئەندام خر بەبووینە ژهەمی هەرێمان .

٩ - ئەز وەسا بباشی دزانم کو ئەڤ باسە لسەر بەرپەرێن روژنامەو گوڤاران بێتە بلاڤکرن و نقیسەڤان و تورفان بپرو هزرێن ئێکو دوو بزانن و رەخنێ لئێکو دوو بگرن تاوەك دەمەکێ خوش و بەرفرەه پەیدابیت کو زورترین دەڤەرێن کوردا هاوکاریێ تێدا بکەن .

١٠ - بوهندێ پێدڤی یە نیشانێن باسا بێنە دانان و دیار کرن ژلایێ بەرپرسیارێن (مسوءولی) روژنامەو گوڤاران ڤە (یان بریکەکا سروشتی) دا نقیسەڤان لسەر بنقیسن و بیرو هزرێن خو بێخنە سەر بەرپەران .

١١ - لسەر ڤێ چەندێ پشتی هەیامەکێ دی تر هوین دێ شێن بریارەکێ دەن کو نقیسین لروژنامە (هاوکاری)یێ

ب.پ. - ٧

institut kurde de paris

هەژاری‌ی زمانی کوردی

عبدالله نجم الدین

حەوتەم ـ کاك شێرکۆ زۆر بەچاپکانە تەکان ئەدات‌و خواستنەوەی پیتی لاتینیمان بۆ نووسینی کوردی وەك ئاوخوارنەوە لێ‌ئەکات ، ئەو زەحمەتیانەش ـ کە بەشێکی کەمن لە گیروگرفتێکی زۆرتر کە من لە وتارەکەمدا بە هەشت خاڵ ناویانم بردبوو ، لای کاك شێرکۆ سەرکەوتن بەسەریاندا زۆر ئاسانە ، گەرچی لەسەر (اقرار)ی خۆی تێ‌نەگەیشتنی خۆی نیشان ئەدات لە هەندێ لە مەبەستەکانی ئەو خاڵانە ٠

هەرچەندە من لە وتارەکەمدا هەوڵی خوێندەوارانم بوو کە بێزاریان‌نەکەم بەدرێژکردنەوەی نووسین هێشتا ناچار مام کە نزیکەی بیست لاپەڕە بخەمە بەردەستیان ، وە لێرەشدا حەز بەوە ناکەم کە درێژە بدەمە ئەم باس‌و وەڵامدانەوە بەڵام کاك شێرکۆ بە زۆر پاڵی‌پێوە ناوم کە بە درێژی لە (بەکارهێنانی پیتی لاتینی بۆ نووسینی کوردی) بدوێم ، جا داوای لێ بووردن لە خوێندەواران‌و تکا لە کاك (شێرکۆ) ئەکەم کە ئەمە باسێکی زۆر گرنگەو بەکارهێنانی (فکر)ی تیا پێویستە : کاتێ کە من ئەڵێم لە بەکارهێنانی پیتی لاتینیدا : « دەنگی راستەقینەی‌هەندێ لەپیتەکانمان بەرەبەرە ون ئەبن ٠ کاك شێرکۆ یەکسەر ئەڵێ : (بەخێر ون نابن ، چونکە دەتوانین نیشانە لەسەر ئەو پیتە لاتینی‌یانە دانێین کە لە دەنگی ئەم پیتانەوە نزیکن ٠٠٠ وە لە نووسینی (خ) و (ق) هیچ گیروگرفتێك نیە ، چونکە وێنەکەیان بەم جۆرەن ق = Q خ = ×) ٠

پێش ئەوەی بچمە قوڵایی باسەکەوە ئەمەوی یەك دوو وشە روون‌کەمەوە تکا لە خوێندەواران‌و کاك شێر کۆیش ئەکەم کە لە گەڵما (تصور)ی ئەوە بکەن کە ئێمە جگە لەو دووچاوەی کە لەلای پێشەوەی سەرمانەوە جۆری تر چاومان هەیە کە نادیارن‌و پێی ئەڵێین چاوی فکر ـ نەك مێشك ـ هەر بەو چەشنە جگە لەو جوانە گوێچکانەی کە لە تەنشتەکانی سەرمانەوەن گوێیەکی نرمان هەیە کە ناوی ئەنێین گوێی فکر ـ دیسان نەك مێشك ـ کە نادیارە ٠ ئێمە کاتێ کە وشەیەك بەگوێمان ئەبیستین ، زرنگەی ئەم وشەیە بە چەند پێچ‌و پەنایەکدا تێ‌ئەپەڕێ‌و ئەگاتە پارچەیەکی تایبەتی لەمێشك ، مێشکیش بە گوێرەی پێویست لیك‌دانەوەی خۆی زوبەزو ئەکات‌و ئەگەڕێ بۆ تاقی‌کردنەوەی لەوەو پێش لە (ذاکرە)دا ، بەرانبەر بە (مدلول)ی ئەم وشەیەو بە گوێرەی (سجلات)ی (ذاکرة) وەڵامێك ئامادە ئەکات‌و فەرمانێکی تێلگرافی ئەنێرێ بۆ پارچەیەکی تایبەتی لە لەش یا بۆ هەمو لەش تاکو بەگوێرەی ئەو فەرمانە ببزوێ ، ئەمەش بۆ خوێندەوارو نەخوێندەوار جیاوازیەکی زۆری نیە ٠

بەڵام کاتێ کە وشەیەك ئەخوێنینەوە، یا وێنەی وشەیەك بەچاو ـ کە حاسەی بینینە ـ وەرئەگرین لێرەدا هەست‌کردنی بینین بە تەنها خۆ بەخۆ روو نادات ، چونکو هەست کردنی بینین چەند هاوڕێیەکی هەیە باش پێوە پەیوەندن‌و بەستراون بە زەحمەتیەکی زۆر مەگەر ئەوجا لێی جیا بکرێنەوە ، سەرگەورەی ئەم هاوڕێیانەش خەیاڵی زرنگەکەیە ، کە ئەتوانین ناوی بنێین دەنگی ئەو وشەیە لەگوێی (فکر) ماندا ، وەیەکی تر لەو هاوڕێیانە خەیاڵی وتنەوەی ئەو وشەیە تانێ ، کە چۆن بە لێوو دەم‌و قوڕگ هەستمان بەو وشەیە ئەکرد گەر بمانویستایە وشەکە لەزارمانەوە دەرکەین ٠ بەڕاستی خەیاڵی زرەنگەی وشەیەکێ لە روون‌ترین‌و ئاشکرا ترین رووداوەکانی (فکر)ە ، چونکە خوێنینەوەی وشەیەك یا چەند وشەیەك بە ئەسپایی‌و تەنها بەچاو دەنگێکی پسە نسبەت ئەداتەوە لە خەیاڵی زۆربەی خوێندەواراندا بەبێ‌جیاوازی‌یەکی زۆر لەوەی گەر بهاتبایە ئەو وشانەیان بە دەنگێکی بەرز بخوێندبایەتەوە ٠ ئێستە ئالەتێکی ئێلێکترۆنی هەیە کە مایکرۆفۆنێکی تایبەتی پێوەیە کاتێ‌ئرایەسەر قوڕگی مرۆڤێکەوە ئەتوانێ بە شێوەی شەپولی کارەبایی زۆربەی ئەو وشانەی کە ئەو مرۆڤە بەچاو ئەیانخوێنێتەوە ـ بێ لێوو زوبان جولاننەوە ـ نیشانمان بدات ، لەمەوە بۆمان دەرئەکەوێت کە ئێمە کاتێ بەچاو ئەخوێنینەوە لە هەمان کاتدا بە قوڕگیش وشەکان ئەڵێینەوە بێ ئەوەی خۆمان بەئاسانی هەستی پێ‌بکەین ٠

وەشتێکی تر کە روون کردنەوەی لەم بابەتەوە زۆر گرنگە ئەوەیە کە : کاتێ وشەیەك بەچاو ئەخوێنینەوە ، یا وێنەی وشەیەك بە بینین وەرئەگرین ـ جگە لەو خەیاڵ‌و وێنانەی کە وتمان پێوە بەستراون‌و پەیوەندن ـ دەس بەدەس‌چەند شتێك لەمێشکماندا روو ئەدەن ـ هێشتا نەزانراوە بەچی شێوەیەك ـ وە ئێمە بەم رووداوانە ئەڵێین (بیر) یا (بیرکردنەوە) ٠٠ ئەمەش وا ئەگەیەنێ کە مێشکمان لەوە ئەگەرێت کە مانایەکی (مطابق) بنۆزێتەوە لە پێچوپەنا کانیدا بۆ ئەو (وێنە بینراوە بەو شێوە تایبەتیەی خۆی) ٠ لێرەدا حەزم ئەکرد کە ئەو شتانەی لەبینینی وشەیەکەوە دەس پێ‌ئەکەن بەرەسمێك نیشانم بدانایە ، بەڵام نەمزانی ئایا (هاوکاری) بەبێ زەحمەتی بلاویان ئەکردەوە یا نا ، لەبەر ئەوە بەچەند خاڵێك ئەوشتانە ناو ئەنێم : (١) خوێنینەوەی وشە بەچاو یا وێنە وەرگرتنی ٠

(٢) هەست‌کردن بەبینینی وشە یاوێنە وەرگرتنی ٠

(٣) ئەو خەیاڵو وێنانەی کە ئەبنە هاوڕێی وپێوەبەستراون‌و پەیوەندن ٠

(٤) بیرکردنەوەو گەڕان بۆ مانا لە (ذاکرة)دا ٠

(٥) بڕیاردان (فکر)و ناردنی فەرمانی تێلگرافێ بۆ لەش ٠

(٦) جێبەجێ کردنی فەرمان لەلایەنی لەشەوە ٠

لێرەدا ئەبێ بزانین کە یەکەم خاڵ سەرەتایەو (بەتەنها خۆی) ئەبێتە هۆی رووداوەکانی تری، لەبەر ئەوە ئەگەر هاتو یەکەم خاڵمان گوڕی کە هۆی ئەوەکانی ترە ، واتە گەر هاتو ئەو وێنەیەمان شێوان ئەوا ئەوانی تریش ـ کە ئەنجامن بۆ یەکەم ـ ئەبێ (عقلیا ومنطقیا) بێ‌گومان هەمو بشێوێن ٠ بۆ روون‌کردنەوەی ئەمەش‌نمونەیەك لە هەمو شتێ باشترە :ـ مەڕ وشەیەکە بەکاری ئەهێنین بۆ ئەوەی کە بمانەوێ بە کورتی بنووسین : چوارپایەکی ماڵی بە خوری پۆشراو کە شیردارەر زوربەیان دونگیان هەیەو سپیشن ، وە ئێمە کاتێ چاومان بەوشەی (مەڕ) ئەکەوێت لە نووسیندا خەیاڵمان یاخود چاوی فکرمان ئەو چوارپایەمان بۆ دروست ئەکات ٠ بەڵام گەر هاتو ئێمە رۆژێ لەرۆژان بڕیارماندا کە ئەم (چوار پا ماڵی‌یەی بەخوری پۆشراوی شیردارە) بەیەکی لەم شێوازە نیشاندەین :

(MERR-MERMARR-MAR)

ئەوا لە نووسیندا وێنەیەکی جیاواز لەوینەی (مەڕ) دروست ئەکەین بۆ چاو، وە هەمەمو خوێندەوارێکی کورد ماوەیەکی زۆری ئەوێ تاکو چاوی فێری ئەم وێنە تازەیە بکات‌و چاوی (فکر)یشی رابێنی بۆ ناسینەوەی مانای وێنەکە، وە بۆراهاتن لەگەڵ هەزارەها وێنەی وادا چەند ساڵێکی ئەوێت‌و بەلکو درێژایی تەمەنیش بۆ فێربوونی هەزارەها وێنەی واو شارەزا بونیان لەرستەدا یا وتاردا ، وە ئەگەر هاتو زمانێك بە بتەوی بگۆڕین ئەوا بێ‌گومان ئەبێ‌دەس لەم دووسێ نەوەیەی ئێستەی کورد بشۆین ، یا وەك مناڵ لە سەرەوە فێری زمانەکەی خۆیانیان بکەین !! ئەمەش مامۆستا شێرکۆ بەو ئاسانیە نیە وەك نیشانەدانان لەسەر پیتە لاتینی‌یەکان !

لەبابەت (ق = Q و خ = ×) گەرچی زۆر لە زمانە ئەوروپیەکان لەجێی (ق) ئەنووسن (Q) ولەجێی (غ) ئەنووسن (جی اچ) و لەجێی (خ) ئەنوسن (کی اچ) یا (×) بەڵام کاتێ کە ئەیانخوێنینەوە هەر بە (ك ، گ ، ك) دەنگەکانیان دەرئەبڕن ، ٥ ئەمەش بێ‌گومان ئیسپاتی قسەکەی منە کە وتومە (دەنگی) ئەو پیتانە بەرەبەرە ون ئەبن وە بەهیچ جورێك نەمەوتوە کە ناتوانین پیتیك لە پیتەکانی لاتینی بۆ هەر پیتی لەم پیتانەی ئێستامان تەرخان‌بکەین ٠ هەڵە گرنگەکەی بەڕێزتان‌کاك شێرکۆ لەوەدایە کە لای جەنابتان جیاوازی نیە لە مابەینی دەنگ (کە لەزار دەر دەچێت) و مابەینی پیت (کە تەنها رەمزێکە) یاخود بە شێوەیەکی روون تر دەنگ تایبەتیە بۆ لێوو دەم‌و قوڕگ‌و گوێچکە لە کاتێکا کە پیت تایبەتیە بۆ چاو و (فکر) ٠

لەسەر خاڵی دووەمیش کاك شێرکۆ دیسان‌عاسا هەڵئەگری‌و ئەکەوێتەڕێ‌و بەگورجی ئەڵێ : (ئاسایی ئەتوانین بە لاتینی بە Asayi بنووسین ، بەڵام من نامەوی زۆر لەماوەکەم کەمەوە کەم بەدوان لەسەر ئەم خاڵە ، جا هەر ئەوەندە بە کاك شێرکۆ ئەڵێم بەو شێوەی کە ئەڵێی بینوسەو بیدەرە دەس سێ‌خاوەن زمانی ئەوروپی جیاوازەوەو داوایان لێ‌بکە بۆتی بخوێننەوەو بزانە چێ بەسەر ئەو دەنگە ناسکەی وشەکەدا دێت !!

لەسەر خاڵی سێیەم کاك شێرکۆ بڕیارێك ئەدات گەر سەدو بیست ساڵ لەمەوبەر بوایە لەوانە بوو بسان وتایە جێی ئێیەکی تێدایە ! بەڵام ئەم بڕیارە لە (١٩٧٢ز) بدرێ مەگەر یەکێ بیدات کە بە مێشکی (کوردێکی ساکاری ساوێلکەی دانیشتوی‌یەکی لە گوندە دوورەکان) فکر بکاتەوە کە بە درێژایی تەمەنی ناوی چاپ‌و کتێب‌و رۆژنامەی بەگوێدا رەت نەبووبێ ، کە ئەڵێ : ئەگەر ژمارەی پیتەکانمان بکاتە (٣٨)یش جێی لێ‌ترسان‌و سڵ‌بوونەوە نیە !

لای‌مامۆستا شێرکۆ مەبەست لە خاڵی چوارەم‌و پێنجەم روون‌و ئاشکرا نیە ، گەرچی نایەوێت بڵێ لێیان تێ‌ناگات ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەکسەر بڕیار ئەدات کە ئەمە گیروگرفتێکی زۆر گەورە نیە ٠ لەوانەیە کاك شێرکۆ هەر نەیبیستبێ (نووسینی کورت Shorthand writing) مانای چیە؟ وکەی بەکار ئەهێنرێ ؟ وبۆچی بەکار ئەهێنرێ ؟ و بریتی‌یە لەچی ؟ وەبێ‌گومان ئەوەیشی نەبیستوە کە ئەو دوو خاڵە گەورەترین (حجة) بوون بەدەس عەرەبەکانەوە کاتێ لە کۆمەڵەی‌نەتەوە یەك‌گوتوەکانیان داواکرد کە زمانەکەیان ببێتە یەکی لەو زمانە دان پیانراوانەی جیهانی کە لە وێدا بەکار ئەهێنرێن ٠

گەرچی خاڵی شەشەم لای کاك شێرکۆ رونە ـبە گوێرەی نەچونە ژێری ئەوەی کە لێی تێ‌نەگەیشتوە ـ بەڵام بۆمان دەرئەکەوێ کە بە درێژایی تەمەنی خوێندەواری خۆی لاپەڕەیەکی بە پیتی لاتینی لە هیچ زمانێکدا رەش‌نەکردۆتەوە، ئەگینا نەی ئەووت : (نووسین ئەگەر بەپیتی عەرەبی بێ یا لاتینی هەر نوسینە ئیتر بۆ سێ‌یەکی کاتی نووسینەکە زیاد ئەکات ؟!) ئەمە هەر وەکو قسەی رەنجبەرێکی ناشارەزا وایە کە بڵێ : جووت هەر جووتە ئەگەر یەك گاوەستن‌و ئەگەر سێ‌گاوەستن !!! خۆ نووسین بە زمانی (چین)و (یابان)یش هەر نووسینە ، بەڵام هەتا چینی‌یەك چوار دێڕ ئەنووسێ من‌و تۆو عەرەبێك ئەتوانین‌لاپەڕەیەك‌رەشەوەکەین‌و لەوی ئەویش بۆ زانای خۆی باشتر بخوێنرێتەوە ! بەڵام یەکێ کە نەزانێ نوسینی کورت چیەو بۆ بەکار ئەهێنرێت بێ‌گومان نایشزانێ بۆ بەلاتینی نووسین کات زیاتر ئەبات ٠٠ وە ئێستەش زۆر درەنگ نیەو ئەتوانێ خۆ بەخۆی خۆی ئەمە تاقی‌کاتەوە ٠٠ تاکو ئەوجا لە جیاتی دانانی یەك نیشانەی پرسیارو تەعجب بۆ سەر سوڕمان (؟!) لە قسەکەی من ئەتوانێ پێنج شەشێك بۆ بێ‌خەبەری خۆی دابنێ ٠٠٠

ـ ماوینی ـ

مێژوی هونەری شانۆگەری

دەنگ گەورە

من خوم پارسەنگی وتارەکەی پیشوم گرتبوەوە ٠ مەبەستم لە ریشاڵی باسەکە ئەوە بو کی لەو رووەوە شارەزاییەك لە خویا شك ئەبا بیخاتە کۆڕی هەڵسەنگداننە وە لە پریاسکەدا ئەی‌شاریتەوە هەر وەکو لە لە سەرەتاوە دەست نیشانم کردبو لەبینە رو میژوی هونەرو دەست پێ‌کردنی دوابوم زور وردەکاریم تیا بەکار نەهینابو چونکە هەریەکی لەو خاڵانە لە ناومروکا پیویستی بە لێکولینەوەیەکی دوورو درێژ هەیەو وەهەر یەکەیان ئەبێ بەجیاوازی جۆگە لە سەرچاوەیان هەڵگیرێ بو ئەوەی ئەوەی داهاتو بەکێشەی میژوی هونەری شانوگەرییەوە ماندو نەبێت وە لە گرێ‌وگولە بە سەرچوەکانی سەدەی رابردو حالی ببی بەڵام کاك فاضل قصاب لە ژمارەی (١١٧)ی هاوکاریدا سلاوی پارسەنگەکەی دابومەوە چوبوە باسەکەوە کە گوایە ئەبو کاوەی ئاسنگەرو بو کەبەبارانی‌و زن گواستنەوەی کوردەواریم بکردایە بە سەرەتای ووتارەکەم ئەگەر چی من بەش بە حالی خوم حەز ئەکەم نوسین‌و بەرهەمم لە بازاری رەخنەدا لەبیژنگ بدرێ‌و ناوکە ریژو تەتەڵە والا بیژبکرێ بو ئەوەی هونەری شانوگەری وەکو هونەری هەلبەستو پەخشان‌و گۆرانی‌و موسیقا بەشیك لە هەستی نەتەوەکەمان داگیر بکاو لە ناخی بینەراندا جێی خوی بکاتەوە ئێمەش بەریزی کاروانی میللەتانی بیش‌کەوتو بکەین ٠ ئینجا لیرەدا نامەویت لە سودو کەڵکی نوسینەکەم لابدەم لەگەڵ کاك قصابدا بکەومە گیرەو کێشەوە تەنیا هەر ئەوە ئەلیم ئەگەر بهاتایە سەبرو فویەکی بە کاربهینایەو بەزرنگی خوی نیوەنگلانایە لەسەر تیشکی رۆناکی هیندی سەرنجی‌هونەری بە میژوی رابوردوی شانۆگەریمانا بکەرایا هەر ئەوە ئەبوە هوی پرکردنەوەی هیندی بوشایی لە نوسینەکەی منو لە هەمان کاتدا ئەبوە رەخنەیەکی زانایانە ٠

بە وتاریکی پرماناش ئەقوڕایەوە چونکە پاڵاوتەی مەبەستەکەم لە هەلسەنگاندنا بەلای خومەوە هەر ئەوەبو کە بە گشتی هەموو هونەر شوناسەکانی کەرکوك‌و هەولێر هەمو ناوچەکانی کوردستان دەست لەم هەویرەدا بشێلن بارستایی زانینی خویان لەسەر لاپەڕەی رۆژنامە کوردیەکان بنوسن ئەو ساکە بە کومەکی گشت لایەك باری‌راست‌و چەوتی بەلایەکدا ئەخرێ هەروەکو لە پاشکۆی وتاری پیشوما دەست نیشانم کردبو ئەگەر هەمو تیکرا ئەوانەی خویان بە هونەر شوناس دانەنێن لەگەڵ تیپە هونەریەکاندا ودەستی نوسەران‌و رۆشن‌بیران‌و کومەلی موسیقاو رێك‌خراوە نیشتمانیەکانا بو پیکەوە نانی داوو دەستگایەکی هونەری تێ‌بکۆشین لە چوارچیوەی هاوبەشیدا هەر بەشەش لەقەوارەی خوێدا دەستمایەیەکی بو تەرخان‌بکەین بە گشتی ئەرکی بخەنە سەرشانیان لەو باوەرەدام ئەو کاتە لە توانایاندا ئەبێ کە بەسەر هەمو کوسپێکی هونەریدا زاڵ‌بن بەکومەك ئەتوانین ئەم ئاواتانە ببینە دی ٠ دروست کردنی یەکیەتی‌یەك بو هونەرمەندانی کورد ٠ ئەمیش یەکیکە لە دەنگی ئەو رستەیە کە ئاواتی داهاتومان بوی بە داخەوەیەویە بەردی بناغەی کوشك‌و تەلاری هونەریمان ئەژمێرێت لەری چەسپاندن‌و رازانەوەی مافە رەواکانی هونەرمەندانەوە ٠ بەشی زۆری کارو فەرمانی‌هونەریمان دینەرێ ئەم پاشا گەردانیەی ئەمرو کە هەرکەس بە ئارەزوی خۆی ئەکاو بەزورە ملێ جڵەوی‌دەستی رویشتویی بەکاردێنی بو نیازو مەبەستی خۆی تێ ئەکۆشی ئەو کاتەرێڕەوێك‌بۆ پێشکەش‌کردنی چێرۆك دائەنرێ شان بەشانی نرخی ئازادی‌و جەنابی موفەتیش و شایی خویناوی هتد ٠٠

چیروکی خومالیمان نەگاتە رادەی رەزامەندی میللەت‌و وە هەستی بینەرانیش لەگەڵ پیشکەوتنی ئەونیازانەدا ئەروا کە لەوەو بەر هونەرمەند پیا رۆیشتوەو تیا قاڵ‌بوەیان نەبونی شانۆ کە ئەمەش یەکیکە لە تەگەرە لاسەنگەکانی ئەمرۆمان کە بەستراون بەهەمو بەشەکانی ژیان‌و گوزەرانی هونەرمەندان‌و پیش‌کەوتنی هونەرو سەرەتای نوسینی چیروك ٠ دوپات کردنەوەی هەرچەندە وەك خەرەکی لێ هاتوە ئەگەر بڵێین لە چوار چیوەی هەمو کوردستانا شانویەکی ئەو تومان نیە کە مەرجی هونەری تیابێ ٠٠ یان نەبونی ئافرەت لەکۆڕی هونەرو مەیدانی شانۆگەریدا ئەمیش ئەگەر لە تەگەرەکانی تر زیاتر نەبێ کەمتر نیە کە ئەبو هەستی سروشتی کە ژوکیۆ وچیای رەنگاو رەنگو دیمەنی رازاوەی جلوبەرگ‌و رەوشتی فولکلۆری

بڕوانە ل : ٧

بەهەشتی کوردستان

دەڵێن‌ئەمرۆ بەهارە ،خۆشە،سەرما تەشقی دەشکێنێ
لەژێر پەردەی زەوی مل‌کەچ‌وەنەوشە سەر وەدەردێنێ
بچۆ سەرجۆگە بڕوانە کە‌تارای زەردوسوری چۆن
بەخۆی داداوە وەك بوکێ‌کە خۆی بۆ کوڕ وەرازێنێ
بەیانی زو خوناوك دێ ، دەچێتە سەر سەروچاوی
هەڵاڵەو سۆسن‌و شەوبۆ ،ونیرگس چاوی هەڵدێنێ
لقی داران بەمل یەکدا دەچن‌وەك زولف‌و ئەبرۆی یار
وەرە : بروانە با چۆن بسکی‌ئەو دارانە دادێنێ
هەمو شیوو خرودوڵێ بەباوەش ئاوی پێ‌دادێ
ئەوەند شیرین‌و دلگیرە دڵی‌سۆفیش دەبزوێنێ
پەڵەکەرەش کەوتە کویستان‌وزەوی خاڵ‌وبەڵەك بو ، جا
گژوگیاو پنگ‌و ڕێواس وردەوردە سەر دەجولێنێ
کوڕە کوردە ، دەچێ پەرگەلەسەر بەفری زەوی داوێ
کچە کوردیش دەچێ چەپکێ‌گوڵی بەدیاری بۆدێنێ
شەماڵ کاتی بەیانی دێتە سەر ئەو باخ‌وگوڵزارە
دەیان لەرزێنێ وەك دایکێ‌کە لانکەی کۆڕبە ڕاژێنێ
بەروژ بڕوانە ئەو دەشت‌وکەژو کێوو چیاو هەردە
وەکو تاوس لە ناکاو خۆدەگۆڕێ ، رەنگێ دەنوێنێ
هەور ڕەشپۆشە ، دەشرێخێنێ ، دێ گرمەی ، دەدا بروسکە
تەمەزمۆ دێ دەچێ باوەش لەئەستۆی کێوی وەردێنێ
کوڕوکچ دەچنە کوێستان بۆکوڕادەو کەنگرو ڕێواس
هەرایە ، گرمەیە ،هەر کەس‌بە ئاوازیکی دەخوێنێ
کەسێك نەی‌دیبێ وەك (شلماشی) نازانێ کە کوردستان
بەهەشتێکە سەعاتی ساڵێ‌عومری هەندەران دێنێ

پاشماوەی : پێشوازیشاو ...

پارکی ڕەی ، کندی تا ئایزەنهاوێر و جادەی فرۆکەخانە هاتوچویان تیدا قەدەخە کرابو . سەرەرای هەموی ئەو تیبینیانە نیکسون ترومبیلی تایبەتی لە ئەمریکاوە بۆهاتبو .

دیارە ترومبێلەکە لەوانەیە کە گوللە کاریان لێناکا و هەرچەند (شاهەنشای ئاریامیهر)یش لەوانە زۆری هەیە ، بەلام ئەگەر لێمان تووڕە نەبێ دەڵێین نیکسون متمانەی بەویش نەکردبو . چونکە ئەو حیسابی وردی هەیە ، دەزانی خۆشی چی‌لەگەڵ خەڵکی ئیران کردوە و حەمەرەزاشاش چی بەسەر هێناون کە وابو زۆر وێدەچێ ترومبێلەکەی شاهەنشا شتێکی لەگەڵ کرابی .

ئەوانە گوشەیەکی چکۆلە لە بەرنامەی پێشوازی لە سەرکۆماری ئەمریکا کە رادیۆی تاران بڵاوی کردونەوە . دیارە تائێرە و دەئەوەندە و سەرئەوەندەی تریش بەرنامەی پیشوازی شایە . جا با بزانین خەڵکی ئیران چونیان پێشوازی لە (میوانە بەریزەکانی) شا کردوە . وا چاکە ئەویش هەر لەزمانی قسەکەری رادیوی تاران ببیسین کە نیوسەعات پاش رۆیشتنی نیکسون بڵاوی کردەوە .

وەك لەپێشەوە گوتمان تەنانەت چاخواردنەوە و جگەرەکیشانی (اعلیحضرتین و میوانەکاین)ن لە عەینی دەقیقەدا بڵاو کراونەوە ، بەڵام نیوسەعات پاش رویشتنی نیکسۆن رادیۆی تاران لەسەد یەکی ئەو کردەوە شورشگیرانە کە نیشتمانپەروەرانی ئیران لەدژی سەفەری نیکسۆن کردویانە بەم چەشنە باس‌دەکا :

(سەر لەبەیانی ئەمڕۆ لە سێ‌شوێنی تاران بەهۆی هیندی کەسی خەڕاپکار و تیکدەرەوە تەقینەوە ریکخرا ، سەعاتی ٤٥ر٥ی بەیانی لەنیزیك ادارەی اطلاعاتی ئەمریکا بۆمبایەك تەقیەوە کە بو بەهۆی شکان و هەڵوەرینی شوشەی پەنجەرەی خانوبەرەکە و سەعاتی ٧ر٣٠ بەیانی ترومبیلیکی موستەشارانی ئەمریکا کە پیشان تەقەمەنی تێخرابو تەقیەوە و ژنێك و کچێك کە بەوێدا دەڕۆیشتن کوژران و شۆفیری ترومبیلەکە و ئەوانەی سواریشی بون بریندار بون کە دەسبەجێ بۆ نەخۆشخانە بەرێ کران و سەعاتی ٨ی بەیانیش لەشەقامی شهرری تەقینەوەیەك بو کە هیچ زیانێکی نەدا . سەیر ئەوەیە ئەو خۆفرۆشانە ئەوەندە بێ‌مێشکن کە پاش شەش‌حەوت سەعاتیش درۆیەکەیان وا ڕێکوپێك نەکردوە هەمو مندالیك تێی‌نەگا . ترومبیل تەقیوەتەوە ، ژنێك و کچیك لەوبەری شەقامەکە کوژراون بەڵام موستەشارانی ئەمریکایی کە لەناو ترومبیلە هەڵتەکاوەکە دا بون گوللەبەندیان پێوە بوەو بە عاستەم بریندار بون و هیچ مەترسیان لێ‌ناکرێ لە ادارەی اطلاعاتی ئەمریکا بۆمبا تەقیوە، هەموشوشە پەنجەرەکان هەڵوەریون ، کەچی ماشەڵا ئەوهەمو خەڵکەی تیدا بوە روشاڵیان لێ‌هەڵنەبوە . بەراستی بێ‌شەرمیش رادەیەکی بۆ دانرێ باشە .

ئەمجار ئەوە هەمووی قسەی میکرۆفۆنە بەکریگیراوەکانی دەربارە . هەرعەینی رۆژ هەواڵدەری رویتێر خەبەری دا کە تەقینەوەیەك سەعاتێك پیش‌چونی نیکسون بۆ سەر گۆری رەزاخان لە تەنیشت قەبری رەزاشا و لەسەر ریگای نیکسون روی داوە و هەر لەبەر ئەوەش نیکسون ٤٠ دقیقە پاش سەعاتی دیاری‌کراو چۆتە ئەوێ . دیسانیش ئیمە لە تاریکێین ، بێ‌گومان مەسەلەکە زورزۆر لەوەش گەورەترە و کورتەی قسە ئەوەیە گەلانی ئیران راپەریونو چیدیکە ریگا نادەن نیکسون و میسکون گاڵتە بەچارەنوسیان بکەن .

نیکسون لەوتاری خۆی‌دا لەتاران دەڵی پێشوازیەکی گەرم کە لەمن کرا ، هیچ‌کاتیك لەبیرم ناچێتەوە . روژیکی خۆش و هەوایەکی ساف و ئاسمانیکی هەساو بوو ، دەیان هەزارمندال کوروکچم دەدی کە ئاڵای ئەمریکایان بەدەستەوەیە . ئەوە زۆر کاری تێ‌کردم . پیتان سەیر نەبێ ، قسەی نیکسون راستە .

چونکە وەك لەپیشەوە گوتمان بێجگە لە مەئمورەکانی سوپا و ساواك و ژاندامری ریگای هیچ‌کەس نەدراوە بە شوێنی تێ‌پەڕینی نیکسون‌دا رابڕێ . و تەنیا مندالی ٧-١٠ ساڵەی مەدرەسە بوون ، کە ریزیان کردون و ئاڵای ئەمریکا کە بەراستی نیشانەی روتی و هەژاری و بەدبەختی خۆیان و هەموو منداڵانی ئیرانە داویانە دەست و هەرمندالێك ئازاشە با بڵێ نایەم تا لەوئاخری ساڵەدا و لەوسەروبەندی ئیمتیحانەدا لەمەدرەسە وەدەری بنێن و رەنج‌بەخەساری بکەن .

رادیو تاران لەئاخری باسەکەی سەفەری نیکسۆن‌دا قسەی قسەکەریکی ئەمریکایی باس دەکا کە دەڵێ ئەوجورە رودداوانە کار ناکەنە سەر پێوەندی ئیران و ئەمریکا و ئەمریکا دیسانیش ئیران بە نیزیك‌ترین دوستی خۆی دەزانێ و هەروەك پیشو پشتیوانی لێ‌دەکا دیارە :

مەبەستی قسەکەری ئەمریکایی ریژیمی شا و ئیمپریالیزمی ئەمریکایە کە نیزیکترین دوستی یەکترین . ئەو زۆرباش دەزانێ کە ئەو فیداکارانەی لەناوجەرگەی تاران‌دا هەرروژی بنکەیەکی ئەمریکایی دەتەقێنەوە ، دوژمنی هاوبەشی شا و ئاغائیمپریالیستەکانی شان و کەوابو چارەنوسی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و کونەبەرستی ئیران بەیەکەوە بەستراوە و کردەوەی شەرشگیرانەی ئەو هەزاران نیشتمانپەروەری شا و کاربەدەستەکانی بە پیاوخەراپ و تروریستیان ناو دەبەن ، نوانی شا و نیکسون نیکنادا .

ئەوە تەنیا راپورتیکی سەفەری نیکسون و چونیەتی پێشوازنی شا و خەڵکی ئیران لە سەرکۆماری ئەمریکا بو . جاریکی‌تر بۆ لێکدانەوەی مەبەستی سەفەری نیکسون لەسەر لایەرەکانی هاوکاری باستان بۆ دەکەین .

پاشماوەی : گاوگەردونی‌شا ..

سێ‌جزیرە عەرەبیەکەی دەراوی‌خەلیج بەشێك لەو نەخشە استعماریەیە .

مەبەستی سەفەرەکەی نیکسونیش هەر بۆبەهیزکردنی ئەوپەیمانە دەستدرێژی‌کەرانە و سەقامگیرترکردنی پێگە نیزامیەکانی ئەمریکا لەئیران‌و دەست‌بەسەرداگرتنی ئازادی و سەربەخۆیی سیاسی ئیران و بەتاڵان‌بردنی سەروەت و سامانی خەڵکی رەش‌وروتی ئیرانە .

پاشماوەی : دەست خستنەوەی مافێکی رەوای گەل ..

دەسەلاتی دوژمنانی گەلان‌وداگیرکەران‌و تالان‌کەرانی سامانی گەلانی ژیردەستەونیوەژیردەستەو تازە رزگاربو .

بێ‌گومان بەمولکی گەل‌کردنی کومپانیای ئەوتی عیراق خەباتی رزگاری هینەری گەلان بەهەنگاوی گەورە بەرەوپیش ئەبات ، ئەو زیرەی لە نەوتی عیراقەوە ئەچوە گیرفاتی سەرمایەدارە مونوپولیەکان‌و ئەبو بەتوپو فروکەو تەقەمەنی بۆ داگیرکردنی گەلانی دنیاو هەرەشە کردن لە ئاشتی جیهان ، لەمەولا ئەبێ بەخیرو خوشی بو گەلی عیراق‌و بەچەلی دەست شۆرشگیران دژی ئیمپریالیزم‌و نوکەرانی .

ئەمە بەگشتی ، سەبارەت بە گەلی کوردیش هەمو ئەزانین‌و نیوە سەدەیەك ئەبێت روژنامەی (دیلی ورکەری) پارتی کومونیستی‌ئینگلیزی ئەو راستیەی ئاشکراکردوە کە نەوتی کەرکوك هوی لەناوبردنی هەقە نەتەوایەتیە رەواکانی گەلی‌کورد بوەو مایەی ساتو سەوای‌دەولەتە ئیمپریالیستەسەرکەوتوەکان بوە بۆ پێ‌شێل کردنی هەقی گەلی کورد کەچارەنوسی خوی بەدەستی خوی دابنێ . هەر لەسەرئەم سیاسەتە گەلاوەی ئیمپریالیستەکان بو کەنوکەرانی بێگانە تا شۆرشی پیروزی ١٤ی تەموزی ساڵی١٩٥٨رێ‌گری‌دەستخستنەوەی هەقی نەتەوایەتی گەلەکەمان‌بون‌و دروست‌کەری ناکوکی‌و ناتەبایی نێوان گەلی کوردوعەرەب بون کە ئیستەش هەر دوگەل بەدەست پاشماوەی‌ئەو سیاسەتە رەشەوەئەنالێنن لە بریتی ئەوەی نەوتی ولاتەکەمان ببوایە بەخێرو خوشی‌و بەختیاری‌و گوزەرانی‌ئاسودەکەچی ئیمپریالیستەکان کردیان بەتەوق‌و خستیانە گەردنی گەلە تیکوشەرەکەمانەوە .

بویە بەبروایەکی قایمەوە سەندنەوەی نەوت‌و رزگارکردنی ئەم سامانە بەنرخەی گەلەکەمان لەدەست کومپانیاکانی بیگانە بە لەرەگوریشە هەلکیشانی ستراتیجی چارەنەکردنی مەسەلەی کورد ئەزانین .

وە هەر لەم سەرچاوەراستەیشەوە تیکوشەرە پیشکەوتن خوازو نیشتمان‌پەروەرەکانی‌کورد هەلویستی خویان بەرامبەر ئەم هەنگاوەپیروزە نیشانە ئەکەن‌و لە چوارچیوەی لیکدانەوەیەکی‌عیلمی وادا سنوری خەباتی شۆڕشگیرانەی خویان ئەکیشن .

ئیتر با هەمو لایەك‌زیاتر لەجاران چاکی خەباتی شۆڕشگیرانەی لێ هەلکات ،فیداکاری‌و لە خۆبوردن دروشمی ئەگورراوی کاری‌روژانەمان بیت لە پیناوی دریژەدان بەتیکوشانیکی‌ریکوپیکی یەکگرتو ، لە پیناوی پتەوکردنی سەربەخویی سیاسی‌و رزگاری تەواوی ئابوری‌و جێ‌بەجێ کردنی هەقە نەتەوایەتی‌و دیموکراتی‌و مروڤایەتیەکانی‌هەر دوو گەل‌کوردو عەرەب‌و کەمایەتیەکان ، لەپیناوی ژیان‌و گوزەرانیکی خوشی‌و دوا روژیکی باشترا .

پایەدار بیت خەباتی‌سەرکەوتوانەی گەلەکەمان لە پیناوی جیگیرکردنی بەمولکی گەل‌کردنی نەوت . شەرمەزاری‌و سەرشوری بۆئیمپریالیزم‌و نوکەرەکانی .

پاشماوەی : ناوەرۆك ..

کەوابوو ، مەسەلەکە بەتەنیا تازەیی‌و کۆنی‌و داهێنان نیە و بەستراوە بە چەند لایەنێکی شاعیر خۆیەوە .

« ماوتسی تونگ » لەم بارەیەوە ئەڵێت .. هەڵوێستی نووسەرو ڕێبازە سیاسی‌یەکەی‌و وەرگرتن « تقبل » وتێگەیشتنی بەرهەمەکە لەلایەن خەڵکی‌یەوە .. ئەمانە تێکڕا بەستراون بەیەکەوە بۆ سەرخستنی تەقەللا ئەدەبیەکانی .

کەواتە چونیەتی بیرکردنەوەی نووسەرو ناوەرۆکی بەرهەمەکەی بیەوێ نەیەوێ بەندە بەئایدولوژی‌یەکەوە ، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەو ئایدولوژی‌یەتە پێشکەوتوو شۆرش‌گیرانە بێت ، ئامانجی گۆڕانێکی بنچینەیی بێت لەهەموولایەنەکانی ژیان‌دا ، بۆ دامەزراندنی رژێمێك کەلە سایەی‌دا مرۆڤ بحەوێتەوەو رزگاری بێت لەدەست چەوسانەوە هەر نووسەرێك لەم ئایدولوژی‌یەتەوە نەنووسێ‌و تەماشای کۆمەڵ‌و گیروگرفتەکانی نەکات ، نەك نووسەرێکی هەڵاتووە لە واقیعی ژیان بەلکو خەلکیش بەخۆیەوە هەڵ ئەخەڵەتینێ .

جەزای جوانەمەرگ

« جەزا »ی جوانە مەرگ‌لەپڕ دەردی دڵ لەکام لاوە هات تۆی خستە ژێر گڵ کۆچی دواکۆچت تێ‌پەڕبوو لە ساڵ لاوی نەو نەمام پڕ عەقڵ‌و کەماڵ بە نامرادی سەری نایەوە ؟ خوشی نەبینی‌و نەحەوایەوە ماڵ ئاوایی کرد لە خزم‌و خویشان هەموو دڵ‌گیرو پەست‌و پەریشان بە مەرگت (جەزا) نەماوە هۆشم رۆژو شەو دایم زووخاو ئەنوشم رۆڵەی شیرینم ئازیزم (جەزا) چیم دەسەلاتە رەزام بە رەزا

دایکت ئامینە

پاشماوەی : گۆشەی‌تەندروستی

زیرابیشدا پیویستە . دوای ئەمانە هەر شەش مانگ جاریك کوتان بە دەرمانی دژی رشانەوە بایەخیکی زوری هەیە بۆ بەربەرەکانی ئەم نەخوشیە سامناکەو خۆپاراستن لە مردن .

پاشماوەی : مێژووی شانۆگەری

نەتەوایەتیمان ئەو ئەرکەی نەهینایە ریمان .. دیسانەوە ئەمەش هەر لەرێگای یەك‌گرتنی تیپەکان‌و هونەر شوناسەکانەوە دیتە دی ... مانگەشەوی سەر لە ئیوارەمان وا پیشان ئەدا دورەپەریزی ئافرەت لە ئەنجامی کردەوەی خراپی هەندێ هونەرمەندەوە دروست بوە بە تایبەتی‌ئەوانەی بو مەبەستێکی تایبەتی خۆیان ئەچنە کوری ئیشەوە ... بیجگە لە مانەش هات‌و هاواری ئەکتەرو دەرهینەرو هونەر شوناسەکان لەولاوە بوەستی کە بەگشتی ئەڵێن نوسەرمان نیە . بەڵام پەرەسەندنی چاپەمەنی کوردی‌و رەش‌کردنەوەی پەڕەی رۆژنامەکان لە هەلبەستو پەخشان‌و کورتە چیروك‌و وتاری هەمەچەشنە لە بەرهەمی نوسەرەکان لە روی‌بایەخ دارو لەزەت‌و رەنگینیەوە رۆژ لە دوای رۆژ خۆی لە رادەی شانازی ئەدا . وەکو هەمو میللەتانی سەرزەوی ئەگەر ئێمەش خاوەنی زمان‌و نەرێت‌و رەوشتی تایبەتی خومان بین بەو ئاواتەش هەر ئەگەین .. ئەمانەو هێندی سەرکۆزەری کەش کە هەرکامیکیان بە جیاوازی بیگری ماوەیەکی فراوانی لە هەل سەنگاندنا ئەوێ .. ئەویش هەر لەو ریگایەوە لەگەڵ فەرمانی روژانەدا بە شیوەیەکی ئاسایی ئەبینە خاوەنی .. وەکو دەرچونی پەرتوك‌و گوفاری هونەری . بەشەکانی لە قوتابخانەکانداو سەپاندنی مەشقی هونەرو دروست کردنی ستودیوی ئیستگەیی وتلفزیونی هتد .. دیسانەوە ئەمانەهەموی بەگشتی سنگی فراوان‌و دلو دەرونی خاوینی ئەوی کە ئارەتی رەنجو تەقەلا بو ئەم میللەتە بریژی .. ئەو کومەڵە هونەریانە یەك بخاو بەروبومی نەتەوەکەمان بە ئاسۆی دواروژیکی بەختەوەر بەرێ . نەوەیەکی نۆی پی بگەینێ .. ئەگەر خوای کرد ئەو ئاواتانە هاتەدی ئەو کومەڵانە یەکیان گرت منیش زۆر حەز ئەکەم بە مجەورو زێوانی دەرگاکەیانم وەرگرن .

احمد دەنگ گەورە

بەرمایێ : گوتنەکا پێدڤی

بو نمونە ، دێ بڤێ چەشنێ هێتە نڤیسینو (هاوکاری)یێ مافێ هندێ یێ هەی کو دەستکاریێ دنڤیسینا نڤیسەڤانادا بکەتو ژ نڤیسەڤانێن هێژا بخازیت کو بڤی ئاوایی ، یان بڤێ رێ بنڤیسن .

١٢ ـ ئەز هیڤی‌دارم برایێن نڤیسەڤان بیرو هزرێن خو لسەر ڤێ چەندا من گوتی دیارکەن و هەر بژین .

بۆزانین

بەیانی ژمارە ـ٩ـی ساڵی ١٩٧١

لە بەرێوە بەرایەتی ئنحیساری توتنەوە

بەپێی ئەحکامی بڕگەی چوارەم لە بەندی نۆزدەهەم لە یاسایی ئنحساری توتنی ژمارە (٥٤)ی ساڵی ١٩٥٢ی دەستکاری کراو . لەسەر ئەوکیتابەی کە لە سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی کۆماری دائیرەی دارایی ژمارە (٢٩٢٣) لە ٢٠ـ٤ـ١٩٧٢ هاتوە .

یەکەم : رایئەگەیێنین کە نرخی توتن‌و تنباك‌و توتنی ڤرجینی کە لە ناو خۆدا چێندراوە لە وەرزی کشت‌وکاڵی ساڵی ١٩٧٢ بەم جۆرەی خوارەوە ئەکرێت .

أ ـ توتنی چاك‌کراو (توتنی خاو) نرخی یەك کیلو بە فلس

دەرەجەی ممتاز ـ ١	٤٠٠ چوار سەد فلس
دەرەجەی ممتاز ـ ٢	٣٦٠ سێ سەدو شەست فلس
دەرەجەی یەکەم ـ ١	٣٣٠ سێ سەدو سی فلس
دەرەجەی یەکەم ـ ٢	٣١٠ سێ سەدو دە فلس
دەرەجەی دوەم ـ ١	٢٦٠ دو سەدو شەست فلس
دەرەجەی دوەم ـ ٢	٢٤٠ دو سەدو چل فلس
دەرەجەی سێیەم ـ ١	٢٢٠ دو سەدو بیست فلس
دەرەجەی سێیەم ـ ٢	٢٠٠ دو سەد فلس
دەرەجەی چوارەم	١٠٠ سەد فلس

ب ـ تنباك

تنباکی دەرەجە ممتاز (کەشیلەو خۆیی پێوە نەبێ) هەر کیلۆیەك بە (٢٧٥) دو سەدوحەفتاو پێنج فلس .

تونکا یان شاهات	نرخی یەك کیلو بە فلس
دەرەجەی یەکەم	٢٢٠ دو سەدو بیست فلس
دەرەجەی دوەم	١٨٠ سەدو هەشتا فلس
دەرەجەی سێیەم	١٥٠ سەدو پەنجا فلس

ج ـ توتنی ڤرجینی

دەرەجە	ڤرجینی فلوکیورد فلس	بیرلی فلس	ڤرجینی سان کیورد فلس
ممتاز	٤٣٠ چوار سەدو سی فلس	٤١٠ چوار سەدو دە فلس	٤٠٠ چوار سەد فلس
یەك	٣٦٠ سێ‌سەدو شەست فلس	٣٤٠ سێ سەدو چل فلس	٣٣٠ سێ سەدو سی فلس
دوو	٢٩٠ دو سەدو نەوت فلس	٢٧٠ دو سەدو حەفتا فلس	٢٦٠ دو سەدو شەست فلس
سی	٢٤٠ دو سەدو چل فلس	٢٣٠ دو سەدو سی فلس	٢٢٠ دو سەدو بیست فلس

دوەم : کڕینی گواستنەوە لە نیوان گێلکەو شوێنی‌وەرگرتنی‌دا کە لە(٥) کیلۆمەترزیاتر بێت بەم جۆرە ئەبێت .

١ ـ (١٠) دە فلس بۆ هەر(١٠٠) سەد کیلۆگرام لە توتنی‌خۆمالی‌و ڤرجینی بۆ یەك‌کیلومەتر کە بە وڵاخ بگۆیزرێتەوە .

٢ ـ (٥) پێنج فلس بۆ هەر(١٠٠) سەد کیلوگرام لە توتنی خۆمالی‌و ڤرجینی بۆ یەك‌کیلومەتر کە توتنەکەی بە هۆی گواستنەوەی میکانیکیەوە بێت .

٣ ـ (٥) پێنج فلس بۆ هەر(١٠٠) سەد کیلوگرام لە توتنی تنباك بۆ یەك کیلومەتر کە توتنەکەی بە هۆی وڵاخ یان گواستنەوەی میکانیکیەوە بێت .

بەرێوەبەری گشتی‌و سەرۆکی ئەنجومەنی بەرێوەبردن
دکتۆر خالد الدباغ

١ـ٣

insitutkurdedeparis

گفتوگۆی هاوکاری لەگەڵ هونەرمەندانی کورد
هونەرمەند ناصر حسن

لە ستودیوی تۆمارکردنی بەرنامەکانی ئیستگەی کوردی ، چاوم پێی کەوتو پرسیارەکانم بەوە دەست پێ کرد کە خۆی بە خوێندەران بناسێنێت .

● ناوم « ناصر حسن » ە ساڵی ١٩٤٧ لە شاری خانەقین لە دایك بوم ئەکتەرو دەرهێنەری شانویم ، شەهادەتی دبلومم لە تەمسیلو دەرهێنانی شانویی‌دا وەرگرتوە ، ئێستە لەئیستگەی کوردی خەریکی دەرهێنانی بەرنامەو تەمسیلەکانی ئیستگەم .


ناصر حسن

ـ لەکەیەکەوە دەستت داوەتە هونەر ؟!

● لەساڵی ١٩٦٧ وە کە چومە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان ، بەشداری دامەزراندنی تیپی یەکیتی هونەرمەندەکانی عیراقم کردوەو لەیەکەم بەرهەمی شانویی‌دا « طنطل ـ خێو » بەشدار بوم ، جگەلەوە لەم شانۆییانەدا بەشداریم کردوە : هاملت ، دوژمنی گەل ، ئاشەوانو زۆر شانویی تر . بەرهەمی هونەریم بەکوردی ساڵی ١٩٦٩ زنجیرەی شانۆی (کاوەی ئاسنگەر) م بۆ ئێستگەی کوردی دەرهێناو « ئاگرو زەیتون »یش لەنوسینی « ئەفرید فرج » بۆ پەیمانگەی هونەرە جوانەکان .

ـ بیروراتبەرامبەر بزوتنەوەی شانۆگەری لە عیراقا چیە ؟!

● بزوتنەوەی شانۆگەری لەعیراق کەوتۆتە خۆی ، لەم دواییەدا بەرهەمی باش پێشکەش کراوە کە مژدەی دامەزراندنی بنەرەتێکی بەهێزی شانۆی عیراق ئەدات .

ـ ئەی شانۆگەری کوردی ؟!

● بزوتنەوەی شانۆگەری کوردی ساوایە ، بروام وایە سێ هوی سەرەکیش کۆسپن لەرێگای بزوتنەوەی شانۆگەری کوردی‌دا ، یەکەم : بەبونی ئافرەت ، کە تائیستە کوڕ دەوری ئافرەت ئەبینێ ، دووەم : نەبونی کادری هونەری شانۆگەری ، سێیەم : نەبونی نوسەری شانۆی لێهاتو کەبتوانی چیروکی وا پێشکەش کات لەگەڵ پێشکەوتنی بزوتنەوەی ئێستەی شانۆگەری‌دا بگونجێ . بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا دەستەیەك لاوی خوین گەرم هەوڵی دلسوزانە ئەدەن بۆ چارەکردنو لابردنی ئەم کوسپانە .

ئەگەر بەدڵسوزی دەستیان بگیرێ ئەتوانن شتی باش پێشکەش بەشانۆی کوردی بکەن .

ـ چبەرهەمێکت بەدەستەوەیە بۆ پاشە رۆژ ؟!

● دەرهێنانی شانۆی (باسێك دەربارەی ڤێتنام) لە نوسینی « بیتر فایس » کە لە میهرەجانی شانویی مەڵبەندی روشنبیری سوفیەت ، مانگی ئابی داهاتو پێشکەش ئەکرێت بێجگە لەوە ئەمەوێ بیم بە دەرهێنەری بەرنامەی تەلەفیزیونی کوردی .

ـ ئیتر بیر لەچی ئەکەیتەوە ؟

● بیر لە کارێکی هونەری شانویی گەورە ئەکەمەوە ، ئەگەر سەری گرت ، گورانێکی گەورە ئەبێت لەبزوتنەوەی شانۆگەری کوردی‌دا ، ئەو کارەش یارمەتی دڵسوزانی هونەری ئەوێت .

هونەری ئەکروبات لە چین

یاریەکانی پاڵەوان بازی کە« ئەکرۆبات »ی پێ ئەڵێن ، لە ولاتی چین هونەرێکی کۆنەومیژوی ئەگەرێتەوە بۆ ٢٫٠٠٠ ساڵ ، هەتا ئەڵێن لە سەردەمی سوڵاڵەی « ئەلهانی رۆژ ئاوادا» کە لە ساڵانی « ٢٠٦ پێش زاین تا ٢٤ی دوای زاین ماوەتەوە » ئەم هونەرە لەو کاتەوە زۆرباوبوەو هەتا ئێستەش بایەخی پێ ئەدرێت ، بەڵام هونەری پاڵەوان‌بازی لەچین ، بریتی‌نیە لە « یاری فێڵ‌بازیو شتی ئەفەنەی پرۆپوچ وەك لە ولاتە رۆژ ئاواکاندا باوە » بەڵکو تابلۆی ئەو یاریانە راستەوخو ژیانی رۆژانەی گەل ئەنویسی بە تایبەتی لەسەرەتای شۆڕشی روشنبیری پرولیتاریای کەورەوەهونەرمەندەکانی پاڵەوان‌بازی چونە ناو کۆڕی کریکاروجوتیارو سەربازەکانەوە یاریەکانیان بۆ ئەوان پێشکەش ئەکەن . هەروەکو وتمان یاریەکانیان نەك هەردورن لەخۆنواندنی بێ سودی وا کە نیشانەی درۆی بە ئاشکرا پێوە دیاربێت ، بەڵکو بریتین لە ژیانی رۆژانەی کریکاران‌و جوتیاران لەسەر شێوەی تابلۆی پاڵەوان‌بازی ، بۆ نمونە وەك لەوێنەی یەکمدا دەر ئەکەوێت ، کرێکاران بەندەرەکان چون بە ئازایانە پاپۆڕەکان بەتاڵ ئەکەن کەنمونەیەکی رەنجی رۆژانەی کرێکارانە . لەوێنەی دووەمدا وەرزی دروێنەی برنج پیشان ئەدرێت . بەم جۆرە هونەرمەندەکانی پاڵەوان‌بازی لەچین لەیاری « سیحر بازیو فروفێڵ نواندن دور کەوتونەتەوەو هونەرەکەیان بۆ خزمەتی گەل پێشکەش ئەکەن » .

لە گۆڤاری ـ الصین المصورەوە

هەرچارەی نوسینان



چۆك‌دادانی زمان لە هەورازی تاقی‌کردنەوەکانی دەرونا !

مرۆڤ هەستی بەوە کردوەکە لە وزەی زمانەوانیەوە ناتوانێ تاقی کردنەوەکانی‌جیهانی دەرونی مرۆڤ هەرو! بەرونیو سانایی بخاتە روو وە بۆ ئەوەی کە ئەدەب بتوانێ تامەزرۆیی‌و تینویەتی مرۆڤ‌زیاتر بشکێنێ ، وە بۆ ئەوەی سۆزو هەستو ئەندیشەی‌دەرون و گرێ ئاڵۆزەکانی زیاتر لەبەر خۆری زێڕینی هونەراهەڵێنجرێو بخرێتە روو ، وە بۆ پڕ کردنەوەی ئەم بۆشایی‌یەگەورەیە ، ئەدیب پەنای بردۆتە بەر رێگای جۆراو جۆرو دەربڕینی ناراستاوخۆ وە یەکێك لەو رێگایانەی پەنای دەبرێتەبەر « رەمزە » ، وە رەمز بەو گیانە ئەفسوناوی‌یەوە دەتوانێ‌زیاتر تاقی‌کردنەوەکان دەربڕێ وە گیانێکی نەمرو « شمولی »بداتە ئەدەب ، رەمز ئەو روپۆشەیە « قناع » کە تاقی‌کردنەوەو روداوەکان لەپشتیەوە دەوستن ، وە لە بەکار هێنانی‌رەمزا ئەدیبێکی کورد چەنێ بتوانێ ئەو رەمزو وێنانەی‌بەکاری دەهێنێ خۆماڵی بێت وە لەناو جەرگەو ناخی کوردەواری‌یەوە هەڵیانجێنێ ریانر سەرکەوتوتر ئەبێت وەجەماوەری خەڵکیش زیاتر چیژو تامی لێ وەر دەگرن وە ئەمرەمزو کەرەسانەی کە لەپۆریش کە وەردەگێریت پێویستە بابەتە« ئیجابی » و پیشکەوتوەکانی ببێ نەك زیندو کردنەوەیەك‌بێت بۆ نەرێتی پرۆپوچو لایەنە کۆنە پەرستیەکانی جا ئەگەرروخسار (فورم)ی ئەدەبە ـ کەمان ئەوەبێ ، پێویستە ناوەرۆکەکەی لە خزمەتو بەرژەوندی چینە چەوساوەکانی کوردابێت ، وە ئەبێت لەدەلاقەی کوردستانەوە ئەدیبەکانمان بەسەر جیهاندا بڕوانن‌و جوگەلەی هەستو بیریان‌تێکەڵ بە دەریای بێ پەیی بیری پێشکەوتوخوازی مرۆڤایەتی‌بکەن ، وە پیویستە وشەکانمان گۆرانی کۆڵ نەدان‌و نەبەزین‌بخەنە سەر لێوی نەوەکانی هاتو وە لە پێش ئەوەشدا کە بنوسین‌پێویستە بێز لەوە بکەینەوە کە ئایا ئەو وشانەی ئەینوسین کەتافرە هاوبەشی ئەکا لە گۆڕانی باری ئاڵۆزی ئەم جیهانەدا ؟!

ئەنوەر جاف

تیودۆراکیس »

دەسەڵاتداریەتی یونان فەرمانی گوناهبار کردنی موسیقاری ناسراوی یونان « میکیس تیودوراکیس »و پێنج کەسی تری سەر بە پارتی کومونیستی یونانی هەڵوەشاندۆتەوە .

ئەوەی شایەنی باسە ئەم هونەرمەندە بە تۆمەتی بەگژا چونی رژێمی سەربازی یونانی تاوانبار کرابو .

« تیودوراکیس » خاوەنی موسیقای « زوربای یونان »ی‌و « زێد » ، ئێستە لە فەرەنسا ئەژی .

زەردەخەنە

مامۆستایەکی ژن بەسەرنجی ئەڵێ :
ـ خۆزگە هەفتەیەك دایکت نەبوم ، تا نەخێ تەربیەمدا نەدای ... !
قوتابیەکەش دەمو دەست ئەڵێ :
ـ ئەی ئەگەر باوکم رازی نەبو ؟!

چوارتا مەرکەزی قەزای شارباژێر هەق وایە دەستی ئاوەدان کردنەوە زوو بگاتە ئەم قەزایەی کوردستان
دیاری ـ جمال محمد ـ زانستگای سلەیمانی

ئاهەنگی باخچەی منداڵان لە سلێمانی

● هەفتەی رابوردو باخچەی منداڵانی شاری سلەیمانی ئاهەنگی ساڵانەی گێڕاو لەم ئاهەنگەدا ، پیشانگایەکی وێنەی دەست کردی منداڵان کرایەوە ، کە بەهرەمەندی منداڵە چالاکەکانی کوردستانی نواندو لە ئەنجامیشا منداڵی زیرەك (کامی کەمال رەوف محەمەد) پاداشتی یەکەمی لە وێنە کێشانا وەرگرت . بێجگە لەمەش منداڵەکان ئاهەنگیکی قەشەنگی گۆرانیو موسیقاو تەمسیلیان پێشکەش کرد .

× ×

رشتەی مرواری

بەرگی پێنجەمی « رشتەی مرواری »ی مامۆستا عەلادین سوجادی کەوتە بازارەوە . ئەم بەرگەش وەکو چوار بەرگەکەی تری پڕە لە رووداوو قسەی خۆشی کوردەواریو باسی بەنرخ هیوادارین وەك ئەوانی تر رەواجی هەبێت .

× ×

● هەفتەی رابوردو لە کۆمەڵی رۆشنبیرانی کورد کۆڕێکی ئەدەبی رێکخرا بۆ لێکۆڵینەوەی کارتێکردنی شیعرەکانی (خانی) لە شیعری (حاجی قادری کویی)دا ، ژمارەیەك لەوانەی گرنگی ئەدەن بە ئەدەبو ئەدەب دۆستان بەشداریان تیا کرد .

× ×

کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی ـ لقی بەغدا ـ یەکەم نۆبەرەی پێشکەش کرد ، بە تۆمار کردنی تابلۆی ـ کریکارو نەوت ـ لەدانانی هونەرمەند ـ احمد سالار ـو سەرپەرشتی هونەری ـ کاك ناصر حسن ـ ، ئەم تابلۆیە شۆڕشی بەردەوامی گەلی عیراق پیشان ئەدات بەرامبەر بێگانەی داگیرکەر . ئەوەی شایەنی باسە بۆیەکەم جار شیوەی (ـ بانتۆمیم ـ بێدەنگ) لەبەرهەمێکی کوردی لەسەر تەلەفیزیون بەکار هێنراوە .

ئەم وێنەیە

دوکتور (ڤیدل کاسترۆ)ی سەرۆك وەزیرانی کوبا ، لە سەردانەکەی ئەم دواییەی‌دا لە بولگاریا ، بەشداری یاریەکی (باسکت بۆڵ)ی کردوە .

سەرنجێك

نەوت .... وەسبەینێ !

ئەگەر وشەیەك هەبێت‌هەستی خۆمی پێ دەربڕم بەرامبەر بە « میللی کردنی‌نەوت » « پیرۆزبای کردنە لە خۆم ! » ... بەڵی خۆم ...منی ..کورد .. لە«کوردستانی عیراق » ...

چونکە ... من :

سەدان ساڵە گەرای« چاوبرسیەتی » سەرمایەدارەکانی ئەو کومپانیایانە ...موروانەیەو گیانم ئەگەزێ ...

چونکە ... من :

دەستی ئەو بێگانەیەی« نەوتی رەشی بابە گورگور »ی دەر ئەهێنا ... زۆر دەمێکیشی‌بو بەدەستەکەی تری دەنگی منی خەفە کردبو ...

براکانم ....

من ... لە ناخمەوەپیرۆزبای « میللی کردنی نەوت» لەخوم ئەکەم ...

چونکە ... من :

براکانم ....

لە ناخما هەست ئەکەم ...ئەم کارە بۆ سبەینێی من ... زۆر مانای هەیە .. زۆر مانا ..گەورەترینیان ئەوەیە .. باوەرم بەو سبەینێیە زیاتر بە هیز ئەکات .. ئەیلێمەوە ...

پیرۆزبای لەخۆم .. لەتۆ ..لە .. هەموو گەلی عیراق ئەکەم ...

« من »

ئەوەی ئەیزانێ

وەسبەینێ

ئەگەر وشەیەك هەبێت‌هەستی خۆمی پێ دەربڕم بەرامبەر بە « میللی کردنی‌نەوت » « پیرۆزبای کردنە لە خۆم ! » ... بەڵی خۆم ...منی ..کورد .. لە«کوردستانی عیراق » ...

چونکە ... من :

سەدان ساڵە گەرای« چاوبرسیەتی » سەرمایەدارەکانی ئەو کومپانیایانە ...موروانەیەو گیانم ئەگەزێ ...

چونکە ... من :

دەستی ئەو بێگانەیەی« نەوتی رەشی بابە گورگور »ی دەر ئەهێنا ... زۆر دەمێکیشی‌بو بەدەستەکەی تری دەنگی منی خەفە کردبو ...

براکانم ....

من ... لە ناخمەوەپیرۆزبای « میللی کردنی نەوت» لەخوم ئەکەم ...

چونکە ... من :

براکانم ....

لە ناخما هەست ئەکەم ...ئەم کارە بۆ سبەینێی من ... زۆر مانای هەیە .. زۆر مانا ..گەورەترینیان ئەوەیە .. باوەرم بەو سبەینێیە زیاتر بە هیز ئەکات .. ئەیلێمەوە ...

پیرۆزبای لەخۆم .. لەتۆ ..لە .. هەموو گەلی عیراق ئەکەم ...

« من »

وەرد بیخوێنەرەوە

● ئەڵێن خوێندنەوە خۆراکی بیرە ، پێویستیمان پێیەتی ، وەك پێویستیمان بەخواردنو خواردنەوە هەیە ، بەم قسە ئاساییانە سودی خوێندنەوە ئەخرێتە بەرچاو ، ئەمەش راستە ، چونکە هەموو خوێندنەوەیەکی نوێ ، شتێکی نوێمان فێر ئەکات ، یان لەشتێ ئاگادارمان ئەکات ، لەوەبەر نەمان زانیوە یان نەمان بیستوە .

● بەڵام ، ئەمڕۆ چی ئەخوێنینەوەو پێویستە چی بخوێنینەوە ؟! ئەگەر مەبەستمان لە خوێندنەوە ، فێربونو شارەزا بونی زیاتر بێت ، ئەم پرسیارە زۆر پێویستە ، بەڵام ئەگەر تەنیا بۆ بەسەر بردنی کات بێت ،ئەم پرسیارە پێویست ناکات !

● کەواتە ، چی بخوێنینەوە ؟! داخمان ناچێ کورد بازاری چاپەمەنی کزە، ئەوەندە کزە لە نەبونەوە نزیکە بۆیە بەرهەمی زمانێکی تر ئەخوێنینەوە ، لەبەر ئەوە ئەوانەی سود لە خوێندنەوە وەر ئەگرن ، ئەبێ جگە لە زمانی کوردی زمانی تریش بزانن ، کەواتە ئەو کەسەی زمانێکی کە نەزانێ ، لەخۆراکی بیر بێبەش ئەبێت !! ئەی چار ؟! هەمومان زمانێکی تریش فێربین یان چار کردنەکە بەبارێکی ترابێت ؟! بێگومان جێگای خۆیەتی زمانی تر فێربین ، بەڵام جێگای خۆی نیە بازاری چاپەمەنی زمانەکەی خۆمان هەروا کزو هەژار بێت ، خوێنەرەکانمان لە (خۆراکی بیر) بێبەش‌بن .

ئەبێ چاری ئەم گیروگرفتە لای کێ بێ ؟

بازاری چاپەمەنی کوردی چۆن چار ئەکرێت ؟!

بێگومان وەڵامەکەی لای چەند لایەکە ،بەڵام روشنبیرانی کوردو رێکخراوەکانی کوردستانو دەزگا عیلمیو وێژەییەکانی کوردو پارە دارانی کورد بەشێکی گەورەی ئەم وەڵامەیان لایە ، چونکە کورد لەوە دەرچوە وەك بێچوە چۆلەکە هەر خواردەمەنی بکرێت بە دەمیەوە ، دەمێکە گەیشتۆتە ئەو پلەیەی کە خۆی نەك هەر خواردەمەنی بۆ خۆی پەیدا بکات بەڵکو هەوڵ بات خواردەمەنی نایاب‌و بە تامو خوشیش بێت . زۆر نەتەوەی لە ئێمە دواکەوتوتر چارە سەری بەشێکی زۆری گیروگرفتەکانی خۆیان کردوە ، هەر بەپشت بەستن بە تواناو وزەو دەسەڵاتی خۆیان .

مرۆڤ